WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (382) دووشەممە 2015/11/9 18ی گەلاڕێزانی 2715 (750) دینار

سەرۆکی ئەنجوومەنی ئێزدیان لە شنگال:

## لە هەماهەنگیداین لەگەڵ هاوپەیمانان شنگال بەبێ پێشمەرگە بگرینەوە

**ڕووداو- دهۆک**

سەرۆکی ئەنجوومەنی ئێزدیان لە شنگال دەڵێت بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە پارتی نادەن بە تەنیا هێرش بکاتە سەر شنگال، هەروەها دەڵێت ئێستا سەرقاڵی ئەوەن هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بکەن، تاوەکو بەبێ پارتی شنگال کۆنترۆڵ بکەنەوە.

سەعید حوسێن، هەروەها ڕایگەیاند کە لەلایەن پارتییەوە پێیانڕاگەیەنراوە هێزەکانی سەر بە پەکەکە نابێت بەشداری لەو شەڕەدا بکەن، بەڵام گوتی "ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئەوە لە پارتی قبوڵ ناکەین".

گوتیشی کە ئەوان بەبێ پشتیوانی پێشمەرگە دەتوانن شنگال بگرنەوە "هێزمان زۆرە، ئەگەر فڕۆکە بۆردومانمان نەکات، دەتوانین بە ماوەی هەفتەیەک شنگال بگرینەوە". هەروەها گوتی "ئێستا سەرقاڵی ئەوەین کە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان بکەین، تاوەکو بەبێ پشتیوانی پێشمەرگە شنگال بگرینەوە".

« 3



مەسعود ئاکداغ، خاوەنی کۆمپانیای (As Nish Research) :

### سەرمایەدارانی کوردستان نازانن پارە چییە

7

### داعش و پێشمەرگە شەڕە جنێو دەکەن

4

ڕاپۆرتێکی دەزگای میت:

### داعش لە تورکیا لە کۆنترۆڵ دەرچووە

17

پارتی: 20 هەزار پێشمەرگە ئامادەن و پێویستمان بە پەکەکە نییە

# پەکەکە: بە پارتیمان گوتووە دوای ڕزگارکردنی شنگال دەکشێینەوە

‹ 3



### 90%ی کارگەکانی هەرێمی کوردستان داخراون

8

### خوشکەکەی خۆی "لەسەر دوو سەگ" دەکوژێ

14



دڵدار هەرکی:

### پشیلەکەی شنگال

11

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (382)  دووشەممە  2015/11/9

## پایتەختی ئاشتی، کۆنگرەی ئاشتی دەبەستێ



**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

وا بڕیارە لەم هەفتەیەدا کۆنگرەی ئاشتی لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید ببەسترێ و تێیدا بانگەواز بۆ ئاشتی سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت. عەبدوڵڵا محەممەد پارێزگاری هەڵەبجەی شەهید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ئەمدواییە کۆمیتەی ئاشتییان دروستکردووە و دواتریش لە چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکەش گروپی ئاشتی دروستکراوە و گوتی "ئەو گروپانەش پێشنیازیان کرد کۆنگرەی ئاشتی لە پارێزگای هەڵەبجە ببەسترێ لەبەرئەوەی پایتەختی ئاشتییە، ئێمەش پێشنیازەکەمان بەلاوە پەسەندە و بڕیار وایە لەم هەفتەیەدا ئەو کۆنگرەیە ببەسترێ".

پارتی پێشنیازی کردووە

# یەکگرتوو وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان ڕەتدەکاتەوە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان داوایەکی پارتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕەتدەکاتەوە، هەڵسوڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێت: "پێویستە لایەنەکانی دیکە وەکو تەماشاکەر نەبن لە بەرامبەر ئەو کارە ناشەرعییانەی پارتی دەیکات". پارتیش هەڵمەتی ڕاگەیاندنی بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگرت.

### یەکگرتوو: هیچ پۆستێک پڕ ناکەینەوە

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کردووە، حکومەتێکی نوێی بەبێ بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ دروستبکەن و ئامادەشن پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیان بدەنێ. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دەڵێ: "ئەو داوایانە نافەرمین و یەکگرتوو لەگەڵ بەردەوامی کاری پەرلەمان و حکومەتە تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو".

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە سەقامگیری و ئارامی و پێکەوەژیانی سیاسیمان لە هەرێمی کوردستان لە پۆستێکی سیادی بەلاوە گرنگترە، بۆیە وەکو پێشتر ڕامانگەیاند لەگەڵ پڕکردنەوەی پۆستەکانی بزووتنەوەی گۆڕان نین چ لە حکومەت چ لە پەرلەمان، چونکە خزمەت بە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان ناکات، کە هێزێک لە حکومەت دەربکرێت و بە زۆر بکرێتە ئۆپۆزیسیۆن".

مستەفا عەبدوڵڵا پشتڕاستیکردەوە کە پارتی داوای لێکردوون پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەربگرن، بەڵام دەڵێ "ئەو داوایانە بە فەرمی نەبوون، بەڵام وەڵامی ئێمە ڕوون و ئاشکرایە کە پێویستە پەرلەمان و حکومەت ئەم خولەی خۆیان تا هەڵبژاردن تەواو بکەن، دوور لە موزایەدە یەکگرتوو یەکریزی نیشتمانی لە وەرگرتنی پۆست و پلە پێ گرنگترە، بۆیە لەگەڵ بەردەوامی حکومەتی بنکەفراوانین لەسەر کارەکانی خۆی".

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک تۆماری دەنگی کە پارتی بانگەشەی بۆ دەکات کە ئەو دەنگانە هی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بن و هانی توندوتیژی داوە، پەیوەندی ئەو دوو حیزبە لە ئاستی ڕاگەیاندنەکان بەرەو گرژییەکی زۆرتر ڕۆیشت.

### "ڕاگەیاندنی پارتی کۆمەڵگە دەشێوێنی"

کاردۆ محەممەد، هەڵسوڕاوی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو هەڵمەتە ڕاگەیاندنانەی پارتی هەموو سنوور و پرەنسیپێکی کاری میدیایی و ئەخلاقی تێپەڕاند، بەڕاستی ئەوەی ڕاگەیاندنی پارتی دەیکات شێواندنی کۆمەڵگایە و جێگای پرسیارە کە پرسە و ناکۆکییە سیاسییەکان بەشەخسی بکرێن و بەمشێوە ناشیرینە پەلاماری کەسایەتی کاک نەوشیروان مستەفا بدرێت کە هەموو تەمەنی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە سەربردووە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

دەستپێشخەرییەکەی سەلاحەددین بەهائەدین بۆ هێورکردنەوەی هەڵمەتی ڕاگەیاندنی نێوان پارتی و گۆڕان، چەندین کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لایەن و حیزب دەستپێشخەری و داوایان لەو دوو لایەنە کرد کە ئاشتی کۆمەڵایەتی بپارێزن. یەکێک لەو کەسانە سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بوو کە دوور لە چاوی میدیاکان لەگەڵ هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبووەتەوە.

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو سەبارەت بەو دەستپێشخەرییە دەڵێ: "جەنابی مامۆستا لەگەڵ کاک مەسعود و کاک نێچیرڤان بارزانی جەختی لەسەر هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و ڕاگرتنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن کردبوو، چونکە مەترسی لە سەر ڕێکخستن و ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبە دروست دەکات و دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزتر دەبات، مامۆستا سەلاحەددین هەر لەم هەوڵەیدا لەگەڵ کاک عومەری سەید عەلی و مستەفا سەید قادر کۆبووەوە بە تەلەفۆنیش قسەی لەگەڵ کاک نەوشیروان مستەفا کردبوو، هەموو لایەک ئامادەییان لەسەر هێورکردنەوەکە دەربڕیوە، لەبەر ئەوەی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە خزمەتی هیچ لایەنێک ناکات".

### داوای دەستپێشخەری لە بارزانی دەکرێت

جگە لەم هەوڵانە بارزانی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لەگەڵ هەریەک لە فەرەیدوون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووتری مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ژمارەیەک کەسایەتی و پیاوماقووڵ و ڕیش سپیی دەڤەری سلێمانی و گەرمیانیش کۆبووەوە، داوایان لە بارزانی کردووە کە دەستپێشخەرییەک بکات و داوا لە هەموو حیزبەکان بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکدی کۆببنەوە و کۆتایی بە گرژی و قەیرانی سیاسی بهێنن و بە برایەتی و تەبایی لەسەر ڕێگەچارەیەک بۆ دۆخی ناهەمواری کوردستان ڕێکبکەون، هەر وەک ماڵپەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردووەتەوە.

لە دوایین ڕۆژی دیداری مێری لە هەولێر، هەر یەک لە عەلی باپیر ئەمیر کۆمەڵی ئیسلامی و عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی داوای دەستپێشخەری و هاتنە سەرخەتیان لە بارزانی کرد.

### پارتی هەڵمەتەکەی ڕاگرت

پارتی دیموکراتی کوردستان کە چەند ڕۆژێکە هەڵمەتێکی توندی دژی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕاگەیاندنەکانی دەست پێکردبوو، شەوی ڕابردوو بە بڕیارێکی مەکتەبی سیاسی هەڵمەتەکەی ڕاگرت.


د.سالار عوسمان، ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕاگرتنی ڕاگەیاندنی تۆمارە دەنگییەکان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتییە وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ داوای لایەن و کەسایەتی نیشتمانپەروەر تاک لایەنە و بەبێ مەرج هەڵمەتی ڕاگەیەندنمان وەکو پیشاندانی نیازپاکی ڕاگرتووە، بەڵام لە کات و ساتی خۆی وەڵامان بۆ هەر هێرشێک دەبێت".

د.سالار عوسمان گوتی "ئەوەی ڕاگەیاندنی پارتی کردی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی سەرکردایەتی حیزبەکەمان بوو، پارتی حیزبێکی یەکگرتوو و خاوەن یەک بڕیار و یەک ئاراستەیە. هەر کاتێک پارتی هێرشی بکرێتەسەر، ناچارین تۆماری دەنگی زیاتر بڵاوبکەینەوە، چونکە پارتی حیزبێکە بە زمانی بەڵگە قسە دەکات، بەڵگەی زیاتریشی لەلایە".

بەپێی ڕاپۆرتێکی دوو پەرلەمانتار:

# 2 ترلیۆن و 11 ملیار دیناری خەڵک کە لە بانک دانراون، خەرجکراوە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر



دوو پەرلەمانتاری پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێکیان لەسەر ڕەوشی دارایی هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە و دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی مانگانە کورتهێنانی نەبێ لە خەرجییەکاندا، مانگانە پێویستی بە نزیکەی 250 ملیار دینار هەیە، جا چ لەڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت بێت، یان زیادکردنی داهاتەکان.

ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن گۆران ئازاد پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی و فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری پارتی ئامادە کراوە. ئەوان باس لە هۆکاری پابەندنەبوونی هەولێر بە ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ بەغدا دەکەن و دەڵێن "لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە مانگی ئایاری ئەمساڵ ڕۆژانە (550) هەزار بەرمیل نەوتی بە تەواوی بۆ سۆمۆ نارد، بەڵام بەغدا تەنیا (508) ملیۆن دۆلاری بۆ هەرێمی کوردستان نارد لەو مانگەدا، ئەگەر هەرێمی کوردستان بەردەوام نەوتی ناردبا، بەغدا هەر ئامادە نەبوو مانگانە ترلیۆنێک و 200 ملیار دینار بۆ کوردستان بنێرێ".

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە گرێبەستێکی حکومەت کراوە لەگەڵ دوو کڕیاری نەوت کە دەبێت هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 525 هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێت و دواتر ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە و لە کۆتایی ساڵ دەبێتە 600 هەزار بەرمیل، لە حوزەیرانی داهاتووشدا دەگاتە 750 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

لە بەرامبەردا کڕیارەکان مانگانە بڕی زیاتر لە 800 ملیۆن دۆلار بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکەن. ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێ ڕۆژانە 90%ی ئەو نەوتەی لەسەری ڕێککەوتوون بنێرێ، ئەوا کۆمپانیا ئەو بڕە پارەیە هەر دەدات، بەڵام ئەگەر نەتوانرا ڕۆژانە ئەو بڕە بنێرێ، ئەوا چەند بەرمیل نەوت ڕۆیشتووە کۆمپانیا ئەوەندە پارە دەدات.

هەر بەپێی گرێبەستەکە، ئەگەر نرخی نەوت زیاتریش دابەزێت، کۆمپانیا ئەو بڕە پارە هەر دابین دەکات، ئەو بڕە پارەیەش کە لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت دروست دەبێت، وەکو پارەی پێشەکی دەدرێت و لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێتە پارەی پێشەکی.

لەو پارەیە 100 ملیۆن دۆلار بۆ کۆمپانیاکان و گواستنەوەیە، ئەوەی دیکەش کە دەمێنێتەوە بۆ مووچە خەرج دەکرێت، کە نزیکەی مانگانە 700 ملیۆن دۆلارە.

لەو ڕاپۆرتەدا باسی داهاتەکان کراوە، ئەو دوو پەرلەمانتارەی پارتی و یەکێتی دەڵێن "پارەی داهاتی نەوت دێتە سەر حیسابی تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هاڵک بانک لە تورکیا، ئینجا دێتە بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی و پرۆسەی گۆڕینەوەی پارە لە دۆلارەوە بۆ دینار کاتی پێویستە، بۆیە کە کۆمپانیا پارەکە دەدات، چەند ڕۆژێکی دەوێت تا بتوانرێت دابەش بکرێت، هەروەها کۆمپانیاکە هەموو پارەکە بە جارێک نادات، بەڵکو بەش بەش دەیدات".

لە ڕاپۆرتەکەدا باسی داهاتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و سووتەمەنی پارێزگاکان کراوە و دەڵێ "داهاتی 9 مانگ و 9 ڕۆژی بەڕێوەبەرایەتیەکان بریتییە لە تریلیۆنێک و 404 ملیار دینار، بە وتەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەم داهاتە بۆ دەعمی گازوایل و بەنزینە (بۆ کەمکردنەوەی نرخەکەی) و نەوتی سپی و بەشێکیشی بۆ مووچە خەرج دەکرێت".

کێشەی بەنزین

لە ڕاپۆرتەکە ئەوە ئاشکرا کراوە کە ڕێژەی پێداویستیی بەنزین لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە زیادبووندایە. لە ساڵی 2010 پێویستیی شاری سلێمانی بۆ بەنزین بریتی بووە لە نیو ملیۆن لیتر لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئێستا ڕۆژانە 2.5 ملیۆن لیترە.

پاڵاوگەی کەورگۆسک ڕۆژانە 2 ملیۆن و 200 هەزار لیتر بەنزین بەرهەم دەهێنێ، پاڵاوگەی بازیانیش ملیۆنێک لیتر، بەڵام پێویستی ڕۆژانەی بەنزین لە هەرێمی کوردستان حەوت ملیۆن لیترە، واتە ڕۆژانە پێویستمان بە هاوردەکردنی سێ ملیۆن و 500 هەزار لیتر بەنزینە، بۆ ئەم هاوردەیەش حکومەت ساڵانە بڕی 600 ملیۆن دۆلار تەرخان دەکات.

ڕاپۆرتەکە باسی مەترسییەکی گەورەی ئەو تەنکەرانە دەکات و دەڵێ "ڕۆژانە زیاتر لە 1330 تانکەر لە ناوخۆ و دەرەوە لە جووڵەدان. لەوانە 520 تانکەریان بۆ دەرەوەی کوردستان دەڕۆن، ئەو تانکەرانە بە بەردەوامی نیوەیان بەتاڵن. پێمانوایە جوڵەی ئەو تانکەرانە بەم ڕێژە گەورەیە، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ژینگە و ڕێگاوبان، هەروەها ئەگەر چاودێریی ورد نەکرێت، دەبێتە دەرگایەکی گەورەی گەندەڵی".

### کێشەی کارەبا

سەبارەت بە کێشەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ساڵانە بڕی 3 ملیار و 400 ملیۆن دۆلار بۆ بواری کارەبا خەرج دەکرێت، بەڵام داهاتی کۆکراوەی ساڵانەی کارەبا لە باشترین حاڵەتدا دەگاتە (300) ملیۆن دۆلار.

## حکومەت 15 ملیار دۆلار قەرزدارە و 6 ملیار دۆلاریشی لە قەرزدایە

## مانگانە حکومەت تەنیا 30 ملیار دینار لە قەرزەکەی وەردەگرێتەوە

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "بەشی گەورەی خەرجی کارەبا بریتییە لە کڕینی گازوایل (دیزل) بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەلایەن کەرتی تایبەت کە ساڵانە دەگاتە دوو ملیار دۆلار، چونکە بەپێی گرێبەستی ئەو وێستگانە، دابینکردنی سووتەمەنی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر لە جیاتی دیزڵ بۆ وێستگەکانی کارەبا غازی سروشتی بەکاربهێنرێت، ئەوا خەرجیی ئەو دوو ملیارە بۆ نیو ملیار دۆلار کەم دەبێتەوە".

### حکومەت 15 ملیار دۆلار قەرزدارە

لە ڕاپۆرتەکەدا باسی "قەرزە مەترسیدارەکان"ی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە کە زیاتر لە 15 ملیار دۆلار قەرزارە. لەوانەش سێ مووچەی فەرمانبەران کە 2.4 ملیار دۆلارە. سێ ملیار دۆلاری کۆمپانیاکانی نەوت. 600 ملیار دۆلاری بەڵێندەر و کۆمپانیا نێوخۆییەکان. هەروەها لە بانکی بازرگانی بڕی 2 تریلیۆن و 11 ملیار دیناری خەڵک داندرابوو، بەڵام خەرجکراوە.

کۆی گشتی ئەو پارانەی لە بانکەکان دانراوە و خەرج کراوە نزیکەی 9 ملیار دۆلار دەبێت. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ئەم حاڵەتە لە بانکە حکومی و تەنانەت هەندێ بانکە ئەهلییەکانیش هەیە، بۆ نموونە لە بانکی عەنکاوەی حکومی 90 ملیار دیناری هاووڵاتیان هەبوو، بەڵام ئێستا تەنیا ملیارێک و 100 ملیۆن دینار ماوە".

سەبارەت بە قەرزەکانی حکومەت لای خەڵک، ڕاپۆرتەکە نووسیویەتی "بەپێی مەزەندەی ئێمە نزیکەی 6 ملیار دۆلاری حکومەت لای خەڵکە لە چوارچێوەی قەرزی خانووبەرە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، هاوسەرگیری، قەرزی بچووکی لاوان، قەرزی نیشتەجێبوون و گەشتوگوزار و قەرز بۆ بازرگان و کۆمپانیاکان".

ئەو دوو پەرلەمانتارە دەڵێن "بەپێی بە دواداچوونی ئێمە لە کۆی هەموو ئەو قەرزانەی کە حکومەت لای خەڵک هەیەتی مانگانە کەمتر لە 30 ملیار دینار دەگەڕێتەوە".

### داهات و خەرجیی ناوخۆ

داهاتی ناوخۆ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، مانگانە نزیکەی 140 ملیار دینارە کە پێکدێت لە (گومرگ، باج، پارەی کارەبا و ئاو، سەرپێچیی هاتوچۆ، ڕسوماتی دیکەی جۆراوجۆر) بەشێکی بەنەختینەیی دێت و بەشەکەی دیکەی بەشێوەی چەک و قەرزە، کە تێکڕا مانگانە نزیکەی 100 ملیار دینار بە نەختی وەک داهاتی ناوخۆ دێت، ئەمەش هەمووی لەیەک کاتدا نایەت. بە پێی گوتەی وەزیری دارایی، داهاتی ناوخۆ ناچێتە سەر مووچە و بۆ بواری بەکاربردن بەکاردێ".

## چەلەبی بەڵێنی دابوو پارە سپیکەرەوەکان ئاشکرا بکات



**ڕووداو- بەغدا**

ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆژێک پێش گیانلەدەستدانی بەڵێنی بە لیژنەی دەستپاکی دابوو لەدۆسیەی سپیکردنەوەی پارەدا هاوکاریان بکات. عادل نوری گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2015/11/2 لە ئەنجوومەنی نوێنەران چاوی بە ئەحمەد چەلەبی کەوتووە و داوای لێکردووە لە دۆسیەی سپیکردنەوەی پارەدا هاوکاریان بکات. عادل نووری گوتی "چەلەبی ئامادەیی خۆی بۆ هاوکارییەکە نیشاندا و بڕیاربوو لەم هەفتەیەوە دەستپێبکەین، بەڵام مەرگی لەناکاوی ڕێگەی نەدا".

**پارتی: 20 هەزار پێشمەرگە ئامادەن و پێویستمان بە پەکەکە نییە**

# پەکەکە: بە پارتیمان گوتووە دوای ڕزگارکردنی شنگال دەکشێینەوە




**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- شنگال**

ڕۆژی 2015/11/3 ئەو وادەیە بوو کە بۆ هێرشی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر ناوەندی قەزای شنگال دیاری کرابوو، بەڵام هێرشەکە نەکرا و بۆ کاتێکی دیکەی نادیار دواخرا. فەرماندەیەکی باڵای هێزەکانی پێشمەرگە دوو هۆکاری سەرەکیی دواخستنی هێرشەکەی شنگال لەلایەن پێشمەرگەوە ئاشکرا دەکات.

شەڕی شنگال جگە لەوەی شەڕێکی سەخت دەبێ، لەهەمانکاتدا بۆ نێوخۆی کوردستانیش شەڕێکی سیاسی ناوەتەوە. پارتی کە زۆرجار تۆمەتبار دەکرێ بەوەی لەکاتی هێرشی داعش بۆ سەر شارەکە بەرگریی نەکردووە، دەیەوێ بەدەستی خۆی شنگال کۆنترۆڵ بکاتەوە.

### دانوستاندنی پارتی و پەکەکە

گرتنەوەی شنگال ئاڵۆزیی تێکەوتووە و کار گەیشتووەتە ئەوەی لیژنەی دانوستاندن لە نێوان پارتی و پەکەکە پێکبهێنرێ، پارتی دەڵێت "پێویستمان بەهاوکاریی پەکەکە نییە بۆ ڕزگارکردنەوەی شنگال" و ئەندامێکی شاندی پارتیش دەڵێت "دانوستاندنەکان لەگەڵ پەکەکە بێ ئەنجام بوون".

پارتی لەو دانوستاندنەدا ئەم داواکارییانەی هەبوو: "بازگەکان لە چیای شنگال و خانەسوور و دەوروبەری هەڵبگرن، ئاڵاکانی پەکەکە و وێنەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لابدەن" چونکە ئامادە نین بە ژێر ئاڵا و وێنەی سەرکردەکانی پەکەکەدا تێپەڕن.

هەرچەندە بازگەی سەرەکیی پەکەکە لە گەلیێ (کەرسێ) لە داوێنی چیای شنگالە، بەڵام نە بەرپرسانی پارتی و نە هێزەکانی پێشمەرگە دان بەو بازگەیەدا نانێن و لە کاتی هاتن و چوونیان ڕاناوەستن.

### پەکەکە: لە شنگال دەڕۆین

ڕووداو بەشێک لە ناوەڕۆکی دانوستاندنەکانی نێوان پەکەکە و پارتی لە شنگال دەستکەوتووە. بەپێی زانیارییەکان پەکەکە دوا قسەی قەندیلی بە شاندی پارتی گوتووە کە دوای ئازادکردنی شنگال، پەکەکە و یەپەگە لە شنگال نامێنن و ئامادەن لەسەر ئەم قسەیە هەر ئێستا ڕێککەوتنێک لەگەڵ پارتی ئیمزا بکەن.

بەڵام پەکەکە بۆ ئەوە مەرجی هەبووە، مەرجەکەشیان ئەوە بووە کە: "پارتی بەفەرمی دان بە یەکینەکانی پاراستنی شنگال (یەپەشە) دا بنێ" کە هێزێکی چەکداری کوردانی ئێزدییە و لەلایەن پەکەکەوە پشتیوانی دەکرێ.

هەڤاڵ عەگید، بەرپرسی گشتیی پەکەکە لە شنگال نایشارێتەوە لەگەڵ پارتی دانوستاندنیان هەبووە و بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە دانوستاندنمان لەگەڵ پارتی هەبووە، دانوستاندنەکانیش کۆتاییان نەهاتووە و بەردەوام دەبن".

هەڤاڵ عەگید، هەموو هەوڵێک بۆ دوورخستنەوەی پەکەکە لە شەڕی ڕزگارکردنی شنگال ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "پارتی کە دەڵێ هێزی زۆرمان هەیە و ئەمریکا لەگەڵ ئێمەیە و پێویستمان بە هاوکاریی پەکەکە نییە و نابێ بەشداربێ، ئەمە لای ئێمە قبوڵ ناکرێ، چونکە ناکرێ بوونی پەکەکە لە شنگال ئینکار بکرێ، ئێمە لە 5/8/2014ەوە لێرەین".

ئەو فەرماندەیەی پەکەکە ڕووی قسەکانی لە پارتی دەکات و دەڵێ "دەمانەوێ بەشداریی شەڕی شنگال بکەین، ئێمە هێزێکی بیانی نین، ئێمەش کوردین و بەکوردی قسە دەکەین و بوونی ئێمە لێرە بۆ بەرژەوەندیی باشووری کوردستان و شنگالە. بەفەرمیش بە پارتیمان گوتووە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال گەریلاکانی پەکەکە ئامادەن شنگال بەجێبهێڵن".

### پارتی مەرجی قبوڵ نییە

سەربەست لەزگین، فەرماندەیەکی پێشمەرگە و ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری پارتی لەگەڵ پەکەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئامادە نین دان بە هێزی یەپەشە-دا بنێین وەکو هێزێکی چەکدار، ئەمە قابیلی قبووڵکردن نییە".

سەربەست لەزگین کە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دەڵێ "پەکەکە کە زانی ئامادەکاری دەکرێ بۆ هێرشی سەر شنگال، خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی سەرکەوتنی شەڕی شنگال بدزن"، گوتیشی "پێویستمان بە هاوکاریی پەکەکە نییە و داواشمان لە پەکەکە نەکردووە بەشدار بن لە شەڕی شنگال".

ئەو بەرپرسەی پارتی نایشارێتەوە کە پەکەکە لە چیای شنگال ئامادەیی هەبووە "بەڵام پەکەکە دەیەوێ خۆی بکاتە خاوەنی ئەم ناوچەیە، ئێمەش ئەوە بە ڕەوا نابینین، چونکە پەکەکە لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتی نییە".

### هەوڵەکەی یەکێتی بەچی گەیشت؟

ئێستا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان پەکەکە و پارتیدا دەبینێ، بەڵام هەوڵەکانی تاوەکو ئێستا ئەنجامیان نەبووە.

هەڵۆ پێنجوێنی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ ئەوەی پارتی و پەکەکە زیاتر لە یەکدی نزیک ببنەوە و کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەین، سەردانی هەردوولامان کرد و ڕۆڵی نێوەندگیریمان بینی، بەڵام پارتی وەڵامی نەداینەوە و پەکەکەش خۆیان بێدەنگ کردووە".

ئایا یەکێتی ڕازییە پەکەکە بەشدار بێ لە شەڕی شنگال؟ هەڵۆ پێنجوێنی گوتی "نابێ ڕۆڵی پەکەکە پەراوێز بخرێ و دەبێ ئەوانیش بەشداربن".

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی سوپاسی یەکێتی دەکات و دەڵێ "پێویستمان بە نێوەندگیری برایانی یەکێتی نییە، خۆمان دانوستاندن لەگەڵ کام لایەن بکەین دەیکەین، لەگەڵ پەکەکەش لەسەر شنگال چەندین کۆبوونەوەمان کردووە و ئەگەر پێویست بێ ئەوا دیسانەوە بەبێ ڕۆڵی یەکێتی دەست پێدەکەینەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت "چۆن هێزێک 500 چەکداری هەبێ (مەبەستی پەکەکەیە) وەکو پارتی شەریک بێ لە شەڕی ڕزگارکردنی شنگال کە پارتی تەنیا بۆ شەڕی شنگال 20 هەزار پێشمەرگەی ئامادەکردووە، بۆیە دەبێ یەکێتیش ئەمە لەبەرچاو بگرێ، ناکرێ هێزێک مۆڵەتی نەبێ و چەکدار بێ و ببێتە خاوەنی شنگال".

### هەڕەشە دەکەن

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، هەندێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە کە سەر بە پارتین، داوایان لە بارزانی کردووە ئەگەر پەکەکە بە دیالۆگ ناوچەکە چۆڵ نەکات، ڕێگەیان بدات بە زەبری هێز دەریانبکەن، بەڵام بارزانی بە توندی وەڵامی داونەتەوە کە "نابێت بە هیچ جۆرێک بیر لە براکوژی بکەنەوە".

سەربەست لەزگین لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بارزانی گوتی بۆ ئەوەی خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێ، خۆتان لە شەڕی براکوژی بپارێزن. گوتیشی کێشە نییە بەرنامە بگۆڕدرێ، شەڕەکە دوابکەوێ، هەرچییەک دەبێ با ببێ، بەڵام شەڕی براکوژی ڕوونەدات".

**سەعید حوسێن، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئێزدیان لە شنگال بۆ (ڕووداو):**

# لە هەماهەنگیداین لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ ئەوەی بەبێ پێشمەرگە شنگال ڕزگار بکەین



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەرپرسی ئەنجوومەنی ئێزدیان لە شنگال دەڵێت بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە پارتی نادەن بە تەنیا هێرش بکاتە سەر شنگال، هەروەها دەڵێت ئێستا سەرقاڵی ئەوەن هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بکەن، تاوەکو بەبێ پارتی شنگال کۆنترۆڵ بکەنەوە.

دوای دامەزراندنی چەند هێزێکی وەکو یەکینەکانی بەرخودانی شنگال و یەکینەکانی پاراستنی شنگال، پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجوومەنێکیشی بەنێوی ئەنجوومەنی ئێزدیان لە شنگال دروستکرد کە بەرپرسەکەی کوردێکی ئێزدیی ناوچەکەیە.

بەرپرسانی پارتی دەڵێن دەمێکە ئامادەکاری دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال کە لە ڕۆژی سێی ئابی ساڵی ڕابردوو کەوتە دەست چەکدارانی داعش. بەڵام دەگوترێ بەهۆی ناکۆکیی لەگەڵ پەکەکە هێرشەکە دواکەوتووە.

سەعید حوسێن، بەرپرسی ئەنجوومەنی ئێزدیان لە شنگال دەڵێت لەلایەن پارتییەوە پێیانڕاگەیەنراوە کە هێزەکانی سەر بە پەکەکە نابێت بەشداری لەو شەڕەدا بکەن "بەڵام ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئەوە لە پارتی قبوڵ ناکەین".

گوتیشی "تەنانەت بەهۆی ئەوەی پارتی بەسەر ئێزدییەکانی هێنا و شنگالی بۆ داعش چۆڵ کرد، چیدی ڕازی نابین وەکو جاران پارتی حاکم و دەسەڵاتداری شنگال بێت".

هەرچەندە پارتی دەڵێت هێزێکی زۆری بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال ئامادە کردووە، بەڵام سەعید دەڵێت "ئەوە تەنیا پڕوپاگەندەیە و پارتی چەند تۆپ و دەبابەیەکی هێناوەتە سنوونێ و پڕوپاگەندە بۆ خۆی دەکات، دەیانەوێ بە تەقاندنی چەند تۆپێک داعش دەربکەن و بۆ خۆیان دووبارە بچنەوە نێو شنگال و بەرپرسەکانی ئەوێ دابنێنەوە، بەڵام ئێمە شتی وا لە پارتی قبوڵ ناکەین".

ئەو بەرپرسەی ئەنجوومەنی ئێزدیان دەڵێت، ئەوان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ شەڕی براکوژیدا نین و نابێت ململانێی نێوان پارتی و پەکەکە لەسەر شنگال بگاتە ئاستی شەڕ، چونکە پێیوایە ئەوکات تەنیا ئێزدییەکان زەرەرمەند دەبن "لێرە برایەک لە نێو یەبەشەیە، برایەکی دیکە لە نێو هێزەکانی پێشمەرگەدایە، بۆیە ئەگەر ببێتە شەڕ تەنیا ئێمە زەرەرمەند دەبین".

- **دەتوانین بە هەفتەیەک شنگال بگرینەوە**
- **قبوڵ ناکەین وەکو جاران پارتی حوکمی شنگال بکات**

حوسێن ڕەخنە لە بارزانی دەگرێت و دەڵێت "نەدەبوو بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی لەسەر ڕزگارکردنی شنگال وابیر بکاتەوە کە پەکەکە بەشداری شەڕەکە بکات یان نا، بەڵکو دەبووایە زیاتر لە خەمی ئازاری ئێزدییەکاندا بێت، لە زووەوە هەوڵی ڕزگارکردنی شنگالی دابا".

هاتنی هێزەکانی پەکەکە بۆ ناوچەی شنگال دەگەڕێتەوە بۆ دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە، کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شنگال ئاوارەی چیای شنگال بوون، هێزێکی پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە خۆی گەیاندە سەر چیای شنگال و بە هاوکاریی پێشمەرگە ڕێگەی دەربازبوونیان بۆ ئاوارەکانی سەر چیا کردەوە. دواتر چەند هێزێک لەلایەن پەکەکەوە بۆ ناوچەکە دروستکران، لەوانەش یەکینەکانی پاراستنی شنگال و هێزێکی دیکە بەناوی هێزی ئێزیدخان.

حوسێن پێیوایە ئەوان بەبێ پشتیوانی پێشمەرگە دەتوانن شنگال بگرنەوە. ئەو دەڵێ "هێزمان زۆرە، ئەگەر فڕۆکە بۆردومانمان نەکات، دەتوانین بە ماوەی هەفتەیەک شنگال بگرینەوە". هەروەها گوتی "ئێستا سەرقاڵی ئەوەین کە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان بکەین، تاوەکو بەبێ پشتیوانی پێشمەرگە شنگال بگرینەوە".

دوای ئەوەی پێشمەرگە لە ڕۆژی 2014/12/21 بەشێک لە ناوچەکانی شنگالی کۆنترۆڵ کردەوە، ڕۆژی 2015/1/14 لە کۆبووەنەوەی ژمارەیەک بەرپرسی پەکەکە و یەپەگە و نوێنەری چەند پارتێکدا لە هۆڵی بارزان لە ناحیەی سنوونێ، دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئێزدییەکانی شنگال ڕاگەیەنرا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ئیداری لە شنگال.

سەعید باسی گۆڕینی قایمقامی شنگال دەکات کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر گۆڕدرا "ئێستا ئەنجوومەنی ئێزیدیان لە شنگال هەیە، ناکرێت پارتی وەکو جاران بیر بکاتەوە و بە ئارەزووی خۆی قایمقام دابنێت، نابێت هیچ گۆڕانکارییەکی دیکە بکات، دەبێ چاوەڕێ بکات تاوەکو شنگال ئازاد دەکرێت و خەڵکەکە دەگەڕێنەوە، ئەوکات گەل دەبێ بڕیار بدات کێ حوکمی شنگال بکات نەک پارتی". گوتیشی "ئەوان خۆیان بە خاوەنی شنگال دەزانن، بەڵام تاوەکو ئێستا متمانەیان بە کوردێکی ئێزدی نییە بیکەنە بەرپرسی لقی حیزبەکەیان یان بەڕێوەبەری ئاسایش لە شنگال".

سەبارەت بە جێهێشتنی شنگال لەلایەن پەکەکەوە، سەعید دەڵێت "پەکەکە بە هیچ شێوەیەک شنگال چۆڵ ناکات، تاوەکو ئێستا 150 شەهیدمان لە شنگال داوە، ئێستا تەنیا لە هێزی یەبەشە زیاتر لە هەزار گەریلای ئێزدی لە بەرەکانی شەڕن لە شنگال، چۆن ئێمە شنگال ڕادەستی پارتی دەکەین".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (382) دووشەممە 2015/11/9



## "هەوڵی ئازادکردنی بەعسییەک دەدرێت"

**ڕووداو- هەولێر**

سالار مەحموود، سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان، داواکارییەک لەژێر ناونیشانی (هەوڵی ئازادکردنی تاوانبار سوڵتان هاشم دەدرێت) بۆ سەرۆکی پەرلەمان دەنێرێت و داوادەکات کە ڕێگە لە ئازادکردنی بگیرێت. لە نامەکەی سالار مەحموود هاتووە "هەر هەوڵێک لەژێر ناوی (المصالحە وگنیە) بۆ ئازادکردنی ئەم تاوانبارە، دژی بڕیاری دادگا و سەروەری یاسای ناوخۆی و یاساو پێوەرە نێودەوڵەتییەکانە". سوڵتان هاشم لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە لە دانیشتنی ژمارە 61 لە ڕۆژی 2007/6/4 لەسەر تاوانی ئەنفال سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە.

### چی لە شنگال دەگوزەرێ؟

# داعش و پێشمەرگە شەڕە جنێو دەکەن

## فەرماندەیەکی پێشمەرگە: ئەمریکا ڕێگە نادات هاوپەیمانان هاوکاریمان بکەن

## ئێزدییەکان: لە ترسی شەڕی پارتی و پەکەکە ناوێرین بگەڕێینەوە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- شنگال**

لە پردی سێحلاوە (35 کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای زاخۆ) بە ئۆتۆمبێل بە دوو کاژێر دەگەیتە دوا خاڵی بەرەنگاربوونەوەی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش. پێشتر ئەو ڕێگایە بە درێژایی ماوەی ئەو دوو کاژێرە لەبن دەستی داعش بوو.

ئێستا پێشمەرگە و داعش لە دەروازەی شنگال-دا سەنگەریان بەرامبەر یەکدی لێداوە، لە 2014/12/21ەوە نە پێشمەرگە لەو ناوچەیە بستێک پێشڕەویی کردووە، نە چەکدارانی داعشیش توانیویانە بستێک لەو خاکە ئازادکراوە داگیر بکەنەوە.

عیزەدین سەعدۆ، فەرماندەی لیوای 12ی پێشمەرگە لە ناوچەکە کە لەکاتی هێرشەکەی 21ی دیسەمبەردا بەشێک لە پێشمەرگەکان بە فەرمانی ئەو نەدەجوڵانەوە و پێشڕەوییان نەدەکرد، ئەمجارە دەڵێت "هیچ جارێک هێندەی ئێستا پێشمەرگەم وا بەگەرموگوڕی نەبینیوە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال".

### "وین الدولە الکردیە؟"

لە هەندێک شوێنی شنگال دووریی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش تەنیا 50 مەترێک دەبێ، زۆر بە سانایی یەکدی دەبینن و گوێیان لە قسەی یەکدی دەبێت و زۆربەی کات ئەگەر شەڕە گوللە نەکەن، شەڕە قسەیانە.

شەوێک لە گەرەکی نەسر کە دەکەوێتە دەروازەی شارۆچکەی شنگال، لەگەڵ پێشمەرگە لە سەنگەردا بووین. چەکدارەکانی داعش هاواریان دەکرد "وین الدولە الکردیە؟"، واتە کوا دەوڵەتی کوردی. پێشمەرگەش وەڵامیان دانەوە و گوتیان "جحش داعش". ئیدی چەکدارەکانی داعش بێدەنگ بوون. پێشمەرگەیەک بەپێکەنینەوە گوتی "جاروبار لەگەڵ داعش، ئەم جۆرە گاڵتە و گەپانە دەکەین".

### سەعات لەلای ئەبو عەبدوڵڵا

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، چەکدارانی داعش لەنێو شنگال کاژێریان پێ نییە، نازانن دروست کاژێر چەندە، تەنیا یەک کەس کاژێری هەیە، هەر چەکدارێک بیەوێ بزانێ سەعات چەندە بە لاسلکی بانگی (ئەبو عەبدوڵڵا) دەکات و پرسیاری سەعاتی لێ دەکات.

ئەفسەرێکی پێشمەرگە گوتی "داعش زۆر مولتەزیمن بە ئاشکرانەکردنی خۆیان و پلانی سەربازی، وەکو پێشمەرگە نین کە شوێن و پلانەکانیان زۆربەیان ئاشکران، چونکە داعش لە بەرگری و پێشمەرگە لە هێرشدایە".

### تەنیا چیچانییەکان شەڕکەرن

ئەو ئەفسەرەی پێشمەرگە کە تا ئێستا لە چەند شەڕێکدا ڕووبەڕووی داعش بووەتەوە، دەڵێت "لەنێو داعشدا تەنیا چەکدارانی چیچانی شەڕکەرن و سەنگەرەکانیان بەڕێدەبەن".

ئەفسەرەکەی پێشمەرگە باسی حاڵی چەکدارانی داعش دەکات لە کاتی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان و دەڵێت "تەواو شپرزە دەبن. کاتێک یەکێکیان لێدەکوژرێ دەڵێن ئەوە زاوایە، ئەگەریش بریندار بوو دەڵێن میوانە".

### فەرەنسییەکان جددین

بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر چەکدارانی داعش لە نێو سەنتەری شنگال و دەوروبەری بەردەوامە، زۆر لە خانووەکانی شارۆچکەکە بەهۆی بۆردومانەوە بەپێوە نەماون.

پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا لە شنگال باسی جیاوازیی نێوان فڕۆکە و تیمەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا دەکەن و دەڵێن فەرەنسییەکان لە هەموویان زیاتر جددین، فڕۆکەوانەکانیان کاتێک چەکدارانی داعش دەبینن، یەکسەر بۆردومانیان دەکەن.

پێشمەرگەکان بەسەرهاتی قەناسێکی فەرەنسییان گێڕایەوە و گوتیان "جارێکیان قەناس بەدەستێکی فەرەنسی هات، چوار کاژێر لێرە مایەوە، کە گەڕایەوە گوتی: شەش چەکداری داعشم کوشت و یەکێکیشم بریندار کرد، قەوانی گوللەکانیشی لەگەڵ خۆی بردنەوە. ئەگەر ئێمە بووینایە دەمانگوت هەر حەوتمان کوشتن".

پێشمەرگە لە بەریتانییەکانیش ڕازین، بەڵام گومانیان لە فڕۆکەکانی ئەمریکا هەیە و دەڵێن "زۆرجار پێیان دەڵێین داعش لە فلان شوێنە، بۆردومانیان ناکەن". باسی شەڕێکیان کرد کە داوای هاوکارییان لە فڕۆکەکانی ئەمریکا کرد کاتێک داعش زۆر لە پێشمەرگە نزیک بووەوە، فڕۆکەکە هات و بۆرودومانی نەکرد. دواتر پرسیاریان کردووە کە بۆچی بۆردومانی نەکردووە، ئەوان گوتبوویان فڕۆکەکە کێشەی تەکنیکیی هەبوو. پێشمەرگەکان گوتیان لەو شەڕەدا بەبێ پشتیوانیی فڕۆکە داعشیان تێکشاند.

### "لەوان بپرسن

پێشمەرگە سەری سوڕماوە لە هەندێک هەڵوێستی ئەمریکا. فەرماندەیەکی باڵای پێشمەرگە لەبارەی هەڵوێستی ئەمریکا لە مەسەلەی پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە و هاوکاریی پێشمەرگە گوتی "ئەمریکا ڕێگە نادات هاوپەیمانان هاوکاری سەربازیی پێشمەرگە بکەن، ئەڵمانەکان چەندین جار پێیانگوتووین ئامادەین و حەزیش دەکەین ڕاستەوخۆ هاوکاریی پێشمەرگە بکەین، بەڵام ئەمریکا قبوڵ ناکات".

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە کە پێشتر بە ئەرکێک چووەتە ئەڵمانیا، باسی جۆرە زرێپۆشێکی ئەڵمانیی کرد کە ئەو بە "هەمەر" ناوی برد و بە پێشمەرگە دراوە "خۆم ئەو جۆرە هەمەرانەم لە ئەڵمانیا بینی، چەکی زۆر پێشکەوتوویان لەسەر قایمکراوە، بەڵام کە درا بە ئێمە، چەکەکەی لەسەر نەبوو، کاتێکیش لە هۆکارەکەمان پرسی، ئەڵمانەکان گوتیان لە ئەمریکییەکان بپرسن".

### حەشووەکەی کەم دەکەنەوە

ئەو فەرماندەیە باسی بەرزاییەکانی شنگال و ڕێگای سەرەکیی مووسڵ و ڕەقە دەکات کە بە شنگالدا تێدەپەڕێ و گوتی "ڕۆژانە بە بەرچاوی ئێمە و ئەمریکییەکانەوە سەدان ئۆتۆمبێل و کامیۆنی سەربازیی داعش ڕەتدەبن بۆ ڕەقە و لەوێوە بۆ مووسڵ، ماوەی نێوان بەرزاییەکانی شنگال و ڕێگاکە تەنیا پێنج کیلۆمەترە، ئەمریکا هاوەن دەداتە پێشمەرگە کە خۆی تاوەکو شەش کیلۆمەتر دەڕوات، بەڵام حەشووەکەی کەمدەکەنەوە بۆ ئەوەی لە سێ کیلۆمەتر زیاتر نەڕوات".

هەروەها گوتی "دۆشکەیەکی 75 ملیمیمان بردە سەر بەرزاییەکە کە گوللەکانی دەگەیشتنە سەر ڕێگاکە، کەچی ئەمریکییەکان هاتن و گوتیان هەر ئێستا ئەو دۆشکەیە لێرە لاببەن".

### کەس بە کەس نییە

باکووری چیای شنگال کە کوردی ئێزدی پێی دەڵێن (شمال)، ساڵێک دەبێ کۆنترۆڵ کراوەتەوە، لەوێ هێزی جۆراوجۆر هەن، وەکو هێزەکانی پێشمەرگە، پەکەکە، یەبەشە، یەپەگە و یەپەژە و چەند هێزێکی دیکە.

سیمای ناوچەکە پتر لە دوای ڕاپەڕینی 1991 دەچێت کە هەر کەس ئاڵای حیزبێکی لەسەر ئۆتۆمبێلێکی سەربازی یان مەدەنی دەچەقاند و پڕی دەکرد لە چەکدار.

لە ناحیەی سنوونێ کە گەورەترین ناحیەی ناوچەکەیە، ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، پێشمەرگە هەیە، پۆلیس هەیە، گەریلا، یەپەگە، یەبەشە، یەپەژە، بەڵام ئەوەی نییە یاسایە.

هیچ هێزێک کاغەزی هێزەکەی دیکە ناخوێنێتەوە، هەر هێزێک لەلای خۆیەوە بازگەی داناوە و هیچیان حیساب بۆ بازگەکانی ئەوانی تر ناکەن و ڕاناوەستن لە بازگەی ئەوانی تردا. هەر هێزێک، بە تایبەتی ئەوانەی سەر بە پەکەکەن، ئاڵای تایبەت بەخۆیان هەیە. یەکێتی بارەگایەکی لە سنوونێ کردووەتەوە و بەردەمەکەی بە ڕەنگی سەوز و وێنەی مام جەلال ڕازاندووەتەوە، بەڵام شەڕە ساردەکە لە نێوان پارتی و پەکەکە-دایە.

ئۆتۆمبێلەکانی سەر بە هێزەکانی پەکەکە هیچ کامیان تابلۆیان پێوە نییە و جامیان ڕەشە، زۆربەشیان بە گاز ئیش دەکەن کە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە بۆیان دێت.

### بۆچی ناگەڕێنەوە؟

ژمارەی دانیشتووانی ناحیەی سنوونێ پێش هاتنی داعش 140 هەزار کەس بووە، بەڵام بەپێی قسەی خەڵکەکەی تاوەکو ئێستا تەنیا 5%ی دانیشتووانەکەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

کاتێک لێیان دەپرسی بۆچی ناگەڕێنەوە؟ دەڵێن "چۆن بگەڕێینەوە پارتی و پەکەکە لە بەرامبەر یەکدی ڕاوەستاون؟ وا هەست دەکەی ئەمڕۆ یان سبەی لە یەکدی دەدەن".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## داعش بە پێشمەرگە دەڵێن کوا دەوڵەتی کوردی؟

## فەرەنسییەکان جددین و پێشمەرگە گومانیان لە ئەمریکییەکان هەیە

### زەعیم عەلی، بەرپرسی میحوەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دیجلە بۆ (ڕووداو):

# هیچ کاتێک بیر لە شەڕ لەگەڵ پەکەکە ناکەینەوە

## نابێت پەکەکە بە 200 چەکدارەوە ئاستەنگ بۆ 10 هەزار پێشمەرگە دروست بکات

## کەس ناتوانێت پلانەکانی ئێمە تێکبدات

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

زەعیم عەلی بەرپرسی میحوەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دیجلە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هیچ هێزێک ناتوانێت ڕێگری لە پێشمەرگە بکات بۆ ڕزگارکردنەوەی شنگال، گوتیشی کە ئێستا چاوەڕێی کاژێری سفر دەکەن بۆ هێرش، بەڵام قاسم شەشۆ کە فەرماندەیەکی کوردی ئێزدییە، دەڵێ "پەکەکە ڕێگرە لە ئازادکردنی شنگال".

زەعیم عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کە پێشتر وەزیری پێشمەرگە بووە، بەرپرسیارێتی میحوەری شەڕێکی لەگەڵ داعش لە ئەستۆدایە و دەڵێت ئەوان پلانی خۆیان هەیە بۆ وەدەرنانی چەکدارانی داعش لە قەزای شنگال و نابێ پەکەکە ئاستەنگ بۆ پلانەکەیان دروست بکات.

نزیکەی دوو هەفتەیە باسی گەرمی نێو خەڵک و میدیا، کۆنترۆڵکردنەوەی شنگالە کە لە ڕۆژی 2014/8/3 لەلایەن چەکدارانی داعشەوە داگیرکرا. زەعیم عەلی لەبارەی هۆکاری دواکەوتنی هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر شنگال دەڵێت "دواکەوتنی هێرشەکە پەیوەستە بە پلانی ژووری عەمەلیات، هەر کاتێک بڕیاری یەکلاکەرەوە دەرچوو، هێرشەکە دەست پێدەکات".

بەڵام باسی گەرمی نێو خەڵک ئەوەیە کە پەکەکە ڕێگرە لەبەردەم هێرشەکە و پێداگریی دەکەن کە ئەوانیش بەشداری هێرشەکە بن، بەڵام پێشمەرگە ڕەتیدەکاتەوە. زەعیم عەلی گوتی "هیچ کەسێک ناتوانێ ڕێ لە پلانەکانی ئێمە بگرێ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال، نابێت پەکەکە بیر لەوە بکاتەوە پلانەکانی پێشمەرگە تێکبدات، چونکە هەموو دونیا دەزانێت شنگال خاکی باشووری کوردستانە و ئێرە شوێنی ئەوان نییە، چۆن دەبێ پەکەکە بە هێزێکی 200 کەسی لە شنگال بەرامبەر بە 10 هەزار پێشمەرگە بوەستێتەوە کە ئێستا لە سنووری شنگالن".

هەرچەندە زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری شنگال ئازاد کراون، لەوانەش ناحیەی سنوونێ کە گەورەترین ناحیەی ناوچەکەیە، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە دانیشتووانەکەی گەڕاونەتەوە و ئەوانی دیکە دەڵێن لە ترسی شەڕی پەکەکە و پارتی ناگەڕێنەوە.

زەعیم عەلی دڵنیایی دەداتە هاووڵاتیانی ناوچەکە کە شەڕی براکوژی لە نێوان پارتی و پەکەکەدا ڕوونادات "بارزانی بەڵێنی داوە تاوەکو ئەو لە ژیاندا مابێت، نەهێڵێ شەڕی براکوژی ڕووبدات، بۆیە ئێمە قەت بیر لە شەڕ لەگەڵ پەکەکە ناکەینەوە. دەمانەوێ کێشەکانمان بە دیالۆگ چارەسەر بکەین".

سەبارەت بە ڕەوشی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش بە تایبەتی لە شنگال و تەلعەفەر، زەعیم عەلی گوتی "زانیاریمان هەیە داعش هێزێکی زۆری لە ناوچەکانی دیکە هێناوەتە ئەو شوێنە و چەندین ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و چەکداری خۆکوژی ئامادە کردووە، بەڵام فڕۆکەکان بەردەوام هەوڵەکانی ئەوان پووچەڵ دەکەنەوە و هەوڵەکانیان هیچ کاریگەری لەسەر پلانەکانی ئێمە نابێت".

ڕۆژی 2015/12/21 پێشمەرگە زۆربەی ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵ کردنەوە کە پێشتر داعش لە مانگی ئابی 2014 داگیری کردبوون، لەوانەش ناحیەی زوممار و سنونێ و زۆربەی گوندەکانی باکووری چیای شنگال، بەڵام تاوەکو ئێستا سەنتەری شاری شنگال، ناحیەی گرعوزێر، بلێج، کۆمەڵگەکانی کۆچۆ، تەل بەنات، سیپا شێخ خدر و چەند ناوچەیەکی دیکە هەر لەژێر دەستی داعشدا ماون. ماوەی دوو هەفتەیە ئامادەکاری دەکرێت بۆ گرتنەوەی ئەو شوێنانە، بەڵام هێشتا کاتی هێرشەکە دیار نییە.


قاسم شەشۆ، فەرماندەی هێزی شنگال کە هێزەکەی لە 13 فەوج پێکدێت و زۆربەیان کوردی ئێزدین، دەڵێت "پەکەکە و هێزەکانی دیکەی سەر بە پەکەکە هۆکاری سەرەکی ڕاگرتنی پلانی کۆنترۆڵکردنەوەی شنگالن. ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر ئێزدییەکان هەبووە، چونکە هەموویان چاوەڕێن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان".

قاسم شەشۆ دەڵێت ئەوان دەمێکە پلانی ئازادکردنی شنگالیان هەیە، بەڵام هەموو جارێک پەکەکە پلانەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە. بۆیە داوا لە پەکەکە دەکات "ئەگەر بەرژەوەندی خەڵکی شنگالتان دەوێت، دەبێ بەربەست بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دروست نەکەن. دوای کۆنترۆڵکردنی شنگال خەڵک لەگەڵ کام هێزدا بوو، با ئەو ببێتە خاوەنی شنگال".



جەعفەر شێخ مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و فەرماندەی هێزەکانی 70 بۆ (رووداو):

# کاتی ئازادکردنەوەی شنگال و مووسڵ دیاری نەکراوە



جەعفەر شێخ مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و فەرماندەی هێزەکانی 70ی سەر بەو حیزبەیە. ئەو ئێستا بەرپرسی میحوەری باشووری کەرکووکە و لە شوێنی مانەوەی خۆی لەو میحوەرە (رووداو) هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ کرد.

شێخ جەعفەر باسی سەردانی شاندەکەی پێشمەرگە بۆ پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا دەکات و دەڵێت لەوێ داوای زۆر شتیان لە وڵاتانی ئەوروپا کرد، تەنانەت هەلیکۆپتەریش. ئەو بەرپرسە سەربازییەی یەکێتی پێیوایە تاوەکو داعش لە مووسڵ بمێنێ، مەترسیی لەسەر هەرێمی کوردستان هەر دەمێنێ.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەماڵ
رووداو – کەرکووک

**ئاساییە پەکەکە بەشداری ئازادکردنەوەی شنگال بکات**

**لادانی وەزیری پێشمەرگە کێشەی بۆ وەزارەت دروست نەکردووە**

**رووداو: ئەندامانی شاندەکەتان بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا لەسەر چ بنەمایەک دانرابوون؟**

**شێخ جەعفەر:** سەردانەکە لەسەر بانگهێشتی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا و هەماهەنگیی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری برۆکسل بوو، شاندەکەش بەشێکی زۆریان فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە بوون کە لە سەرەتای شەڕی داعشەوە لە میحوەرەکانن، ئەوان مەبەستیان ئەوە بوو لە نزیکەوە گوێ لە فەرماندە سەربازییەکان بگرن، سەبارەت بە هەڕەشە و توانا و مەترسییەکانی داعش لەسەر ناوچەکە. دیارە پێشتریش هەندێک لەو پەرلەمانتارانە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردبوو، لە نزیکەوە چووبوونە سەنگەرەکانەوە و ئازایەتی پێشمەرگەیان گواستبووەوە بۆ پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا.

**رووداو: لەو سەردانە کام دیدارتان بەلاوە گرنگ بوو؟**

**شێخ جەعفەر:** ئێمە لەوێ چەند لیژنەیەکمان بینی، بەرپرسی هەنگاریامان بینی کە یەکێکیان ئەندامی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا و ئەوەی دیکەش ئەندامی ناتۆ بوو. بینینی ئەوان زۆر گرنگ بوو، داوامان لێکردن هەوڵێکی باش بدەن بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ناتۆ و هێزی پێشمەرگە بۆ راهێنان و پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە و دابینکردنی پێداویستییەکانیان، جگە لەوەش لەگەڵ ئۆفیسی سیاسی و ئاسایشی یەکێتیی ئەورووپا و ئۆفیسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا کۆبووینەوە.

**رووداو: ئەوان دوای ئەوەی گوێیان لە ئێوە بوو، چییان گوت و چ بەڵێنێکیان دا؟**

**شێخ جەعفەر:** بێگومان پێشمەرگە دەنگدانەوەیەکی باشی لە دەرەوە دروستکردووە و هەر لەبەرئەوەی پێشمەرگەش بووین، بە چەپڵە پێشوازییان لێکردین.

**رووداو: داوای چەکتان بۆ هێزی پێشمەرگە کرد؟**

**شێخ جەعفەر:** دیارە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا چەک و تەقەمەنی نییە، بەڵام داوامان لێکردن لەو وڵاتانەی ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپان پێداویستی بۆ پێشمەرگە دابین بکەن، هەر لە جلوبەرگەوە هەتا دەگاتە باشترین چەک و هێلیکۆپتەر، کەلوپەلی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی، ئامێری تەقاندنەوەی مین و تەقەمەنی و چەکی قورس، ئەوانیش بەڵێنیان داوە لەگەڵ وڵاتەکانیان قسە بکەن و پێداویستییەکان بخەنە بەردەمیان.

**رووداو: دوای سەردانەکەتان وا بڵاوکرایەوە کە گوتووتانە بە چەکە کۆنەکانیشتان رازین، ئەوە راستە؟**

**شێخ جەعفەر:** چەکی کۆنی ئەوان ئەوانە نین کە بە دەستی پێشمەرگەوەیە، بەڵکو ئەو چەکانەن کە لە گەنجینەکاندان و پێشکەوتوون، خوا دەکات ئەو چەکانەمان پێدەدەن ئێمە هیچ کێشەمان نییە، خۆ قابیلە چەکی دەستی پێشمەرگەکانی ئێمە بن. رەنگە ئەوان ئێستا بە چەکی باشتر هێزەکانی خۆیان پڕچەک بکەن.

**رووداو: نەبوونی مستەفای سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە لە نێو شاندەکەدا، هیچ نەنگییەکی دروست نەکرد؟**

**شێخ جەعفەر:** شاندەکە بەناو دیاری کرابوو، لەنێو بانگهێشتەکەدا وەزیری پێشمەرگەی تێدا نەبوو. زۆرجاری دیکەش وەفد رۆیشتوون و وەزیریشی تێدا نەبووە، بەڵکو ئەو کەسانە بوون کە شارەزای بوارەکەن.

**رووداو: ئەو بانگهێشتەتان کەی بۆ هات؟**

**شێخ جەعفەر:** 20 رۆژ لەمەوبەر.

**رووداو: واتە دوای لادانی مستەفای سەید قادر؟**

**شێخ جەعفەر:** بەڵێ.

**رووداو: ماوەی مانگێکە مستەفای سەید قادر وەزیری پێشمەرگە لادراوە، هیچ گرفتێکی بۆ**

**هێشتا پێداویستییەکانی رزگارکردنی شنگال دابین نەکراون**

**نابینە پاشکۆی گۆڕان و پارتی**

**وەزارەت و بەرەکانی شەڕ دروست نەکردووە؟**

**شێخ جەعفەر:** ئێستا کاک کەریم شنگالی بە وەکالەت دانراوە و هەموو دەسەڵاتێکی هەیە و ئیشوکارەکان رادەپەڕێنێ، لەبەرئەوە لە وەزارەت و بەرەکانی شەڕیش هیچ کێشەیەک نییە.

**رووداو: لاهور تاڵەبانی بەرپرسی ئاژانسی پاراستن و زانیاری لە پەیمانگەی واشنتن رەخنەی زۆری لە مەسعود بارزانی گرت، تۆ لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەوی؟**

**شێخ جەعفەر:** لەڕاستیدا گوێم لە قسەکانی نەبووە تاکو رای خۆمی لەسەر بدەم، بەڵام من ئەمڕۆ قسەی برایەتی و یەکڕیزیم پێ باشە، ئەو رەخنانەشی لەسەر خۆمان هەبێت دەبێت لەنێو خۆماندا بیگرین. بە گشتی لەگەڵ ئەوەدا نیم لە دەرەوەی وڵات باسی کێشەکانمان بکەین، چونکە بەو شێوەیە چارەسەری کێشەکانمان ناکرێت و رەنگە کێشەش بۆ ئەو هاوکارییانە دروست بکات کە دەکرێین. راستە ئەمڕۆ حیزبەکان کێشە و کەموکوڕییان هەیە و جێگەی رەخنەن و خەڵکیش گلەیی لێیان هەیە، من پشتگیری رەخنەگرتن لەنێوخۆی خۆمان دەکەم، بەڵام پشتگیری ئەوە ناکەم بۆ نموونە کاتێک ئێمە رۆیشتینە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا پێش هەموو شتێک بەربینە گیانی خۆمان.

**رووداو: لاهور تاڵەبانی دەڵێت ئۆپەراسیۆنەکەی حەویجە لە بەرژەوەندیی کورد نەبوو، وایە؟**

**شێخ جەعفەر:** پێشتریش ئەمەریکییەکان ئۆپەراسیۆنی لەو شێوەیەیان کردووە و دژە تیرۆریش چالاکییان کردووە و ئاسایشی گشتیش ئاگایان لێ نەبووە، بەڵام ئەوەی حەویجە ئۆپەراسیۆنێکی گەورە بوو کە بتوانرێت بڕۆنە ناو قووڵایی خاکی دوژمنەوە و 69 بارمتە ئازاد بکرێن، تاوەکو ئێستا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئۆپەراسیۆنی لەو شێوەیە نەکراوە، لەبەرئەوە نابێت ئیشەکانی یەکدی بە کەم بزانین، با من کارێکی باشتر لەوەی ئەوان بکەم، دژە تیرۆری سلێمانیش سەدان ئیشی باشیان کردووە هەر لە دەستگیرکردنی تیرۆریست و باندی تیرۆریستان.

**رووداو: هەر لەو ناوەندە ئەمەریکییە، لاهور تاڵەبانی گوتی، ژووری ئۆپەراسیۆنەکەی هەولێر، نوێنەری یەکێتی تێدا نییە، ئەوە راستە؟**

**شێخ جەعفەر:** راستە ئێمە نوێنەرمان نییە و پێویستیشی نەدەکرد نوێنەرمان هەبێت ئەگەر لە مەرکەزی عەمەلیاتدا وەکو کورد ئیش بکرێت، بەڵام ئەگەر رێگری تێدابێت بۆ لایەنێک پێمان ناخۆشە. ئەگینا ئەگەر ئۆپەراسیۆنێک دروست ببێت کە بەچاوێکی یەکسان سەیری هەمووومان بکات، نوێنەری یەکێتی تێدا بێت یاخود نا، بە خەیاڵمدا نایەت.

**رووداو: ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شنگال بۆچی دواکەوت؟**

**شێخ جەعفەر:** شنگال ئەمڕۆ بێت یاخود سبەی هەر ئازاد دەکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا کاتەکەی دیاری نەکراوە. هەموو شەڕێک پێویستی بە دابینکردنی پێداویستییە و رەنگە هێشتا پێداویستییەکانی دابین نەکرابێت.

**رووداو: دەگوترێ بەهۆی ناکۆکییە لەگەڵ پەکەکە، ئەوە راستە؟**

**شێخ جەعفەر:** پێموایە وردە کێشە هەبووە، بەڵام ئەوان نەبوونەتە رێگر.

**رووداو: پێت باشە پەکەکە بەشداری بکات؟**

**پێویستی نەدەکرد نوێنەری یەکێتی لە ژووری عەمەلیاتەکەی هەولێردا هەبێ**

**شێخ جەعفەر:** زۆرم بەلاوە ئاساییە ئەگەر بەپێی پلانێکی هاوبەش بێت. ئەگەر پەکەکە یاخود پێشمەرگەی دیموکرات بێت یاخود هەر پێشمەرگەیەکی چوار پارچەکە، بەڵام لەژێر فەرماندەیەکدا بین.

**رووداو: بڕیاری ئازادکردنەوەی شنگال لای کێیە؟**

**بۆردومانی داعش بۆ سەر پێشمەرگە لە جاران زیاترە**

**لەناوبردنی داعش چەندین ساڵ دەخایەنێ**

**شێخ جەعفەر:** بڕیار لای هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانانە.

**رووداو: هەفتەی رابردوو داعش چوونە نێو قەزای دوبز، بەبڕوای تۆ کێ کەمتەرخەم بوو؟**

**شێخ جەعفەر:** پێموانییە داعش چووبێتە نێو دوبزەوە، بەڵکو بەداخەوە ئەمڕۆ داعش لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا هەیە، ئەو عەرەبانەی روویانکردووەتە ئەو ناوچانە هاوکارن یاخود چەکداری داعش بوونە، بەڵام لەبەر ئەو بارودۆخە ناهەموارە دەرگایان بۆ کراوەتەوە و پێشموایە ئەوەی دوبز زۆر چاوەڕوانکراو و ئاساییە و رەنگە لە داهاتوودا شتی دیکەش رووبدات ئەگەر هێزە ئەمنییەکان وریا نەبن، چونکە بارودۆخی نێو شارەکان ئاسایش و پۆلیس لێی بەرپرسن نەک پێشمەرگە. یاخود ئەگەر هەرێمی کوردستان تاوتوێی ئەو هەموو ئاوارەیە نەکات کە روویان تێکردووە، جگە لەوەش دەتوانم بڵێم لەناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان بە دەیان هەزار

**ئۆپەراسیۆنەکەی حەویجە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارێکی گەورە بوو**

خێزانی تیرۆریستی و تیرۆریستیش هەن.

**رووداو: تۆ بەرپرسی میحوەری باشووری کەرکوکیت، داعش مەترسیی بۆ سەر کەرکووک ماوە؟**

**شێخ جەعفەر:** هەتا داعش بمێنێت مەترسی نەک هەر بۆ کەرکووک، بەڵکو بۆ هەموو هەرێمی کوردستان و ناوچەکەش دەبێت، چونکە داعش لە هەر بەرەیەکی شەڕ بێت جێی مەترسییە.

**رووداو: جموجوڵیان چۆنە؟**

**شێخ جەعفەر:** جموجۆڵیان ئەوەیە کە بە قەناس و هاوەن و دۆشکە بۆردومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکەن و ئێستاش لە جاران زیاترە.

**رووداو: کاتی رزگارکردنی مووسڵ دیارە؟**

**شێخ جەعفەر:** رزگارکردنی مووسڵ پەیوەندی بە عێراق و هاوپەیمانانەوە هەیە، بەڵام ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگە هاوکاریانین، ئەویش ئەگەر پێویستی کرد و پێداویستی شەڕکردنیان پێداین.

**رووداو: وەکو شارەزایەکی سەربازی، پێتوایە شەڕی داعش تاکەی بەردەوام دەبێت؟**

**شێخ جەعفەر:** پێموایە شەڕێکی قورس و درێژخایەنە، بەڵام بە نیسبەت ئێمەوە ئەگەر مووسڵ ئازاد بکرێت، مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان نامێنێ، ئەگینا تا ئێستاش مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان ماوە.

**رووداو: زۆرجار ئەمەریکییەکان دەڵێن چەند ساڵێک دەخایەنێت، ئەوە راستە؟**

**شێخ جەعفەر:** بەدڵنیاییەوە، چونکە ئەوان زانیاری هەواڵگرییان لە ئێمە زیاترە و داعش لە هەموو شوێنەکانی ناوچەکەدا رەگی داکوتیوە و شەڕ هەیە، بەدڵنیاییەوە چەندین ساڵ دەخایەنێت.

**رووداو: زۆرجار بە پێچەوانەی سەرکردەکانی دیکەی حیزبەکەت دەڵێیت گرنگە مەسعود بارزانی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، ئەو بڕوایەت لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**شێخ جەعفەر:** لە هیچ چاوپێکەوتنێکدا نەمگوتووە زەرورە بمێنێتەوە، بەڵام خۆم لەگەڵ چارەسەری کێشەکانی هەرێمی کوردستانم لەڕێگەی گفتوگۆوە. بۆ کێشەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئێستا حیزبەکان لە گفتوگۆدان و گەیشتنە هەر رێککەوتنێک ئەوە قابیلی جێبەجێکردنە، جا کاک مەسعود یاخود هەر کەسێکی دیکە بێت.

**رووداو: بەڵام دەڵێیت هەموو حیزبەکان مەمنوونن بارزانی تا دوو ساڵی دیکەش بمێنێتەوە؟**

**شێخ جەعفەر:** مەسەلەی مەمنونییەت ئەوەیە حیزبەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دوو ساڵی دیکەیان پێ شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڵکو پێیانوایە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ئەو دوو ساڵە گۆڕانکاری تێدا بکرێت بەپێی ئەو بەرنامەیەی ئەوان پێشکەشیان کردووە و وا دوو ساڵەکەش بەرەو کۆتایی دەڕوات. پێشموایە کێشەی حیزبەکان بۆ دوای دوو ساڵەکەیە.

**رووداو: ئەوەندەی ئاگادار بیت، هیچ نێوەندگیرییەک هەیە بۆ گەڕانەوەی گۆڕان بۆ نێو حکومەت؟**

**شێخ جەعفەر:** هیچ شتێکم نەبیستووە، بەڵام پێموایە دانیشتنی حیزبەکان دەستپێدەکاتەوە و ئەو کێشەیە دەبێت چارەسەر بکرێت.

رووداو: چارەسەرکردن بەو مانایەی بێنەوە نێو حکومەت؟

شێخ جەعفەر: نەیانگوتووە نایەینەوە نێو حکومەت، پێموایە کێشەکە لە پەرلەماندایە نەک حکومەت، چونکە رەنگە پارتی بیەوێت هەیکەلیەتی ئێستای پەرلەمان وەک خۆی نەمێنێتەوە و بیانەوێت بیگۆڕن و ئەوەش قابیلی قسەکردنە و رەنگە واش نەبێت.

**رووداو: دوای دوورخستنەوەی وەزیرەکانی گۆڕان لە حکومەت، دەگوترا دەبێت یەکێتیش بێتە دەرەوە، هەڵوێستی یەکێتیت پێ باش بوو کە لە حکومەتدا مایەوە؟**

**شێخ جەعفەر:** خۆ ئێمە حکومەتمان هەڵنەوەشاندووەتەوە و کوردستان تێکنادەین،

**لەگەڵ ئەوەدا نیم لە دەرەوە باسی کێشەکانمان بکەین**

**رووداوەکەی دوبز بۆ شوێنی دیکەش چاوەڕوانکراوە**

بەڵکو دەبێت چارەسەری کێشەکان بکەین، پاشان یەکێتی حیزبێکی بچووک نییە و خاوەنی دەسەڵات و هێزی پێشمەرگە و جەماوەرە و رێکخستنێکی پۆڵایینە و خوێنی بۆ ئەو دەستکەوتانە داوە. لەبەرئەوە چۆن وا بە ئاسانی لە حکومەت دێینە دەرەوە، ئەی ئەو هەموو شەهیدەمان بۆچی داوە.

ئێمە نە پاشکۆی گۆڕانین و نە پارتی و نە هیچ حیزبێکی دیکە. ئێمە خاوەنی هەڵوێستی خۆمانین، نە بە شوێن خەڵکدا دەقیرێنین و نە پێشمان خۆشە خەڵک بە شوێنماندا بقیرێنێت و ببێتە پاشکۆمان، بەڵکو پێمانخۆشە هەموومان هاوپەیمانی یەکتر بین، نەک پاشکۆی یەکتر بین.

**رووداو: ئەو بارودۆخە کاریگەرپی لەسەر هێزی پێشمەرگە دروست نەکردووە؟**

**شێخ جەعفەر:** نەخێر هیچ کاریگەری خراپی نەبووە و هەموو پێشمەرگە بە یەکەوە شەڕ دەکەن.

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (382) دووشەممە 2015/11/9

## "ئۆجەلان ڕەخنەی لە پەکەکە و هەدەپە نەگرتووە"



**ڕووداو- ئەنقەرە**

بەپێی ڕاگەیاندنی نزیک لە حکومەتی تورکیا، لە دوایین دیداری تایبەتی بەرپرسانی هەواڵگری (میت)ی تورکی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە دوورگەی ئیمراڵی، ئۆجەلان گوتویەتی "هەدەپە و پەکەکە سیاسەتیان هەڵە بووە". بەڵام محەممەد ئەمین پێنجوینی کەسایەتی نزیک لە پەکەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەم هەلومەرجەدا هەرگیز عەبدوڵڵا ئۆجالان ڕەخنە لە پارتەکەی و هەدەپە ناگرێت و، ئەوەی باسدەکرێت دروستکراوی میتی تورکییە و ئەوەی دەگوترێت بە دروستکراوی دەزانم".

# تورکیا.. دۆسیەکانی تاوانی بکەر نادیار داخران

### سەرۆکی دەزگای مافی مرۆڤ لە شڕناخ:

## تاوانەکان بە فەرمانی دەوڵەت کراون، بۆیە مومکین نییە دەوڵەت لەدژی خۆی بڕیار بدا



**ڕووداو- هەولێر**

دادگای تاوانەکان لە ئەسکیشەهیری تورکیا، بە بیانووی نەبوونی بەڵگەی پێویست، هەشت تاوانباری دۆسیەی کوشتنی 21 هاووڵاتی کوردی لەشاری جەزیرەی باکووری کوردستان کە لە نێوان ساڵانی 1993 — 1995 ڕوویاندابوو، ئازاد کرد. ئەوە لەکاتێکدا کە سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی 21 قوربانییەکە دەڵێ "بەڵگەکان وەکو ڕۆژی ڕووناک دیارن".

ڕۆژی 2015/11/5 دادگای دووەمینی تاوانەکان لە شاری ئەسکیشەهیر، بڕیاری بێتاوانیی بۆ هەشت ئەفسەری پێشووی سوپا، سەرۆک جەردەوان و ئیعترافچییان دەرکرد کە بەتۆمەتی کوشتنی 21 هاووڵاتی کورد لە شارۆچکەی جەزیرەی باکووری کوردستان دەستگیر کرابوون.

یەکێک لەو تۆمەتبارانە عەقیدی خانەنشین جەمال تەمیزۆز بوو کە ناوێکی تۆقێنەر بوو. دەگوترێ لە دوای ساڵی 1990ەوە دەستی لە چەندین تاوانی کوشتن و ڕفاندنی هاووڵاتیانی کورد لە ناوچەی سنووریی نێوان هەرێمی کوردستان و باکووری کوردستاندا هەبووە.

جەمال تەمیزۆز تۆمەتبارە بە ڕفاندنی مەحموود گەودان کادیری پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1990 لە ماردین کە دواتر بە 100 هەزار دۆلار بە دەزگای ئیستیخباراتی عێراقی فرۆشتەوە.

جگە لە تەمیزۆز، کامیل ئاتاغ، سەرۆک جەردەوانی ناوچەی جەزیرە و چەند ئیعتیرافچییەکی دیکە لەو دۆسیەیە تێوەگلابوون. بەڵام دادگای دووەمی ئەسکیشەهیر بە بیانووی نەبوونی بەڵگەی بەهێز بڕیاری ئازادکردنی ئەو 8 کەسەی دەرکرد.

لە دانیشتنی 48ەمینی ئەو دادگایەدا کە بە "دۆسیەی تەمیزۆز" دەناسرێت، کەسوکاری قوربانیان بە کوردی قسەیان کرد. عابد ئۆزمەن کوڕی عیزەدین پادر کە یەکێکە لە قوربانییەکانی تاوانی بکەرنادیار، لە ئیفادەکەیدا گوتی "تەمیزۆز و پیاوەکانی تۆرسی سپییان پێبوو (تۆرسی سپی، بە ئۆتۆمبێلی رینۆ دەگوترێت کە تەنیا پیاوانی ژیتەم لە ساڵانی 1990 بەکاریان دەهێنا- ڕووداو). دەتانگوت بەبێ ئاگاداری ئێمە ڕێگا نادەین لە جەزیرە تەیریش بفڕێ. باشە چۆن نازانن چارەنووسی باوکم و مام چییە؟"

بەدریە ئاکمان، دایکی یەحیا ئاکمانیش کە لە ئاداری 1994دا تەرمەکەی دۆزرایەوە و تەمەنی تەنیا 14 ساڵ بوو، گوتی "پەنجەیان بڕیبوو، ئەو پەنجەیە لەبیر ناکرێت، 21 ساڵە جلی ڕەش لەبەر دەکەم".

دوای ئەوەی دەستەی دادگا بڕیاری کۆتایی خۆی ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند کە ئەو بەڵگانەی لەبەردەستن بەشی ساغکردنەوەی تاوانەکان ناکەن، کەسوکاری قوربانیان لەبەردەم دادگای ناوبراو بە بەرزکردنەوەی وێنەی قوربانیان ڕەخنەیان لە بڕیارەکەی دادگا گرت.

پارێزەرانی کەسوکاری قوربانیان بڕیاری دادگایان بە بڕیارێکی ناعادیلانە ناوبرد.

فەیسەڵ ڤەسەک، سەرۆکی دەستی پارێزەرانی کەسوکاری قوربانیان، پێیوایە دادگای ئەسکیشەهیر دادگای ئازادکردنی تاوانباران و بکوژانە و بە (ڕووداو)ی گوت "تا ئێستا ئەو دادگایە لە چەندین دۆسیەی تاوانی بکەر نادیاردا هەموو تاوانبارانی ئازاد کردووە".

ساڵی 2009 بڕیار بوو پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ژیتەم لە جەزیرە لە دادگای سزای گرانی ئامەد دەستپێبکات، بەڵام دوای داخستنی ئەو دادگایە، دۆسیەکە گەڕایەوە دادگای شڕناخ، دادگای شڕناخ لەگەڵ والی ئەو شارە بە بیانووی نەبوونی ئارامی، دۆسیەکەی گواستەوە ئەسکیشەهیر.

پارێزەر فەیسەڵ ڤەسەک دەڵێت "لە سەرەتاوە کردنەوەی ئەو دۆسیەیە بەدڵی هەندێک بەرپرسی دەوڵەت نەبوو. لەبەر ئەوەی تا ئەمڕۆ دادگای ئەسکیشەهیر، ئەنقەرە و چۆڕوم کە دۆسیەکانی تاوانی بکەرنادیار ڕەوانەی ئەو دادگایانە دەکرێن، کەسیان سزا نەداوە".

هەشت تۆمەتبارەکە لە ئیفادەکانیاندا بەرگرییان لەخۆ کرد و تاوانبارکردنیشیان بە هۆکاری جیاوازەوە بەستەوە. ئادەم یاکین، کە کادیرێکی پێشووی پەکەکە بووە و دوای دابڕانی لە پەکەکە بووەتە ئیعترافچی و پەیوەندی بە ژیتەمەوە کردووە، لە ئیفادەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوودا لە دادگا گوتی "کاتێک دەڵێن تاوان بەرامبەر بە کەسانێک کراوە، یەکسەر پەکەکەم بەبیر دێتەوە کە چۆن کەسوکاری جەردەوانانی دەکوشت. نازانم ژیتەم چییە، بەڵام دەزانم ژیتەم بە فەڕەنسی بە واتای خۆشمدەوێی".

هەروەها کامیل ئاتاغ، سەرۆک جەردەوان کە تۆمەتبارە بە کوشتنی هاووڵاتی بەشیر بایەر لە جەزیرە لە ساڵی 1994دا، گوتی "من ئەرکی خۆم بەجێگەیاندووە. پەیوەندیم بەو ڕووداوانەوە نییە".

جەمال تەمیزۆزیش کە داوا لە دادگا کراوە نۆ حوکمی تاهەتایی بەسەردا بسەپێنێ، لە دوا دانیشتنی دادگادا گوتی "ئەو سکاڵایە بۆ تۆڵەکردنەوەیە، هەر لەسەرەتاوە وەقفی (سۆرس)ی لە پشت بووە. دەخوازن ئەو کەسانەی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا سەرکەوتوو بوون، لەبەرچاوی خەڵک ڕەش بکرێن".

فەیسەڵ ڤەسەک پارێزەری کەسوکاری قوربانیان لەبارەی قسەکانی ئەو تاوانبارانە و دوا بڕیاری دادگا دەڵێت "تاوانباران هیچ دوودڵییان پێوە دیار نەبوو. وەکو ئەوەی پێشوەخت بزانن کە دادگا هیچ بڕیارێک لە دژی ئەوان نادات".

ئایا ڕاستە بەڵگەی پێویست لەبەردەستدا نییە بۆ تاوانبارکردنی ئەو 8 کەسە؟ فەیسەڵ دەڵێت "کاتێک دایکێک بڵێ ئەو تاوانبارە کوڕی منی بە تۆڕۆس برد، بەڵگە لەوە زیاتر چییە؟ دیسان کامیل ئاتاغ بە ئاشکرا بەشیر بایەری کوشتووە، کامیل لە بەردەم دادوەردا گوتی (بەشیر بکوژی باوکمە، ئەگەر زیندوو بێتەوە تۆڵەی باوکمی لێدەکەمەوە). بۆیە ئەو بڕیارە دادپەروەرانە نییە و تەمیزی دەکەینەوە".

### هەموو دۆسیەکان داخران

لەو سێ مانگەی دواییدا هەموو ئەو دۆسیانەی لەبارەی تاوانی بکەرنادیارەوە لە شارەکانی باکووری کوردستان کرانەوە یەک لەدوای یەک داخران و تاوانبارانیش ئازادکران. کەسوکاری قوربانیان کە چەندین ساڵە چاوەڕێی دادپەروەری دەکەن، جارێکی دیکە تووشی نائومێدی بوون.

لە مانگی تەممووزی ڕابردوودا دۆسیەی کوشتنی شەش هاووڵاتی کورد لە 1993/6/14 لە گۆروملوی سەر بە سلۆپی، بە بیانووی نەبوونی بەڵگەی پێویست داخرا، کە تێیدا عەمیدی خانەنشین مەتە سەیار و پێنج ئەفسەری دیکە تۆمەتبار کرابوون.

مانگی ئابی ڕابردووش عەمید موسا چیتلی کە تۆمەتبار بوو بە کوشتنی 13 هاووڵاتی کورد لە شارۆچکەی دێرکی سەر بە ماردین لە ساڵی 1995دا، ئازادکرا.

ئەمیرخان ئویساڵ، سەرۆکی دەزگای مافی مرۆڤ لە شڕناخ، داخستنی ئەو دۆسیانەی بە چاوەڕوانکراو وەسفکرد و گوتی "تاوانی بکەر نادیار بە فەرمانی دەوڵەت جێبەجێکراوە، بۆیە مومکین نییە دەوڵەت لەدژی خۆی بڕیار بدات".

## هەدەپە ئامادەیە سەودای لەگەڵ بکات

# ئاکپارتی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی پێویستی بە هەدەپە دەبێت



**ڕووداو- هەولێر**

شرۆڤەکارانی سیاسی پێیانوایە ئەگەر پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار لە تورکیا (ئاکەپە) بیەوێ سیستەمی حوکمڕانی بگۆڕێت، پێویستە لە دەرگای پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بدات و دەشڵێن هەدەپە لە ئەگەرێکی وەهادا ئامادەیە لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد و سیستەمی سەرۆکایەتی، سەودا لەگەڵ ئاکەپە بکات.

دوای ئاشکرابوونی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن کە ئاکپارتی براوە بوو، لایەنگرانی ئەو حیزبە بە دروشمی: "دەبێت لەسەر سیستەمی سەرۆکایەتی قسە بکەین"، ڕژانە سەر شەقامەکان. بەمەش جارێکی دیکە گفتوگۆ لەبارەی سیستەمی سەرۆکایەتی لە تورکیا زیندوو کرایەوە.

کاتێکیش ئیبراهیم کالن، گوتەبێژی کۆشکی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا گوتی "دەبێت بە باشی ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەم بخوێنینەوە، بۆچی سیستەمی سەرۆکایەتی پەیڕەو نەکەین؟" ئەو گفتوگۆیە بووە ڕۆژەڤی سیاسی چەند ڕۆژی ڕابردووی تورکیا.

بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تەواوی ڕێگەکەی بۆ ئاکپارتی تەخت نەکرد، چونکە پێویستی بە کورسی زیاتر لە کورسییەکانی خۆیەتی تاوەکو بەبێ قرە دەستوور هەموار بکاتەوە و سیستەمی حوکم لە پەرلەمانییەوە بگۆڕێ بۆ سەرۆکایەتی.

ئاکپارتی دەمێکە کار بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی دەکات، ساڵی 2007 توانی دەستوور هەموار بکاتەوە و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەناو پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەناو خەڵکدا بگۆڕێت.

پرۆفیسۆر فازڵ حوسێن ئەردەم، مامۆستای یاسای دەستووری لە زانکۆی دیجلە پێیوایە بەم شێوەیەی ئێستا ناکۆکی لەنێوان سیستەمی حوکمڕانی و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە تورکیا هەیە.

ئەو پسپۆڕە یاساییە بە (ڕووداو)ی گوت "بە گوێرەی سیستەمی پەرلەمانی کلاسیک و دەستووری ساڵی 1982 سەرۆک کۆمار پۆستێکی تەشریفاتیە و بەشداری لە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا ناکات، بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بە ڕاستەوخۆ پێگەی سەرۆک کۆمار بەکردەوە بەهێزتر دەکات. لێرەدا کێشەیەک دروست دەبێت. یان پێویستە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار زیاد بکرێت و وەکو سەرۆکی وڵاتی لێبێت. یان دەبێت سیستەم بکرێتە سەرۆکایەتی".

لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی 2011، کۆمیسیۆنی سازان لەسەر دەستوور لە نێوان چوار پارتەکەی پەرلەمان دامەزرا، بەڵام دوای دوو ساڵ ئەو کۆمیسیۆنە تەنیا لەسەر 30 ماددەی دەستوور گەیشتنە سازان، ئەوانیش ئەو ماددانە بوون کە پارتەکان لەسەری زۆر ناکۆک نەبوون.

گەورەترین ئاستەنگیش کە کۆمیسیۆنی سازان نەیتوانی تێیپەڕێنێ، پرۆژەی سیستەمی سەرۆکایەتی بوو کە ئاکپارتی پێشکەشی کردبوو. ئەو مۆدێلەی ئاکپارتیش لە پرۆژەکەیدا داوای دەکرد، لە جیهاندا نموونەی نەبوو.

گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیا کارێکی ئاسان نابێت، چونکە جەهەپە و مەهەپە گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکەنەوە، بۆیە ئێستا نیگاکان لەسەر هەدەپەن.

هەرچەندە هەدەپە دەڵێت پابەندە بەو بەڵێنەی بە دەنگدەرانی داوە و دژی گۆڕینی سیستەمن، بەڵام ئامادەیی خۆشیان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەموو مەسەلەیەک ناشارنەوە. هەردوو پەرلەمانتاری بە ئەزموونی هەدەپە میر دەنگیر محەممەد فورات و جەلال دۆغان کرانەوەی پارتەکەیان بۆ گفتوگۆکردن بۆ هەر ئەگەرێک دووپات کردەوە.

میر دەنگیر فورات لەوبارەیەوە گوتی: "ئێمە کراوەین بۆ گفتوگۆ لەسەر هەموو سیستەمەکانی سەرۆکایەتی، نیو سەرۆکایەتی. تەنیا لەدژی مۆدێلی سەرۆکایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین کە کەسانی وەکو سەددام و قەزافی دروست دەکات. لەدژی مۆدێلی ئەمریکی نیم. بەڵام پێموایە سەرۆک کۆماری مۆدێلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوازێت. بەڕێز ئەردۆغان سەردەمێک باسی مۆدێلی مەکسیکی دەکرد، بەڵام ئەوەی ئەو باسی کرد مۆدێلی کۆنی ستوونی بوو. من مۆدێلی ئەمریکی بەبنەما دەگرم. لەسەر مۆدێلی مەکسیکیش گفتوگۆ دەکەین".

هەروەها جەلال دۆغان پەرلەمانتاری هەدەپە دەڵێت "لەبەر ئەوەی پێویستمان بە دەستوورە، گفتوگۆ لەسەر هەموو شتێک دەکەین. هەدەپە پارتێکە گفتوگۆ لەسەر هەموو فکرە دژەکان دەکات، بەڵام گفتوگۆ بە واتای قەبوڵمان بێت، نایەت".

### هەموو ئاکپارتی لەگەڵی نییە

ئاکپارتی لەدوایین هەڵبژاردندا نزیکەی 50%ی دەنگەکانی هێنا، بەڵام ئەو ڕێژەیە بەو واتایە نایەت کە هەموو دەنگدەری ئاکپارتی پشتگیری لە سیستەمی سەرۆکایەتی دەکەن.

پرۆفیسۆر مەسعود یەگەن، مامۆستای زانکۆ لە ئیستانبوڵ دەڵێت بۆیە لە هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەمدا گفتوگۆ لەسەر سیستەمی سەرۆکایەتی نەکرا "چونکە لە هەڵبژاردنی 7ی حوزەیران کە قسە لەسەر سیستەمی سەرۆکایەتی کرا، دەنگەکانی ئاکپارتی لە کورتیی دا".

یەگەن پێیوایە دەسەڵات هەڵە دەکات ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردن وەکو پشتگیری لە سیستەمی سەرۆکایەتی لێکبداتەوە "ئەگەر ئاکپارتی توانی 330 پەرلەمانتاریش بۆ پشتگیریکردنی سیستەمی سەرۆکایەتی بدۆزێتەوە، ئەوە لە ڕاپرسیدا زۆرینەی تورکیا و بەشێکی ئاکپارتیش دەنگ بۆ ئەو سیستەمە نادەن".

پرۆفیسۆر فازڵ حوسێن بە پشتبەستن بە ڕاپرسییەکان دەڵێت "بەپێی ڕاپرسییەکان تەنیا 30 — 35%ی خەڵکی تورکیا پشتگیری لە سیستەمی سەرۆکایەتی دەکەن. ئەمەش نیشانی دەدات کە بەشێک لە دەنگدەری ئاکپارتی بە گەرمی پێشوازی لە سیستەمی سەرۆکایەتی ناکات".

### ئاکپارتی ناچاری هەدەپەیە

"ئەگەر مەسەلەی گۆڕینی دەستوور بە شێوەیەکی بەرفراوان بێتە گۆڕێ و مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێت لە ناو دەستوور، ئەوکات کورد پشتگیری سیستەمی سەرۆکایەتی دەکات". ئەمە قسەی کەسێکی زۆر نزیکە لەناوەندی بڕیاردانی هەدەپە.

چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئاکپارتی بیەوێ بە ئامانجەکەی بگات، دەبێ لە دەرگای هەدەپە بدات. هەدەپەش ڕەنگە ڕازی ببێ، بەڵام بە مۆدێلی ئەمریکی نەک تورکی.

مەسعود یەگەن دەڵێت "ئاکپارتی بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی، جگە لە سازشکردن لەگەڵ هەدەپە و کورد هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە".

فازڵ حوسێن ئەردەم، کە لە ئامەد دادەنیشێ و پەیوەندی گەرمی لەگەڵ هەدەپە هەیە، دەڵێت "لانیکەم بەشێکی هەدەپە پشتگیری لە سیستەمی سەرۆکایەتی دەکات. بەرپرسانی هەدەپە پشتگیری لە سیستەمی سەرۆکایەتی شێوازی ئەمریکی یان مەکسیکی دەکەن. بەڵام بەهیچ جۆرێک پشتگیری لە سیستەمی سەرۆکایەتی مۆدێلی تورکی ناکەن، بۆیە ئەگەر هەیە مەسەلەی چارەسەری کێشەی کورد و سیستەمی سەرۆکایەتی لە قۆناغی داهاتوودا لە نێوان هەردوولادا سەودای لەسەر بکرێت".

### مۆدێلی مەکسیکی

لە مۆدێلی مەکسیکیدا سەرۆک دەسەڵاتی زۆری هەیە. ئەردۆغان پێشتر باسی لەو مۆدێلە کردووە کە لەلای سیاسەتڤانان بە مۆدێلی "دیکتاتۆری شەش ساڵە" یان مۆدێلی "سەرۆکایەتی ئیمپریالیستی" ناو دەبرێ. سەرۆک بۆ یەک خولی هەڵبژاردن لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێ. کێ زۆرتر دەنگ بێنێ دەبێتە سەرۆک. پێنا نیتۆ، سەرۆکی ئێستای مەکسیک لە ساڵی 2012 بە 30%ی دەنگەکان دەسەڵاتی وەرگرت.

لەو سیستەمەدا جێگای جێگری سەرۆک و سەرۆک وەزیر نابێتەوە. هەموو دەسەڵات لەدەستی سەرۆکدایە. سەرۆک دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی وەزیرەکان، دادوەرانی دادگای دەستووری، داواکاری گشتی، بەڕێوەبەرانی ئاسایش و فەرماندەکانی سوپا و باڵیۆزی وڵاتانی هەیە. سەرۆک مافی هەیە یاساکانی پەرلەمان و بودجە ڤیتۆ بکات. مافی هەیە ڕەشنووسی یاسا بداتە پەرلەمان. بڕیار لەبارەی شەڕ و ئاشتی دەدات، واژۆکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتان لە دەستی سەرۆکدایە.

### مۆدێلی ئەمریکی

لە سیستەمی ئەمریکیدا دەسەڵاتی یاسادانان لە دەستی هەردوو ئەنجومەنی کۆنگرێس و سیناتۆرەکاندایە. چۆن سەرۆک ناتوانێ ئەنجومەنی کۆنگرێسمانان هەڵوەشێنێتەوە، ئەو ئەنجومەنەش ناتوانێ سەرۆک ناچاری دەست لەکارکێشانەوە بکات. هەر خولێکی سەرۆکایەتی چوار ساڵە، سەرۆک مافی ئەوەی هەیە دوو خول ببێتە سەرۆک. سەرۆک ئەندامانی حکومەت دەستنیشان دەکات، قسەی دوایی لە کۆبوونەوەکانی حکومەت، سەرۆک دەیکات. سەرۆک مافی ڤیتۆکردنی یاساکانی کۆنگرێسی هەیە. دادوەرانی دادگای باڵا لەلایەن سەرۆکەوە دەستنیشان دەکرێن.

مەسعود ئاکداغ، خاوەنی کۆمپانیای (As Nish Research) بۆ توێژینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی:

# سەرمایەدارانی کوردستان نازانن پارە چییە



مەسعود ئاکداغ: بەڕێوەبەر و خاوەنی کۆمپانیای (As Nish Research) بۆ توێژینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لقێکی کۆمپانیاکەی لە هەرێمی کوردستانە، سبەی (سێشەممە) ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوشی عێراق بڵاودەکاتەوە. ئاکداغ لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هۆکاری قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، لەوانەش قەیرانی ئابووری و چۆنیەتی چارەسەرکردنی دەکات و دەڵێت "باشترین چارەسەر هێنانی سەرمایەی بیانییە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەویش لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە".
ڕووداو - هەولێر

گەندەڵی یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان

ئیدی خەڵک بۆ ئاڵا و خاک هەڵناپەڕێ بۆ دواڕۆژی منداڵەکانی هەڵدەپەڕێ

**ڕووداو: وەکو چاودێرێک کێشە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینن؟ سەرچاوەی ئەو کێشانە چین؟**

**مەسعود ئاکداغ:** ئەو کێشانەی هەرێمی کوردستان بەدەستیانەوە دەناڵێنێ، تەنیا کێشەی ئەو نین، بەڵکو کێشەی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام زیاتر و زووتر کاریگەری لەسەر کوردستان هەبووە، هۆکاری ئەمەش سێ قەیران بوون کە لە ماوەی هەشت مانگدا ڕوویان لە کوردستان کرد. لە سەرەتای 2014 بڕینی مووچەی کارمەندان. پێنج مانگ دواتر داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعش، سێ مانگیش دواتر دابەزینی نرخی نەوت بەخێرایی و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو. ئەو قەیرانانە کێشەکانی کوردستانیان فراوانتر کرد و گەیاندیانە ئەم ئاستە. هۆکاری سەرەکیش پێشبینی ڕوودانی ئەو قەیرانانە نەدەکرا. لە مەسەلەی مووچە، کوردستان هەرێمێکی یاسایی عێراقە، بەگوێرەی یاسا ناوەند مافی ئەوەی نییە بڵێ من بودجە و مووچە بۆ هەرێمێک نانێرم. لەبەر ئەوەش چاوەڕێ نەدەکرا حکومەتی ناوەندی ئەو هەنگاوە بنێ. ئەگەر کێشەیەکیش لە ڕووی یاساییەوە پێشبینی ڕوونەدانی نەکەی، مومکین نییە بە ئیرادە پێشبینی ڕوودانی بکەیت. دیسان چاوەڕوان نەدەکرا داعش بە ژمارەیەکی کەم لە ئان و ساتێکدا 60 هەزار سەربازی عێراقی ناچار بکات مووسڵ بەجێبێڵن. هەروەها دابەزینی نرخی بەرمیلێک نەوت لە سەرووی 110 دۆلارەوە بۆ 40 دۆلار، ئەویش شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو.

بەڵام پێش هەموو شتێک دەبووایە هەرێمی کوردستان هێزە ئابوورییەکانی بنیات بنێ و بپارێزێ. دەبووایە دواڕۆژی تەنیا لەسەر سامانی ژێر زەوی بنیات نەنێت. لە خواروی خۆی عێراقێک هەیە کە ژمارەی دانیشتووانی 30 ملیۆن کەسە، عێراقێک هەیە کە هەموو پێداویستیەکانی لە دەرەوە دێنێت. پێویست بوو ئەو فاکتەرە بەباشی بەکاربێنێ. دەیتوانی لێرە پیشەسازی خۆی دابمەزرێنێ. لەوانەیە ئاستەنگی یاسایی و سیاسی هەبن، یان لەوانەشە پێشبینی ئەمانەی نەکردبێ. لەگەڵ ئەوە، لە ماوەی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی زۆر گرنگی ناوە، ئەویش هێنانی وەبەرهێنەری بیانییە. هاتنی سەرمایە و وەبەرهێنەری بیانی بۆ هەرێمێکی وەکو کوردستان، کە سەربەخۆ نییە و لە ڕووی یاساییەوە پەیوەستە بە عێراق، سەرکەوتنێکی گرنگە. بۆچی گرنگە؟ چونکە هەرێمێکی چەکدار نییە، لەبەر ئەوە هاتنی سەرمایەی بیانی بۆ ناو کوردستان گەورەترین چەکی خۆپاراستنە. بۆ نموونە ئەگەر ئەمڕۆ 50 ملیار دۆلاری جیهان لەو هەرێمە هەبووایە، کوردستان زۆر جیاوازتر دەبوو. لە حەوتی ئابی 2014 کاتێک داعش لە هەولێر نزیک بووەوە، هێزە نێودەوڵەتییەکان کەوتنە جوڵە، هۆکاری جوڵەکردنی ئەو هێزانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەبەرهێنانیان لە کوردستان هەبوو. بۆیە دەبێت هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە سەردەمی پێشووی، وەبەرهێنەران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. ڕاکێشانی وەبەرهێنەر گەورەترین چەک و ئامرازی بەرەوبەخۆدانە. بەتایبەتی هێنانی وەبەرهێنەر لە وڵاتانی دەوروبەر، ڕاکێشانی پارەی ئەو وڵاتانە لە مووشەکی بالستیک و زرێپۆش و هەمەر گرنگترە.

**ڕووداو: باشە ئەمە چۆن دەکرێت؟ ئایا هەرێمی کوردستان ئیعتیباری ماوە؟**

**مەسعود ئاکداغ:** پارەدار ترسنۆکە، کاتێک شوێنێکی جێهێشت، وا بەزوویی بۆی ناگەڕێتەوە، بەڵام کاتێک ئاسایشی ئەو سەرمایەیە بەرقەرار کرا، دەگەڕێتەوە. لە جیهاندا پارە زۆر بووە، هەوڵ دەدەن ئەو پارەیە لە وەبەرهێنان بەکاربێنن. ئەگەر پارە بە تۆوی دانەوێڵە دابنێین کە لە شوێنێکە خاکەکەی زۆر بە پیت نییە، بەرهەمێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، بەڵام کاتێک ئەو تۆوە لە خاکێکی بە پیت دەچێنی، بەرهەمەکەی زیاتر دەبێت. ئەو خاکە بەپیتە کوردستانە. ئەگەر زەمینەی ژێرخانی وەبەرهێنان ئامادە بکرێت جارێکی دیکە سەرمایەی

## دەبووایە کوردستان دواڕۆژی خۆی تەنیا لەسەر سامانی ژێر زەوی بنیات نەنێ

## بۆ کوردستان، ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی لە زرێپۆش و هەمەر گرنگترە

بیانی ڕوو لە کوردستان دەکاتەوە. پارەش پێویستی بە کوردستانە، پارە بەدوای هەرێمێکدا دەگەڕێت تاوەکو لێی بگیرسێتەوە. بۆ نموونە چووە ئەفریقا، ئێستا ئەفریقا سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە.

کوردستان، بەو ئاستەی پێی تێپەڕ دەبێت دەتوانێ بە ئاسانی سەرمایەی بیانی ڕابکێشێت. ئەوەش کێشەی ئابووری چارەسەر دەکات و هەرێمی کوردستان لە هەڕەشەی دەرەکی دەپارێزێت. ئەگەر ئەو هەرێمە تانک، فڕۆکە و چەکی نوێی هەبێ، بە واتای ئەوە نایەت هەڕەشەی دەرەکی نامێنێ، بەڵام ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی بە واتای نەمانی هەڕەشەی دەرەکی دێت. بە واتای لەناوبردنی ریسکی شەڕ دێت.

**ڕووداو: هۆکاری بارودۆخی ئابووری و سیاسی لە کوردستان تەنیا ئەو قەیرانانەیە کە یەخەی کوردستانی گرتووە؟ یان خوێندنەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و لۆژیکی نوخبەی سیاسی لە کوردستانیش هۆکاری ئەو بارودۆخەیە؟**

**مەسعود ئاکداغ:** هەڵبەتە سیاسەت بە لۆژیک و خەیاڵی سیاسەتمەدار سەرکەوتوو دەبێت. بۆیە پێویستە سیاسەتمەدار واقیعی بێ، بۆ نموونە کەسێک کە بارودۆخی ماددی باش نەبێت، نابێ خەیاڵی ئەوە بکات ببێتە خاوەن ئۆتۆمبێلێکی گرانبەها. بەهەمانشێوە وڵاتێک کە هێزی ئابووریی گەورەی نەبێ، کێشەی ئابووری هەبێ، ناتوانێ خەیاڵی گەورە بکات. ئەگەر ئەو خەیاڵە بکات کێشە بۆ خۆی دروست دەکات. بێگومان ئەو قەیرانانەی بەسەر کوردستاندا هاتن چاوەڕواننەکراو بوون. دەتوانن بچن پرسیار لە سیاسەتمەدارێکی کوردستان بکەن و بڵێن: "ئایا لە ساڵی 2004 خەیاڵی ساڵی 2014ت دەکرد؟" بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێ "نەخێر".

کوردستان بەبێ ئەوەی پلانی هەبێت گەیشتە ئاستێکی باشی پێشکەوتن، بەڵام دەبێت لەمەودوا پلانی هەبێت. ئەگەر چاوێک بە مێژووی وڵاتانی پێشکەوتوودا بخشێنین دەبینین کە دوای ئەوەی بە بارودۆخی زۆر زەحمەتدا تێپەڕیون گەیشتوونەتە ئەو ئاستە. قەیرانی ئەمڕۆ بۆ کوردستان دەرفەتێکی زۆر گەورەیە، تا ئەمڕۆ زۆر لەبارەی بەرپرسیارێتیی خەڵک بەرامبەر بە دەوڵەت قسە نەکراوە، دەوڵەت چوار دینامیکی سەرەکی هەیە: "گەل، سەرمایەدار، ڕۆشنبیر و حکومەت". بەرپرسیارێتی ئەو چوار گرووپە بەرامبەر یەکدی قسەی لەسەر نەکراوە. بەردەوام لەسەر پێشکەوتنی وڵات قسە دەکرا، باسی ئەوە دەکرا کوردستان بکرێتە دوبەی، بەڵام باسی بەرپرسیارێتی ئەو چوار گرووپە بەرامبەر یەکدی هیچ نەکرا. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو چوار گرووپانە باسی بەرپرسیارێتییەکانیان بەرامبەر یەکدی بکەن.

**ڕووداو: بەرپرسیارێتی ئەو چوار گرووپە بەرامبەر یەکدی چییە؟ چۆن جێبەجێ دەکرێت؟**

**مەسعود ئاکداغ:** بێگومان ئەمانە مەسەلەی تەکنیکین، بەڵام پێش هەموو شتێک بەرپرسیارێتی گەل لە بەرامبەر دەوڵەت چییە؟ لە مێژووی زانستی سیاسەتەوە پسپۆڕان ویستوویانە ئەو بەرپرسیارێتییە دەستنیشان بکەن، لەبەر ئەمە جیاوازیی لە ئەرکەکاندا هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا بەرپرسیارێتی میللەت لەبەرامبەر دەوڵەت بەشداریکردنێکی کارایە لە پێشخستنی ئابووریی وڵات. نابێت گەل تەنیا چاوەڕوان بێ، بەڵکو پێویستە بۆ پێشخستنی ئابووریی وڵات پرۆژە پێشکەش بکات و ڕۆڵی خۆی ببینێ لە جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا. ئەوەی گەل لەوبارەیەوە هۆشیار دەکاتەوە و هانی دەدات ئەرکی خۆی بەتایبەتی لە قۆناغە سەختەکاندا بگێڕێت، ڕۆشنبیرانن. ئەمە مەسەلەیەکی بەرفراوانە و پێویستە لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە بکرێت. پێویستە سیاسەتمەدارانیش زەمینەی ئەمە خۆش بکەن.

لێرەدا پێویستە لەبارەی سەرمایەدارانیش بە ڕاشکاوانە قسە بکەین، سەرمایەدار شەریکی دەوڵەتە، کاتێک دەوڵەت تووشی قەیران دەبێت لەهەموویان زیاتر ئەوان پێی کاریگەر دەبن. کاتێک دەوڵەت تووشی قەیران دەبێت، داهاتی سەرمایەدار لە هەموویان زیاتر دادەکشێت. دیسان بەرپرسیارێتی هەرە قورس لە قۆناغە سەختەکاندا دەکەوێتە سەر شانی سەرمایەدار. چۆن ئەرکی دەوڵەتە کار بۆ هاووڵاتیانی پەیدا بکات، بەهەمانشێوە ئەرکی سەرمایەداریشە، ئەمەش بە وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان بەشێوەی جیاواز و پەیداکردنی دەرفەتی کار. سەرمایەدار ڕۆڵی حکومەت دەبینێ لە وڵاتان.

**ڕووداو: پێتوایە سەرمایەداری کوردستان ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکات؟**

**مەسعود ئاکداغ:** سەرمایەداری کوردستان وەبەرهێنەر نییە. خانوویەک بە سەدان هەزار دۆلار دەکڕن کە بەرهەمێکی ئەوتۆی نابێ. ئەو پارەیە تووشی قەیران دەکات. من ئێستا لە خانوویەکی کرێ دانیشتووم کە خاوەنەکەی بە 180 هەزار دۆلار کڕیویەتی، من مانگانە 600 دۆلار کرێی دەدەمێ. خاوەن ماڵ ساڵانە 7200 دۆلار لە من وەردەگرێت. ئەو بڕە پارەیە دەکاتە 3.14%ی نرخی خانووەکە. 7200 کە ساڵانە قازانجی 180 هەزار دۆلارە لە ڕووی ئابوورییەوە کێشەیەکی گەورەیە. ئەمڕۆ سوودی بانکی بە گوێرەی پێوانەی جیهانی 10%یە. دەبێت ئەو 180 هەزار دۆلارە ساڵانە لانیکەم 18 هەزار دۆلار قازانج بکات. کەواتە ئەو وەبەرهێنانە هەڵەیە. بە وەبەرهێنانی هەڵەش سەرمایەدار ناتوانێ بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرامبەر دەوڵەت و میللەت بەجێبگەیەنێ. کڕینی خانوو بە 180 هەزار دۆلار دەرفەتی کار بۆ کەس نارەخسێنێ، پێویستە وەبەرهێنانی هەر 5000 دۆلارێک دەرفەتێکی کار بۆ کەسێک بڕەخسێنێ. ئەمە بە گوێرەی وەبەرهێنانی ئاست بەرز، بەڵام لە وەبەرهێنانی ئاست نزمدا 10 هەزار دۆلاریش دەتوانێ دەرفەتی کار بۆ کەسێک بڕەخسێنێ.

جگە لەمە، ئەمڕۆ بە هەزاران دەرچووی زانکۆ بێکارن، ئەمڕۆ ئەو گەنجانە داوای دەرفەتی کار لە حکومەت دەکەن کە داوایەکی ڕەوایە، بەڵام دابینکردنی کار بە تەنیا ئەرکی حکومەت نییە، ئەرکی سەرمایەدارانیشە. پێویستە سەرمایەداران ئەو بەرپرسیارێتییە بخەنە سەر شانی خۆیان. بەتایبەتی لە کاتە قەیراناوییەکان.

**ڕووداو: کەواتە تۆ دەڵێی سەرمایەداری کوردستان نیشتمانپەروەر نییە؟**

**مەسعود ئاکداغ:** سەرمایەدارانی کوردستان خاوەنی هزری سەرمایەداری نین. لە ڕووی تەکنیکییەوە ئەو قسەیە دەکەم. پێموانییە زۆر بەباشی بزانن پارە چییە. ڕۆڵی پارە چییە. چاوەڕوان بی کەسێک ببێتە نیشتمانپەروەر یان نەتەوەپەرست شتێکی لە جێگای خۆیدا نییە. ڕاست نییە تۆ بە کەسێک بڵێی ببە نیشتمانپەروەر. بەڵام ئەو سەرمایەدارەی پارە بناسێ و خاوەن ئاکاری سەرمایەدارانە بێ، دەزانێ پارەکەی چۆن بەکاردێنێ و چۆن قازانج دەکات. ئەگەر ئەو ملیۆن دۆلارانەی لە کوردستان لە وەبەرهێنانی خانووبەرە و ڤێلا بەکارهات لە وەبەرهێنانی پیشەسازیدا

## هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانەکانییەوە گەیشتە قۆناغی پێگەیشتن

## قەیرانی ئەمڕۆ بۆ کوردستان دەرفەتێکی زۆر گەورەیە

بەگەڕخرابان، قازانجەکەی زۆر زیاتر دەبوو. ئایا ئامانجی سەرەکیی سەرمایە زیاتر دەوڵەمەندبوون نییە؟ ئایا ئەگەر خانوویەک لە ساڵی ڕابردوو بە 250 هەزار دۆلار کڕدراوە، ئەمڕۆ بە 120 هەزار بفرۆشرێتەوە زیانێکی گەورە نییە؟ ئەگەر ئەو بڕە پارەیە لە ساڵی ڕابردوو لە وەبەرهێنانی پیشەسازیدا خەرج کرابایە ئەمساڵ قازانجی زیاتری نەدەکرد؟

بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر نەتەوەپەرستی هەیە، یەکەمیان نەتەوەپەرستێکی واقیعیە، ئەوەی دیکەیان نەتەوەپەرستێکی سۆزدارانەیە. نەتەوەپەرستی سۆزدار بە ئاڵا، شیعری نیشتمانی کاریگەر دەبن. بەڵام نەتەوەپەرستی واقیعی، لەو کەسانە پێکدێت کە زۆر بەباشی دەزانن بەرژەوەندییان لە کوێیە. ئەو کەسانەن کە باش دەزانن ئەگەر لە وڵاتەکەیان وەبەرهێنان بکەن چەند و چی قازانج دەکەن. کەواتە سەرمایەدارێکی نیشتمانپەروەر خۆی لەگەڵ دەوڵەت دەکاتە یەک و لە پێشکەوتنی دەوڵەتدا پێشکەوتنی خۆی دەبینێ. لەبەر ئەوەی ئەو خاکە سەرچاوەی داهاتی ئەوە، سەرچاوەی بەخێوکردنی ئەوە، حەز لەو خاکە دەکات، نە لەبەر شتێکی دیکە. لەنێوان ئەو دوو جۆرە نەتەوەپەرستییە جیاوازیی زۆر هەیە.

**ڕووداو: بەگوێرەی هەندێک کەس گەورەترین هەڵەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، فرۆشتنی نەوت بوو بەشێوەیەکی سەربەخۆ، ڕای تۆ چییە؟**

**مەسعود ئاکداغ:** چەندین هۆکار هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی فرۆشتنی نەوتی کوردستان مشتومڕی زۆری لەبارەوە بکرێت. هەندێک دەڵێن ئەوە ناکۆکە لەگەڵ دەستووری عێراق. لە بەرامبەر ئەمەشدا کەسانێک هەن پێیانوایە دەستووری عێراق ڕێگەی بە فرۆشتنی نەوت داوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لەدوای ساڵی 2003 هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان نەبووە. پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای متمانەی هاوبەش نەبووە. جگە لەوە هەرێمی کوردستان ناچارە سوود لە سەرچاوەکانی ببینێ. ئەمە نەوت، پیشەسازی، غازی سروشتی و شتەکانی دیکەش دەگرێتەوە. بەڵام دەبێت ئابوورییەکی سەربەخۆ لە ئابووریی عێراق بنیات بنێ، ئەگەرنا زەمینەی دەستوەردانی عێراق لە کێشەکانی کوردستان دێتە ئاراوە. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارە ببێتە شەریکی کێشەکانی عێراق. لەبەر ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا کوردستان بووە شوێنێکی ئارام و پێچەوانەی عێراق خۆشگوزەرانی تێدا بەدیهات. ئەمەش بە واتای ئەوەی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان گۆڕاوە. ئەو هەرێمەی ڕۆڵی گۆڕاوە، دەبێت لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا خۆی بگۆڕێت. پێویستە سەرچاوە ئابوورییەکانی بنیات بنێ. ئەگەر لە دەستووری عێراقدا بە ئاشکرا دەستەواژەیەک هەبووایە جەختی لەسەر فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆ کردبا، ئەمڕۆ ئەم کێشانە ڕوویان نەدەدا. لانیکەم دەگەیشتە ئاستێک بتوانێ پارەی مووچەخۆرانی دابین بکات.

ئەمڕۆ ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان دەیفرۆشێت پڕ لە کێشەیە، چەندە و بە کێ دەفرۆشرێت؟ کێشەی سەرەکییە. چەندین بانگەشە دەکرێت کە حکومەت شەفاف نییە. پێموایە لەبەرئەوەی لە دەستووری عێراقدا فرۆشتنی نەوتی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆ پشتڕاست نەکراوەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ لەو مەسەلەیە شەفاف بێ و وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. ئەگەر لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا لە ساڵی 2005 دەستەواژەی: مافی هەرێمی کوردستانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەوت بفرۆشێ، هەبووایە، ئەمڕۆ هەموومان دەمانزانی چەند نەوت فرۆشراوە، بە کێ فرۆشراوە و داهاتەکەی چەندە.

**ڕووداو: ئەمڕۆ ئەگەر زۆرینەش نەبێ بەشێک لە خەڵکی کوردستان پێیوایە نەوت سەرچاوەی هەرە گەورەی گەندەڵییە. ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئەگەر ڕاستە بەرپرسیارێتی خەڵک لەوبارەیەوە چییە؟**

**مەسعود ئاکداغ:** بێگومان گەندەڵی یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی ئەم هەرێمە. دینامیکە ئابوورییەکانی هەموو وڵاتێک دینامیکە سیاسییەکان دیاری دەکات. لەبەرئەوەی دینامیکی ئابووری پشت بە نەوت دەبەستێ، دینامیکی سیاسیش پشتی بە نەوت بەستووە. لێرە تا ڕادەیەکی جدی گەندەڵی هەیە، گەندەڵییەک هەیە کە خەڵک لێی ناڕازییە و بە ئاشکرا دیارە. بەڵام هەموو ئەو وڵاتانەی بە قۆناغی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەدا تێپەڕیون، گەندەڵییان تێدا هەبووە. چونکە بۆ ئەوەی پارە نەکەوێتە دەستی ئەو کەسانەی لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتە دەبنە هەڕەشە، دەسەڵات پارە دەداتە دەست دەوروبەرەکەی یان ئەو کەسانەی متمانەیان پێدەکات. لە وڵاتەکانی دیکە پارەی گەندەڵی لە دامەزراندنی پیشەسازیدا بەکارهاتووە، بەڵام گەندەڵیی کوردستان لە دامەزراندنی پیشەسازیدا خەرج نەکراوە. ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری دروست کردووە.

**ڕووداو: گەندەڵی لە کوردستان بارودۆخێکی دەروونیی خراپی دروستکردووە، بەشێک دەڵێ من قوربانی نەهامەتیەکانی کوردستانم، دەوڵەمەندیش ژیانی تایبەتی خۆی دەژی و هەست بەو نەهامەتییە ناکات. ئەمەش بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە بووەتە ئاستەنگێکی گەورە؟**

**مەسعود ئاکداغ:** کۆمەڵگای کوردستان تا ئاستێکی زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. کۆمەڵگای کوردستان لە نەتەوەپەرستیی سۆزدارانەوە بۆ نەتەوەپەرستیی واقیعی گۆڕاوە. ئیدی کورد ناڵێ با ئێرە کوردستان و خاک و نیشتمانم بێ، ئیدی خەڵک تەنیا بۆ ئاڵا و خاک هەڵناپەڕێت، بەڵکو بۆ دواڕۆژی خۆی و منداڵەکانی هەڵدەپەڕێت، لەوانەیە گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە شۆڕشی فەڕەنسا لە پێگەیاندنی نەتەوەپەرستیی واقیعی پێیگەیشت. کەواتە بۆ دواڕۆژی خۆیان حەز لە کوردستان دەکەن. جگە لەوە ئەو قەیرانە هەموو شتێکی کوردستانی گۆڕی، ئەو قەیرانە سەرلەنوێ هەموو دینامیکەکانی کوردستان دیزاین دەکاتەوە. هەروەها داواکاری کۆمەڵگا لە سیاسەت چییە، دیزاینی دەکاتەوە. ئیدی توێژێکی نەتەوەپەرستی سەردەمیانە لە کوردستان هەیە. خەڵکی کوردستان دژی حکومەتەکەی نییە، خەڵکێک نییە حەز لە وڵاتەکەی نەکات، بەڵکو خەڵکێکە بۆ دابینکردنی دواڕۆژی خۆی لەسەر ئەو خاکە لەجوڵەدایە. بەڵام داواکارییەکانی خەڵک گۆڕانیان بەسەردا هاتووە کە پێویستە ببیبنن. داواکاری گشتیی خەڵک بووەتە داواکاریی مرۆڤی هاوچەرخ. ئەمەش بە واتای ئەوەیە قەیرانی ئەمڕۆکەی کوردستان قەیرانی گەیشتنی کوردستانە بە قۆناغێکی هاوچەرخ، هەندێک مرۆڤ لە تەمەنی 17-18 ساڵیدا باڵغ دەبن، بەڵام هەندێکی دیکە بەهۆی ئەو زوڵمەی لەسەریانە لە تەمەنێکی زوودا باڵغ دەبن. هەرێمی کوردستان لەگەڵ بڕینی مووچە، هاتنی داعش و دابەزینی نرخی نەوت گەیشتە قۆناغی باڵغبوون. بەو باڵغبوونە خەڵکی کوردستان داوا دەکات ببنە شەریکی سیاسەت و دەوڵەت.



مەسعود ئاکداغ

لەدایکبووی شاری وانی باکووری کوردستانە. بەڕێوەبەر و خاوەنی کۆمپانیای (As Nish Research)ە بۆ توێژینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. ماوەی 11 ساڵە خەریکی توێژینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە. لە تورکیا بەهاوبەشی لەگەڵ چەندین کۆمپانیای نێودەوڵەتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەربارەی مەسەلەی کۆچ کردووە. ساڵی 2009 لقی کۆمپانیاکەی لە کوردستان کردووەتەوە، تا ئێستا چەند ڕاپرسی و توێژینەوەیەکی دەبارەی دیاردەی کۆچ لە عێراق و کوردستان کردووە.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (382) دووشەممە 2015/11/9

## بیانییەکان بەشداری پێشانگاکەی دهۆکیان نەکرد



**ڕووداو- دهۆک**

هیچ کۆمپانیایەکی بیانی بەشداری شەشەمین پێشانگای نێودەوڵەتی دهۆکیان نەکرد، ئەوەش بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی و شەڕی داعشەوە. ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێشانگەکەیان لە ڕۆژانی 1-2015/11/4 بەردەوام بووە و نزیکەی 50 کۆمپانیا بەشداریان کرد کە هەندێکیان بریکاری کۆمپانیا بیانییەکان بوون، بەڵام هیچ کۆمپانیایەکی بیانی لە دەرەوە بەشداری نەکرد. ناوبراو گوتی "ئێمە بانگهێشتیشمان بۆ ناردبوون، بەڵام دیارە بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی و شەڕی داعشەوە کە لە دهۆکەوە نزیکترە نەیانتوانیبوو بەشداری بکەن".

# 90%ی کارگەکانی هەرێمی کوردستان داخراون

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی پلانێک بۆ بەڕێوەبردنی کارگەکان و پاراستنی بەرهەمەکانیان، 90%ی کارگەکانی هەرێمی کوردستان داخراون و 21 هەزار کرێکاریش بێکار بوون، بەملیۆنان دۆلاریش زیان بە ئابووریی هەرێمی کوردستان گەیشتووە.

بەپێی ئاماری دەستەی شار و شارۆچکە پیشەسازییەکان، 3729 کارگەی بچووک و مامناوەند و گەورە لە کوردستان هەن (2247 کارگە لە پارێزگای هەولێر، 978 کارگە لە پارێزگای سلێمانی و 504 کارگەش لە پارێزگای دهۆک). بەڵام ئێستا زۆربەیان کاریان ڕاگرتووە.

د.عەبدولڕەزاق عوسمان ناوەندەیی، سەرۆکی دەستەی شار و شارۆچکە پیشەسازییەکانی کوردستان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی، شەڕی داعش و کەمتەرخەمیی ئێمە لە دانەنانی پلانێکی تۆکمە بۆ ئیدارەدانی قەیرانی دارایی و پاراستنی بەرهەمەکانیان، نزیکەی 90%ی کارگەکانی کوردستان داخراون، بەمەش ملیۆنان دۆلار زیان بە ئابووریی هەرێمی کوردستان گەیشتووە".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت دەستەوەستان دانەنیشتووە بەرامبەر لەکارکەوتنی کارگەکان "لە ساڵی ڕابردووەوە نزیکەی 35 ڕاپۆرتم بۆ پێشگیری لە قەیرانەکە و کەمکردنەوەی زیانەکانی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزارەت و خودی وەزیر کردووە"، بەڵام وەک ئەو دەڵێت "ئەنجوومەنی وەزارەت و خودی وەزیر پێیانوابوو قەیرانەکە گشتگیرە و ناکرێت پێشی لێ بگیرێت، بۆیە پێشنیاز و ڕاپۆرتەکانیان بەهەند وەرنەگرت، ئەنجامەکەشی داخرانی 3356 کارگە بوو".

د.عەبدولڕەزاق، لەبارەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرت و پێشنیازەکانی گوتی "یەکێک لە پێشنیازەکانم ئەوە بوو بەدواداچوونێکی ورد بۆ بەرهەمی کارگەکان بکەین و لە ڕێگەی دانانی باج لەسەر بەرهەمی هاوردە، پارێزگاری لە بەرهەمی ئەو کارگانە بکەین کە توانای دابینکردنی پێداویستیی ناوخۆیان هەیە". گوتیشی "ئەگەر ئەم پلانەمان جێبەجێ کردبایە کاریگەریی قەیرانەکە لەسەر کارگەکان ئەوەندە بەهێز نەدەبوو".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### 21 هەزار کرێکار بێکار بوون

هەر بەپێی ئامارەکە، 29 هەزار و 751 کرێکار لەکارگەکان کاردەکەن کە بەهۆی لەکارکەوتنی کارگەکان، بەشی زۆریان بێکار ماونەتەوە.

عەبدولڕەزاق ناوەندەیی دەڵێت "بۆمان دەرکەوتووە نزیکەی 70%ی کرێکاری کارگەکانیش کە ژمارەیان دەکاتە نزیکەی 20 هەزار و 825 کرێکار، بەهۆی وەستانی کارگەکان بێکار ماونەتەوە، یان نیوەکار بوون".

گەڕانێک بەنێو کۆمەڵگە پیشەسازییەکانی باشووری شاری هەولێر قسەکانی ئەو بەرپرسە پشتڕاست دەکاتەوە. بەشێکی زۆری کارگەکان قوفڵیان لە دەرگاکانیان داوە. بەشێکیان تابلۆی بەکرێدان و فرۆشتنیان بە دیوارەوە هەڵواسیوە.

مەحموود مونعیم، خاوەنی کارگەی ئەلەمنیۆمی مەحمود لە شاری هەولێر، لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە لە کارگەکەی، خەریکی دروستکردنی چەند دەرگا و پەنجەرەیەک بوو، مەحموود گوتی "بەهۆی کاریگەریی قەیرانی ئابووری و دواکەوتنی مووچە، بەراود بەساڵی ڕابردوو 75%ی کارمان کەمی کردووە".

پێشتر لە کارگەکەی مەحموود 10 کرێکار کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا یەک کرێکاری لێیە. مەحموود دەڵێت "پێشتر دوو مانگ بەر لە جەژنەکان هیچ کارێکمان وەرنەدەگرت، بە دوو شەفت کارمان دەکرد، تەنیا بۆ ئەوەی بەکارەکە ڕابگەین، بەڵام ئەمساڵ هیچ کارمان نەبوو".

مەحموود مونعیم گوتیشی "بەهۆی نەبوونی بازاڕ، هەندێ لە کارگەکان نەیاندەتوانی کرێی کارگە پەیدا بکەن، بۆیە بەشێکیان بەیەکجاری و بەشێکی دیکەیان بەکاتی کارگەکانیان داخست، هەندێکیشیان پیشەکەیان گۆڕیوە، هەشیانە لەیەک کاتدا چەندین کار دەکات، بەس بۆ ئەوەی کارگەکەی دانەخات و بێکار نەمێنێتەوە".

د.سەباح خۆشناو، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەڵاحەدین، پێیوایە داخستنی ئەم ژمارە زۆرە کارگەیە کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ئابووریی کوردستان جێدێڵێ، چونکە وەک ئەو دەڵێت "لەلایەک دەبێتە هۆی بێکاربوونی ژمارەیەکی زۆری کرێکار، بەمەش ئاستی بژێویی خەڵک لاواز دەبێت. لەلایەکی دیکەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خستنەڕووی کاڵا، لەم حاڵەتەشدا بۆ پڕکردنەوەی خواست، دەبێت هەرێمی کوردستان پشت بەکاڵای هاوردە ببەستێ، بەمەش پارەیەکی زۆر دەچێتە دەرەوە و زیانی زۆر بە ئابووری و داهاتی کوردستان دەگات".

### چارەسەر چییە؟

دکتۆر سەباح خۆشناو پێیوایە حکومەت دەتوانێ لە ڕێگەی دانانی باج لەسەر کاڵای هاوردە، پارێزگاری لە بەرهەمی ناوخۆ بکات و جارێکی دیکە کارگەکان بخاتەوە کار، بەڵام دەبێت لەوە دڵنیابێت کارگەکان دەتوانن پێویستیی خەڵک لە کاڵاکان دابین بکەن، ئەگەرنا بەپێچەوانەی سەپاندنی باج هەڵاوسان دروست دەکات و دەبێتە هۆی لاوازیی توانای کڕینی تاک، بەمەش بە ناڕاستەوخۆ هەژاری زیاد دەکات.

بەبڕوای ئەو ئابووریناسە، بە تەنیا دانانی باج بەس نییە، بەڵکو دەبێت هاوکاریی کارگەکان بکات بۆ ئەوەی تێچووی بەرهەمهێنان کەمبێتەوە و بتوانن لە نرخ کێبڕکێی کاڵای دەرەکی بکەن.

د.سەباح دوو ڕێگە پێشنیاز دەکات بۆ ئەوەی حکومەت لەو قەیرانە داراییە ڕزگاری بێت، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ بەغدا، یان بەردەوامیدانی بەو ڕێککەوتنەی کە بۆ ماوەی 50 ساڵ لەگەڵ تورکیا کردوویەتی. هەروەها دەڵێت "دەکرێت کۆمەڵێک ڕێککەوتنی دیکەی بازرگانی لەگەڵ تورکیا ببەستێ بۆ ئەوەی تورکیا هاوکار بێت لە پێشکەوتنی ئابووری و بازرگانیی هەرێمی کوردستان".

### دەتوانن بەگەڕیان بخەنەوە

د.عەبدولڕەزاق ناوەندەیی پێیوایە ئەگەر حکومەت هاوکاریان بێت، دەتوانن لە ڕێگەی دراسەیەکی ورد پلان بۆ بەگەڕخستنەوەی کارگەکان دابڕێژن. ئەو دەڵێت "ئەگەر حکومەت هاوکارمان بێت، دەتوانین لە ڕێگەی دابینکردنی گاز و نەوتی ڕەش و دانانی باج، جارێکی دیکە بەشێکی زۆری کارگەکانی بخەینەوە کار".

عەبدولڕەزاق پێیوایە کوردستان بازاڕی باشی هەیە بۆ ساخکردنەوەی کاڵا و بەرهەمی کارگەکانی "بۆ نموونە بە کردنەوەی سنوور لەگەڵ شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، دەتوانین کاڵا و بەرهەمیان بۆ بنێرین، یان مووسڵ دوای ئازادکردنی پێویستی بە بنیاتنانەوەیە، دەتوانین بەرهەمی کارگەکانیان بۆ بنێرین".



بەرهەم زۆرە و جۆرەکەی خراپە

# هەناری ئەمساڵی هەڵەبجە 20 هەزار تۆنی تێپەڕاند

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

کشتوکاڵی هەڵەبجە بۆ پەیداکردنی بازاڕی زیاتر بۆ فرۆشتنی هەناری ئەمساڵی جوتیاران، پەنای بۆ کردنەوەی فێستیڤاڵێکی تایبەت برد، چونکە هەرچەندە بەرهەمی هەناری ئەمساڵ باش بووە، بەڵام بازاڕی کزە و پێشبینی قازانجێکی باش بۆ جوتیاران ناکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەڵەبجە بە هاوکاریی ئەنجوومەنی ڕێکخراوەکانی ئەو پارێزگایە، بۆ یەکەمجار فێستیڤاڵی هەناریان ساز کرد کە ڕۆژانی 4-2015/11/5 لە نەمامگەی سیروان لە شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو. لەو فێستیڤاڵەدا بەرهەمی ناوچەکانی (تەپەتۆڵەکە، سازان، دەڵەمەڕە، ڕێشاو، باوەکۆچەک) نمایش کران.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پارێزگای هەڵەبجە کە دراوەتە (ڕووداو)، لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە 8 هەزار و 500 دۆنم باخی هەنار هەیە، بۆ هەر دۆنمێکیش لە باری ئاساییدا وا خەمڵێندراوە ساڵانە نزیکەی 3 تەن بەرهەمی هەبێت.

عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە فێستیڤاڵەکەدا ڕایگەیاند "هەرچەندە قەیرانی دارایی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، بەڵام توانراوە بڕی 32 ملیار دینار بۆ کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دابین بکرێت کە خۆی لە پاڵپشتیکردنی جوتیاران و بەرهەمە ناوخۆییەکاندا دەبینێتەوە و لەو بڕە پارەیەش بڕی 12 ملیار دینار بۆ بنەتۆوی گەنم دیاری کراوە، ملیارێک و 800 ملیۆن دیناریش بۆ بەرهەمی پەتاتە دیاری کراوە کە ئەمساڵ بەرهەمی پەتاتە چووە ئاستێکی زۆر باشەوە و ماوەی دوو ساڵە پەتاتە هەناردەی دەرەوە دەکرێ".

وەزیری کشتوکاڵ گوتی کە هەر لەو 32 ملیار دینارە، توانراوە بڕی دوو ملیار دینار بۆ قرکەرەکان، سێ ملیار دینار بۆ دەرمان و ڤاکسین، شەش ملیار بۆ ئالیک، ملیارێک و 500 ملیۆن دینار بۆ پاڵپشتی گەنمەشامی، چوار ملیار دینار بۆ بواری پەلەوەر، ملیارێک و 500 ملیۆن دیناریش بۆ گواستنەوەی هەنار و ترێ و سێو دابین بکرێ.



هەڵەبجەییەکان بۆ بەبازار کردنی هەنارەکانیان فێستیڤاڵێکیان ساز کرد

### بەرهەم زۆرە و جۆرەکەی باش نییە

ستار مەحموود، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجەی شەهید پێشبینی کرد بەرهەمی ئەمساڵی هەناری هەڵەبجە 20 هەزار تۆن تێپەڕێنێ و لە ساڵی ڕابردوو زۆرتر بێ، بەڵام دەڵێت "بەهۆی ئەوەی ئەمساڵ پلەکانی گەرما بەرز بوون، کاریگەریی لەسەر جۆرەکەی هەبووە".

ستار گوتی "هەناری ئەمساڵ لەڕووی جۆرەوە ناگاتە ئەوەی ساڵی ڕابردوو، چونکە بۆ دەستکەوتنی هەناری باش پێویستە پلەی گەرما 45 پلەی سەدی تێپەڕ نەکات، ساڵی ڕابردوو بەهۆی دابەزینی پلەی گەرماوە بەرهەم کەم بوو، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بەرزیی گەرماوە جۆرەکەی زۆر باش نییە".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی کشتوکاڵی هەڵەبجە، ئامانجیان لە کردنەوەی ئەو فێستیڤاڵە نیشاندان و دۆزینەوەی بازاڕ بووە بۆ بەرهەمی هەنار و گوتی "ئەو فێستیڤاڵە یەکێکە لە هەنگاوەکان بۆ هاوکاریکردنی جوتیاران، جگە لەوە بەرهەمەکانیشیان لە باخەکانەوە بۆ عەلوەکان دەگوازینەوە، بەڵام دەبووایە حکومەت پاڵپشتی زیاتری جوتیاران بکات، چونکە هەنارەکە بازاڕی باشی نییە".

### جوتیاران زەرەر دەکەن

نەجمەدین عومەر، ئەندازیاری کشتوکاڵی لە نەمامگەی سیروان دەڵێت بەرهەمی ئەمساڵی هەنار زۆر بووە، بەڵام بەهۆی بەرزیی پلەکانی گەرما و بێئاوی جۆرەکەی باش نەبوو.

نەجمەددین گوتی "ئەگەر بمانەوێت جۆری هەنار باش بێت، پێویستە لە کاتی گەرمادا ئاوێکی باشی بدرێ. ئەمساڵیش نزیکەی 25 هەزار تەن بەرهەم هاتووە، بەڵام جۆرە باشەکەی بەپێی شوێنەکان دەگۆڕێت، ئەو شوێنە گرەی گەرما لێی نەدابێت، جۆرەکەی باش بووە".

بەبۆچوونی ئەو ئەندازیارە، ئەمساڵا بەهۆی ئەوەی جۆری هەنارەکە باش نەبووە و قەیرانی دارایی هەیە، جوتیاران زەرەر دەکەن، مەگەر چەند جوتیارێکی کەم قازانجیان کردبێت.

لەو فێستیڤاڵەدا و لە چەند بەشێکی جیاوازدا جوتیاران بەرهەمەکانیان نمایش کردبوو، ئەوان بە پێچەوانەی قسەی ئەو بەرپرسانە کە ئاماژە بە خراپیی جۆری هەناری ئەمساڵ دەکەن، قسەیەکی جیاوازیان هەیە.

ستار عەلی یەکێکە لە جوتیارانی هەڵەبجە و لە 12 دۆنم نزیکەی 40 تۆن بەرهەمی هەناری هەبووە. ئەو زۆر لە بەرهەمی ئەمساڵیان ڕازی بوو، چونکە تائێستا نزیکەی 35 تۆنی فرۆشتووە و گوتی "شکور بۆ خوا بەرهەمی ئەمساڵمان زۆر باشە و بایی نزیکەی 12 ملیۆن دینارم فرۆشتووە".

ستار باسی مێشوولەیەکی کرد کە دوو ساڵە دەبێتە گرفت بۆ هەنارەکانیان و گوتی "جۆرە مێشوولەیەک لە هەنارەکە دەدات و شوێنەکەی کون دەکات، ئیدی بەو هۆیەشەوە هەنارەکە بە کەڵکی خواردن نامێنێ".

باران محەممەد کە لە ناوچەی دەڵەمەڕە نزیکەی 5 دۆنم زەوی باخی هەناری هەیە و بەرهەمی ئەمساڵیشی نزیکەی 30 تۆن بووە، گوتی "ساڵێکی پڕ بەرهەم بوو، بایی نزیکەی سێ ملیۆن دینارمان فرۆشتووە و خوا نەیبڕێت".

بە گوتەی جوتیارانی بەشداربووی فێستیڤاڵەکە، دەبووایە مانگی ڕابردوو ئەو فێستیڤاڵە بکرێ، چونکە ئێستا لە کۆتایی فرۆشتنی هەناردان، ستار مەحموود گوتی "ڕاستە پلانمان هەبوو مانگی ڕابردوو فێستیڤاڵەکە بکەین، چونکە ئەو کاتە وەرزی پێگەیشتنی هەنارە، بەڵام بەهۆی بایکۆتی دەوام و بارودۆخە سیاسییەکەوە دواکەوت".

بەقاڵەکان نرخی کیلۆیەک هەنار بە 250 تاوەکو 1000 دینار دەکڕن، بەڵام وەک جەمال حەمەسەعیدی بەقاڵ لە پارێزگای هەڵەبجە دەڵێت، ئەمساڵ فرۆشی هەنار کەمە، چونکە بڕێکی زۆر خراوەتە بازاڕەوە و گوتی "هەرچەندە جۆری بەرهەمەکە بەپێی شوێنەکان جیاوازە، بەڵام بەگشتی بازاڕیان کەمە".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (382) دووشەممە 2015/11/9

## دایک و کچە خنکاوەکە دەهێنرێنەوە کوردستان



**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی 2015/11/13 تەرمی ئەو دایک و کچەی لە دەریای ئیجە خنکان، لەسەر ئەرکی خێزانەکەیان دەهێندرێنەوە کوردستان. جەلال تۆفیق برای ژنەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، مامەڵە یاساییەکانی هێنانەوەی تەرمەکان لە یۆنان تەواو بووە و تەرمی منداڵێکی دیکەش کە لەگەڵ ئەواندا خنکا بوو لەسەر ئەرکی خۆیان دەهێننەوە. ئەو خێزانە خەڵکی سلێمانین و باوک و دایک و دوو کچ و کوڕێک بوون، شەوی 2015/10/29 کەوتنە نێو دەریای ئیجە و خنکان، تەنیا کچێکی 15 ساڵیان ڕزگاری بوو کە ئێستا لە یۆنانە. بەڵام باوک و کوڕەکە تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە.

پەلاماردانی کۆچبەران پەرەدەستێنێ

# تائێستا 15 کەمپی کۆچبەران لە سوێد بە تەواوی سووتێنراون

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

هەڵمەتی دژی کۆچبەران لە سوێد دەگاتە لووتکە و لە ماوەیەکی کەمدا 15 جار ئاگر لە کەمپەکانی پەنابەران بەردەدرێت. پەنابەران دەڵێن هەست بە ترس و نائارامی دەکەن. چالاکڤانێکی مافەکانی مرۆڤیش دەڵێت "ئیدی سوید ناتوانێت خۆی بەیەکەم و پێشەنگی مافەکانی مرۆڤ بزانێت".

هەفتەی ڕابردوو پۆلیسی سوید یەکێک لە کەمپەکانی پەنابەرانی لە مالمۆ تێکدا و بەو هۆیەشەوە توندوتیژی کەوتەوە. مۆرگان یۆهانسن، وەزیری کۆچی سوید لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی: "توانای دابینکردنی شوێنمان نەماوە، دەبێ کۆچبەران خۆیان چارەی شوێنی مانەوە بکەن، یان وڵاتەکە بەجێبهێڵن".

لیسا هۆڵم، چالاکڤانی سوێدی و ئەندامی پارتی مۆدێرات دەڵێت "قسەکانی وەزیری کۆچی سوید مایەی شەرمە بۆ حکومەت. ئەمە ئیفلاسی حکومەتە و دەچێتە خانەی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤەوە".

ئەو ڕێکخراوەی لیسا هۆڵم کاری تێدا دەکات، زیاتر پەیوەندی بە نەهێشتنی هزری توندوتیژی نێوان ڕەگەزە جیاوازەکانەوە هەیە و چەندین ئاماری مەترسیداریان لەو ڕووەوە بڵاوکردووەتەوە. هۆڵم گوتی "کاتێک حکومەت توانای دابینکردنی ژیانێکی شایستەی بۆ پەنابەران نەبێت، قورسایی لەسەر بازاڕی کار دروست دەبێت. ڕەنگە کاری توندوتیژی لە نێوان دانیشتووانی ئەم وڵاتە و پەنابەران بکەوێتەوە".

### ڕەتکردنەوەی مافی مانەوە

هەفتەی ڕابردوو دادگای سوید کەیسی بکوژی دایک و کوڕێکی سوێدیی یەکلاکردەوە کە لە مانگی ئۆگۆستی ئەمساڵ ڕوویدا. دادگا بڕیاری دا کە بکوژ بنێردرێتەوە وڵاتی خۆی.

ئانا سڤانسۆن کە پارێزەرێکی سوێدییە، بە (ڕووداو)ی گوت "بکوژی دایک و کوڕەکە لە وڵاتێکی ئەفریقییەوە هاتووە، ئەو ڕۆژەی مافی مانەوەی ڕەتکراوەتەوە، ئەو تاوانەی کردووە، پاشانیش بووە هۆکاری سووتاندنی یەکەمین کەمپی پەنابەران لە سوێد".

بە چەند ڕۆژێک دوای کوشتنی دایک و کوڕە سوێدییەکە لەلایەن سەرڕەشێکی نێو کەمپی نزیک بازاڕگای ئیکییا، کەمپێکی پەنابەران سووتێنرا. سڤانسۆن گوتی "بەدووری نازانم ئەم جۆرە ڕووداوانە کاریگەری لەسەر زیادبوونی توندوتیژی هەبێت".





دوو مانگ دوای ئەو ڕووداوە و هاوکات لەگەڵ زۆربوونی دیاردەی پەلاماردانی کەمپەکان و سووتاندنیان، کەسێکی نەژادپەرستی تەمەن 21 ساڵ هێرشی کردە سەر قوتابخانەیەکی شاری ترۆلهێتان و قوتابییەکی ڕەش پێست و مامۆستایەکی کوردی ئەو شارەی کوشت. ئەو ڕووداوە مێدیاکانی سوید و جیهانی هەژاند.

ئازاد ئەحمەد، مامۆستا و دانیشتووی هەمان شار، گوتی: "ئەم ڕووداوە زادەی زۆربوونی گرووپی نازیستی و نەژادپەرستن کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەم وڵاتە پەرەدەستێنن".

ئەو مامۆستایە کە شارەزایەکی بواری کۆمەڵناسییە، گوتیشی "هزری نەژادپەرستی لە وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان، نوێیە، بەڵام توندە".

بەبڕوای ئەو مامۆستا کوردە، ئەو دوو ڕووداوە لە ماوەی سێ مانگدا لە وڵاتێکی وەکو سوێد کە ژمارەی دانیشتووانی ناگاتە 10 ملیۆن کەس "نیشانەیەکی زۆر مەترسیدارە، چونکە سوێد بە وڵاتێکی ئارام و پێشەنگ لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ناسراوە". گوتیشی "ئەوە سەرەتای مێژوویەکی نوێیە لە باکووری ئەورووپا، کە هەڵگری ڕق و کینەیە".

بەڵام لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، لیسا هۆڵم دەڵێت "لە نێوان ئەو دوو ڕووداوەدا، سەدان هەزار حاڵەتی مرۆیی وەک خزمەتکردنی پەنابەرانیش هەیە".

### 15 کەمپ وێرانکراون

بەپێی ئامارەکان، لەو ماوەیەدا گرووپە نەژادپەرستەکان پەلاماری 20 کەمپیان داوە و 15 لەو کەمپانەیان بە تەواوی سووتاندووە.

ڕۆزا ئەحمەد کە کوردێکی تاراوگەنشینی سوێدە، دەڵێت "بە شێوەی زۆر دڕندانە پەلاماری کەمپەکان دراوە، ئەوان بەنیاز بوون بە کۆمەڵ پەنابەران بکوژن".

ڕۆزا کە چالاکڤانێکی مافی پەنابەرانە و لە نێو یەکێک لە کەمپەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ستۆکهۆڵم بووە، گوتی "بۆ پاراستنی ژیانی پەنابەران ئێستا کەمپەکان بوونەتە نهێنی". ئەو ناوچەیەی ڕۆزای لێیە، زیاتر لە 3 حاڵەتی سووتاندنی کەمپ و خانەی پەنابەرانی تێدا ڕوویداوە و بەپێی گوتەی ئەو "پەنابەرەکان بە زەحمەت ڕزگارکراون".

جگە لە کەمپە گەورەکان، یان ئەو باڵەخانانەی بۆ ژیانی پەنابەرانی کاتی سوودیان لێ وەردەگیرا، چەندین ماڵ بەکرێ گیراون، بەڵام ئێستا سوێدییەکان لە ترسی سووتاندن ناوێرن خانوو بە کرێ بدەن".

ماتێلدا برینک لارسۆن کە بەرپرسی یەکێک لە خانەی پەنابەرانە، بە (ڕادیۆی سوێد)ی گوتووە خانەکان جگە لەوەی شاراوەن، پاسەوانی نهێنیشیان بۆ دانراوە، زۆربەی خانەکان پاسەوانێک یان دووانیان هەیە.

### بە ترسەوە دێنە دەرەوە

حەیدەر عەبدولڕەحمان، لە یەکێک لە کەمپەکانی کۆمۆنی داندێریدی نزیک شاری ستۆکهۆڵم دەژی. حەیدەر بە (ڕووداو)ی گوت "ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرمان هەیە و کەمتر لە جاران دەچینە دەرەوە". گوتیشی "زۆر ئەستەمە بە شەقامێکدا بڕۆیت و توانج و قسەی ناخۆشت پێ نەگوترێت".

حەیدەر پێشتر لە کەمپێک بووە کە نەژادپەرستەکان هێرشیان کردووەتە سەری و ئاگریان تێبەرداوە، ئەو گوتی "ئەوانەی هێرشیان کردە سەر کەمپەکە زۆربەیان گەنجی تازە پێگەیشتوو بوون و پێیاندەگوتین سوید شوێنی ئێوەی مرۆڤکوژ نییە، بڕۆنەوە وڵاتەکەی خۆتان و ئێرە تێکمەدەن".

هادی ڕەشید، کۆچبەرێکی دیکەی کوردە، گوتی "کاتێک هەست دەکەیت باری بەسەر خەڵکێکەوە و بەو هۆیەوە هەڕەشەی کوشتنت لێ دەکەن، بڕیاری بوێرانە بدەیت باشترە". ڕەشید ناوی خۆی تۆمار کردووە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان.

هیچ بەرپرسێکی سوید باسی پلانی گەڕاندنەوەی پەنابەرانی نەکردووە، بەڵام زۆرینەیان کۆکن لەسەر بەخشینی مافی کاتی و تا کاتی ئارامبوونەوەی ڕەوشی وڵاتی یەکەم، ئینجا بگەڕێنرێنەوە.


ئەم بیرۆکەیە بووەتە ڕێسایەکی نیمچە فەرمی. بەناز محەممەد کە پارێزەرێکی کوردە، دەڵێت "نەبوونی داهاتوویەکی دیار و ئەو جۆرە توندوتیژییەش، زۆر لە کۆچبەرانی کورد هان دەدات سوید بەجێبهێڵن".

ژمارەی دانیشتووانی سوێد نزیکەی 9.5 ملیۆن کەسە و 6%یان بیانین. سوێد یەکەم وڵاتی دنیایە لە کارایی بەشداریی سیاسی تاراوگەنشینان، دووەم وڵاتی جیهانیشە لە ڕەخساندنی دەرفەت لە دەسەڵاتە باڵاکاندا بۆ بیانییەکانی وڵات.

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی دامەزراوەی کۆچ، ئەگەری ئەوە هەیە تاوەکو کۆتایی ساڵ ژمارەی کۆچبەران لەو وڵاتە بگاتە 190 هەزار کەس و ساڵی داهاتووش نزیکەی 170 هەزار کۆچبەر ڕوو لەو وڵاتە بکەن.

وەزیری کۆچی سوید ڕایگەیاندووە، تەنیا بۆ پەنابەرانی نوێ، پێویستیان بە تەرخانکردنی 20 هەزار خانەی نیشتەجێبوون هەیە.

# شاعیرێکی کوردی تاراوگەنشین خەڵاتباران دەکرێت



**سالوا ناکوول کارمیکائێل**
**ڕووداو- برۆکسل**

کە برادەرەکانی پێیانگوت ڕۆمانەکەی هیچی لەبارەی شەڕی 30 ساڵەی تورکیا دژ بە کورد تێدا نییە، وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئاخر خۆ من بۆ داهاتوو دەنووسم."

سەیهمووس داغتەکین، کوردێک کە بە فەڕەنسی دەنووسێت و کۆمەڵێک خەڵات و ستایشی پێ بەخشراوە، پێیوایە ئەدەبیات بە ئێستاوە گرێ نەدراوە.

سەیهمووس دەڵێت "من هەوڵ دەدەم لەودیو شتە ئاساییەکانی ڕۆژانەوە سۆراخی جوانی بکەم و پێشموایە هەموومان دەبێ هەر وا بکەین، چەندیش خەمی ڕۆژانەمان هەبێت."

ڕۆمانی "بە شەو بەرەو بەهاران" خەڵاتی 2004ی "پێنج کیشوەرەکەی فەرەنسی زمان"ی بردووەتەوە. ڕۆمانەکە لە ساڵی 2010دا وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکی و لەساڵی 2013شدا وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی، بەمزووانەش دەقە کوردییەکەی دەخرێتە بازاڕەوە.

سەیهمووس دەڵێت خەڵک پێویست ناکات کێشە ڕۆژانەییەکانیان پشتگوێ بخەن جا با شەڕیش هەبێت. بەڵام هاوزەمان، مرۆڤ و ئەدەبیات بە ئێستاوە گرێ نەدراون "خەڵک دەتوانن هەندێک دوور بکەونەوە لە ئێستا و دەرچەیەک بەرەو داهاتوو بدۆزنەوە".

نووسەر خۆی بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی کوردنشینی هاروونە لە تورکیا و ئێستا شاعیرێکی خەڵاتکراوی زمانی فەرەنسییە، ئەگەرچی کاتێک سێ دەیە بەر لە ئێستا هاتە فەرەنسا تاکە وشەی دەیزانی "بۆنژوو" واتە "بەیانی باش" بوو بە فەرەنسی.

ئێستا کە تەمەنی گەیشتووەتە 51 ساڵ، سەیهمووس دەڵێت نهێنی ئەوەی فەرەنسی بە باشی فێر ببیت و ببیتە کەسایەتییەکی ئەدەبی، ئەوەیە کە لەگەڵ زمانەکەدا دڵداری بکەیت. سەیهمووس لە پاریسەوە بە تەلەفۆن بە (ڕووداو)ی گوت "خۆڕاگری و کارکردنی بێوچان ڕێگەی سەرکەوتنە."

ئەو دەڵێت: "دەبێ کات بدەیتە خۆت و هەست بە وشەکان بکەیت، دەبێ وشەکانت خۆشبوێت بۆ ئەوەی خۆیانت لێ ئاشکرا بکەن".

سەیهمووس پێوەندیی خۆی لەگەڵ فێربوونی فەرەنسی وەک "دڵداری" وەسف دەکات. بێگومان ئەم میتۆدە سەریشی گرتووە، ئەو چوار خەڵاتی بۆ نۆ کتێبی شیعر و یەک ڕۆمان وەرگرتووە.

لە 2007دا سەیهمووس "خەڵاتی مالارمێ"ی پێ بەخشرا بەهۆی کۆمەڵە شیعرێکییەوە بەناوی "پردێکی بێ ئاگر". ساڵێک دواتر هەمان کتێب "خەڵاتی تیئۆفیلێ گاوتییێر"ی بردەوە کە لە لایەن ئەکادیمیای فەرەنساوە دابەش دەکرێت.

سەیهمووس هەروەها خەڵاتی نێودەوڵەتی ئیڤان گۆڵ-ی کە بۆ شیعری فرانکۆفۆن دابەش دەکرێت پێ ڕەوا بینراوە کە بۆ کتێبە شیعری "ڕێگەی شەوەزەنگەکان" وەریگرتووە.

ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی هەژاردا پەروەردە کراوە، بەڵام خوێندن و خوێندنەوە هەموو کاتێک بۆ ماڵەوەیان گرنگ بووە و هەر بۆیەشە خۆی و براکانی کەڵکیان لێ وەرگرتووە. سەیهمووس کە ئامادەیی تەواو کرد، لە بەشی ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆی ئەنقەرە وەرگیرا.

ساڵی 1986 کاتێک تەمەنی تەنیا 22 ساڵ بوو، سەیهمووس کۆچی کرد بۆ فەرەنسا بۆ ئەوەی لە بەشی سینەمادا دکتۆرا بخوێنێ. ئەو پێشتر ئینگلیزی خوێندبوو، تۆزێک عەرەبیشی دەزانی، بەڵام یەک وشەی فەرەنسی نەدەزانی.

بۆ ماوەی نۆ مانگ زمانی فەرەنسی وەک زمانە بیانییەکان لە زانکۆ خوێند و کاتی بە خۆی دا تا وردەکارییەکانی زمانەکە تێبگات.

سەربارى ئەوەی کە مامۆستاکانی لەگەڵدا نەبوون، دیسانیش سەیهمووس دەستی بە خوێندنی زمانی فەرەنسی لە ئاستێکی باڵادا کرد و ماوەیەک دواتر بە باشی فێری زمانەکە بوو.

لە تەمەنی 14 ساڵییەوە دەستی بە نووسینی هۆنراوەی تورکی کردووە و تا دەرسیشی تەواو کردووە هەر بەردەوام بووە. یەکەمجار لە 1992دا کۆمەڵە شیعرێکی بڵاوکردەوە، ئەو کات لە فەرەنسا بوو. کتێبەکەی ناو ناوە "دۆخی سادەی عەشق" و تێکڕای شیعرەکانی کە لە تەمەنی 18 تاوەکو 25 ساڵی نووسیبووی لەوێدا کۆکردووەتەوە.

چەند ساڵێک دواتر دەستی بە وەشان بە فەرەنسی کرد. کتێبە شیعری "ڕێگەی شەوەزەنگەکان"ی لە 2000دا چاپ کردووە کە لە ڕێگەیەوە بووەتە خاوەن خەڵاتێک.

لەنێوان ساڵی 1992 و 2010دا سەیهمووس نەگەڕایەوە تورکیا، خۆی دەڵێت "نەمدەویست بگەڕێمەوە وڵاتێک کە دژ بە میللەتی من لە شەڕدا بوو، نەشمدەویست بچمە سەربازی."

بەڵام لە ساڵی 2010دا هەر چۆنێک بوو پاسپۆرتەکەی نوێ کردەوە و لەو کاتەوە سێ جار چووەتە تورکیا بۆ سەردانی باوکە نەخۆشەکەی.

ئەو خۆی هەستی بە نامۆبوون نەکردووە نە لە فەرەنسا و نە لە شوێنی دیکە، چونکە وا نازانێت لە تاراوگەیە. ئەو دەڵێت "لە هەر کوێ بیت، تەنیا پێویستە پاڵ بدەیتە درەختێک و ئەو ڕەگوڕیشەیە بدۆزێتەوە کە ڕۆچووەتە ئەو خاکەی جێیهێشتووە".

سەیهمووس گۆی زەوی وەک گوندەکەی خۆیان خۆشدەوێت. هەر بۆیە ئەدەبیاتی ئەو لەبارەی تاراوگە نییە، بەڵکوو لەبارەی گوزەرەوەیە.

ئەو دەڵێت "دووری نییە کە وا دەکات لە تاراوگەدا بیت، بەڵکوو چۆنیەتی مامەڵەکردنی تۆیە لەگەڵ ڕەگوڕیشەت و ئەو شوێنەی لێیەوە هاتووی".

هونەری
رووداو
ژمارە (382) دووشەممە 2015/11/9

## نەجمە غولامی دەبێتەوە پێشمەرگە



رووداو- هەولێر

نەجمەدین غولامی هونەرمەندی کورد، لە ڕێگەی گۆرانییەکەوە کە بۆ ئازایەتی و نەبەردیی پێشمەرگەی تۆمارکردووە، دەبێتەوە پێشمەرگە.
غولامی بە (رووداو)ی راگەیاند "وەک دڵسۆزییەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کە خۆیشم پێشمەرگەیەکی دێرینم، گۆرانییەکی نیشتمانی بڵاودەکەمەوە".
گۆرانییەکە لە ئاوازی هونەرمەند خۆیەتی و تێکستەکەشی ئیسماعیل خورماڵی نووسیویەتی. غولامی گوتی "لەم رۆژانەدا دەنگی خۆمی دەخەمە سەر و کلیپێکیشی بۆ دەکەین".



سەدەف تاهیریان، ئەکتەرە قەدەغەکراوەکەی ئێران بۆ (رووداو):

# لەسەر بڵاوکردنەوەی وێنەیەک کارەکانیان راگرتم

لە ڕێگەی هاوڕێیەکی فارسەوە لە دوبەی پەیوەندیم پێوەکرد. لە قسەکانیدا زۆر تووڕە دیاربوو، چونکە لەسەر تەنیا وێنەیەک بەبێ حیجاب، هەموو رابردووی لە وڵاتەکەی یەکسان کرا بە سفر و تەواوی کارەکانی لە ئێران قەدەغە کران. سەدەف تاهیریان، خانمە ئەکتەری بەناوبانگی ئێرانی، دوای ئەوەی چەند وێنەیەکی لە دەرەوەی وڵات بەبێ حیجاب بڵاوکردەوە، بەر نەفرەتی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی کەوت و ئیدی بڕیاری دا نەگەڕێتەوە ئێران. تاهیریان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت چەندین جار بەرپرسە دیندارەکانی وڵاتەکەی داوای پەیوەندی ناشەرعییان لێکردووە.

**چەندین جار بەرپرسە دیندارەکان داوای پەیوەندیی ناشەرعییان لێکردووم**



**بەرپرسانی ئێران چوار ژنی حەڵاڵ و دەیانی حەرامیان هەیە**

هەڤپەیڤین: دەریاز یونس
رووداو- هەولێر

**رووداو: تۆ کە دەزانی بڵاوکردنەوەی وێنە بەبێ حیجاب لە ئێران قەدەغەیە، بۆچی ئەو کارەت کرد؟**

**سەدەف تاهیریان:** تۆش دەزانی هەموو مرۆڤێک ئازادە چۆن هەڵسوکەوت دەکات، بۆچی دەبێت من هەموو ژیانم لە ژێر فەرمانی سیاسەتی بێ عەقڵانەی چەند مەلایەکدا بێت؟ دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ خۆیان خۆش دەژین و خۆش رادەبوێرن، سێ چوار ژنی حەڵاڵ و دەیان ژنی حەرامیان هەیە، کەچی زنجیرە درامای منیان لە پەخش راگرت، تەنیا بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەیەک بەبێ حیجاب.

**رووداو: بڕیاری یەکجاریت داوە کە نەگەڕێیتەوە؟**

**سەدەف تاهیریان:** ناگەڕێمەوە وڵاتێک کە سیاسەتێکی بێ عەقڵانە بەڕێوەی ببات، تاوەکو ئەو پیاوانەی ئێستا دەسەڵاتدار بن، ناگەڕێمەوە ئێران.

**رووداو: ئەگەر بگەڕێیتەوە چی روودەدات؟**

**سەدەف تاهیریان:** ئەگەر بگەڕێمەوە لە سێدارە دەدرێم.

**رووداو: دەڵێی مەلاکانی ئێران، دەیان ژنی حەرامیان هەیە، مەبەستت لەم قسەیە چییە؟**

**سەدەف تاهیریان:** خەڵکی هەموو دونیا ئەو راستییە دەزانن، بەرپرسە دیندارەکانی ئێران تەنیا بە رواڵەت دیندارن، بێگومان زۆرینەیان وان، من خۆم چەندین جار لە لایەن بەرپرسە دیندارەکانی ئێرانەوە داوای پەیوەندیی ناشەرعیم لێکراوە.

**رووداو: پەشیمانی لەوەی کردت؟ ئەگەر بتبوورن دەگەڕێیتەوە ئێران و یاسای وڵاتەکەت جێبەجێ دەکەی؟**

**سەدەف تاهیریان:** بەهیچ شێوەیەک پەشیمان نیم، نە ئەوان هێندە گەورەن کە لە من ببوورن، نە منیش دەمەوێت لێم ببوورن و بگەڕێمەوە، خۆ من هەڵەیەکم نەکردووە. من ئەگەر وێنە بە رووتیش بڵاوبکەمەوە ژیانی تایبەتی خۆمە، زیانم بۆ هیچ کەسێک نییە و نەشبووە، بەڵام ئەوان مشەخۆرن و تەواوی خەڵکی ئێران لێیان بێزارە.

**رووداو: بەڵام خەڵکی ئاسایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هێرشی توندیان کردە سەرت؟**

**سەدەف تاهیریان:** ئەمە کەمینەیەکی خەڵکن کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی ئێران، قسە دەکەن و شت دەنووسن بەبێ ئەوەی بیربکەنەوە لەوەی چی دەڵێن. من خەڵکی ئێرانم خۆشدەوێت، خۆشم ئێرانیم و دەزانم لە نێو چ ئازارێکدا دەژین.

**رووداو: نوێترین زنجیرە درامات کە لە کەناڵێکی فەرمیی ئێرانەوە پەخش دەکرا، هەفتەی رابردوو بە**

**بگەڕێمەوە ئێران لە سێدارەم دەدەن**

**بڕیاری وەزارەتی رۆشنبیریی ئێران راگیرا، هەستت چی بوو بۆ ئەو بڕیارە؟**

**سەدەف تاهیریان:** تۆ دەزانی ئەگەر کارێک چەندین مانگ ماندووبوون و شەونخونیت بۆ کێشابێت، بە بڕیاری کەسانێکی نەزان رابگیرێت چەندە سەختە، ئەوان کارەکەیان راگرتم، بەڵام ناتوانن من رابگرن.

**رووداو: بۆچی رۆیشتی بۆ دوبەی؟ ئەم جێهێشتنەی وڵات بە پلان بوو؟ بڵاوکردنەوەی ئەم وێنانە بەمەبەست بوو؟**

**سەدەف تاهیریان:** دەمزانی دەسەڵاتدارانی ئێران بیر تەسکن، بەڵام هەرگیز نەمدەزانی بڵاوکردنەوەی وێنەیەک لە ئینستاگرامی تایبەتی خۆم وایان لێدەکات کارەکانم قەدەغە بکەن، هاتنم بۆ دوبەی بۆ ئەوە بوو کە هاوڕێیەکی زۆرم لەوێ هەن و لەوێ دەژین، بە پلان نەبوو، بەڵام ئەگەر بە پلانیش بێت کارێکی هەڵەم نەکردووە، منیش مرۆڤم و مافی خۆمە بە دوای سەربەستی و ئازادیدا بگەڕێم.

**رووداو: چ قسەیەکت هەیە بۆ ئەوانەی هێرشت دەکەنەسەر؟**

**سەدەف تاهیریان:** هیچ وەڵامێکم بۆ ئەوان نییە، دڵم بۆ ئێران و ئێرانییەکان لێ دەدات و شەوانە فرمێسکیان بۆ دەڕێژم.

### سەدەف تاهیریان:

خانمە ئەکتەری بەناوبانگی ئێرانی، سەدەف تاهیریان لە 1988/7/21 لەدایک بووە، ساڵی 2010 وەک ئەکتەرێک لە فیلمە سینەمایی و زنجیرە دراماکاندا دەرکەوت. لە چوار فیلمی سینەمایی پلە بەرزدا رۆڵی بینیوە، دواترینیان فیلمی "ساڵی بەفرین" بوو کە ئەمساڵ بەرهەم هاتووە. لە سێ دراماداا کە لە تەلەفزیۆنەکانی ئێران لە ماوەی رابردوودا پەخش کراون، رۆڵی بینیوە. دواترین زنجیرە درامای بەناوی "ئامین" لە هەفتەکانی رابردوودا، بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەیەک بەبێ حیجاب، لە تەلەفزیۆنی فەرمیی ئێران راگیرا.

# هونەرمەندانی کورد روو دەکەنە تاتۆ

**هاوژین شازادە: 18م هەیە و دەیکەمە 40 تاتۆ**









ڕێکەوت سەلام
رووداو- هەولێر

ئەو تاتۆیەی ئێستا لە جیهاندا جەستەی ئەستێرەکانی هونەر و وەرزش و تەنانەت خەڵکی ئاسایی داپۆشیوە، هونەرمەندانی کوردیش روویان تێکردووە. زۆربەی هونەرمەندان بۆ تاتۆکردن پەنا بۆ گەنجێکی شاری هەولێر دەبەن کە نایەوێ ناوی خۆی ئاشکرا بکات.

تاتۆکردن لەنێو هونەرمەندان و بێژەر و پێشکەشکارانی تیڤی لە کوردستان بووەتە شتێکی باو، زۆربەی ئەوانەی تاتۆش دەکەن لە رەگەزی مێن.

### تاتۆ و سیاسەت

ئەو تاتۆیانەی هونەرمەندان و وەرزشوانانی بیانی دەیکەن، زۆرتر تەعبیر لە پیشەکەیان یان خۆشەویستی، بەتایبەتی بۆ هاوژینەکانیان یان کەپڵەکانیان یانیش منداڵەکانیان دەکەن، بەڵام لە کوردستان سیاسەت خزاوەتە نێو تاتۆش.

سەیران ئەحمەد کە کچە گۆرانیبێژێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، تاتۆیەکی لەسەر جەستەی نەخشاندووە، سەیران شوێنی تاتۆیەکەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "تاتۆیەکم لەسەر دڵم کردووە، تاتۆکەش بریتییە لە ناوی بارزانی لەگەڵ بازنێک، ئەمەشم لە خۆشەویستی بۆ مەسعود بارزانی کردووە".

هەروەها گۆرانیبێژی میللی فاخیر هەریری تاتۆیەکی مەسعود بارزانی لەسەر قۆڵی نەخشاندووە.

### تاتۆی ژاپۆنی

گۆرانیبێژ گۆران ساڵح تاتۆیەکی لەسەر دەستی نەخشاندووە، تاتۆکەی گۆران بریتییە لە سێ پیت کە بە زمانی ژاپۆنی نووسراوە. گۆران گوتی "تاتۆکردن شتێکی نوێ نییە و لە دێرزەمانەوە هەبووە، زیاتریش بۆ جوانی بووە، منیش حەزم دەکرد لەسەر دەستم تاتۆیەک بە زمانی ژاپۆنی بنەخشێنم".

**تاتۆکەرێک: گرانترین تاتۆ لەلای من بە 2200 دۆلار کراوە**

گۆران ئەو سێ پیتەی ئاشکرا کرد کە لەسەر دەستی نەخشاندووە و گوتی "دوو کەس لە ژیانمدا هەن، قەت نامەوێ لێم دوور بن، ئەوانیش پەرواز حوسێنی هاوژینم و گۆنای کچمە، بۆیە پیتی یەکەمی ناوی هەردووکیانم لەسەر دەستم نەخشاندووە، پیتی سێیەم پیتی یەکەمی ناوی خۆمە". گوتیشی "تاتۆیەکەم لە کوردستان کردووە و بە دیاریش بۆم کراوە".

### دەیکاتە 40

زۆربەی شوێنەکانی جەستەی بە تاتۆ نەخشاندووە و تاوەکو ئێستا 18 تاتۆی کردووە و لە بەرنامەیدایە بیکاتە 40. هاوژین شازادە کە کچە ئەکتەرێکی شاری هەولێرە، خولیای بووەتە تاتۆکردن.

هاوژین کە زۆربەی تاتۆکانی لەسەر دەست و قاچی نەخشاندوون، بە (رووداو)ی گوت "تاتۆکردن حەزێکی خۆمە، دەمەوێ ببمە یەکەم ئافرەتی کورد و لە تاتۆکردن رەچەشکێن بم و زۆرترین تاتۆ لەسەر جەستەم هەبێ، بۆیە بەنیازم هەتا 40 تاتۆ رانەوەستم".

هاوژین پێیوایە زۆر لە کچانی کوردستان حەزیان لە تاتۆیە، بەڵام بەهۆی تێڕوانینی کۆمەڵگە کە پێیوایە تەنیا ئافرەتی خراپ تاتۆ دەکات، بۆیە زۆر لە کچان خۆیان لە تاتۆ بەدوور دەگرن، ئەوانەشی دەیکەن لە شوێنێکی وای جەستەیان نایکەن دیار بێت.

### شێنێ رقی لە تاتۆیە

شێنێ ئاکۆ کە ساڵی 2013 بە یەکەم شاجوانی کوردستان هەڵبژێردرا، پێدەچێ چانسی هەبێ کە حەزی بە تاتۆکردن نییە، چونکە ئەگەر تاتۆی کردبا بە شاجوان هەڵنەدەبژێردرا و ئەو بوارەشی کە ئێستا دەیخوێنێ، ئەوکات نەیدەتوانی بیخوێنێ.

شێنێ گوتی "بەپێی پرەنسیپەکانی هەڵبژاردنی شاجوان، نابێت ئەوانەی بەشداری لەو کێبڕکێیە دەکەن، تاتۆیان کردبێ".

شێنێ کە ئێستا لە سوێد لە بواری فرۆکەوانی دەخوێنێ، دەڵێت ئەگەر حەزی لە تاتۆش بێ، پیشەکەی ڕێگەی پێنادات. ئەو گوتی "بەپێی یاسای فرۆکەوانی سوێد، نابێت خوێندکاری ئەو بوارە تاتۆ لەسەر شوێنی دیاری جەستەیان هەبێت، بەڵام بۆ شوێنی شاراوە ئاساییە".

هەریەک لە لۆکە و هێلی لەڤیش تاتۆیان لەسەر جەستەیان کردووە، بەڵام لە شوێنی شاراوە.

**شێنێ ئاکۆ: رقم لە تاتۆیە**

### سیاسییەکانیش تاتۆ دەکەن

زۆر لە هونەرمەند و کەسایەتییەکانی کوردستان کە تاتۆ دەکەن، پەنا بۆ گەنجێکی شاری هەولێر دەبەن کە 12 ساڵ لە هۆڵەندا ژیاوە و لەوێ فێری تاتۆکردن بووە و ماوەی 7 ساڵە لە کوردستان ئەو کارە دەکات.

ئەو گەنجە حەزی نەکرد ناو و شوێنەکەی ئاشکرا بکرێ، چونکە دەڵێت رەنگە تووشی کێشە ببێ، بەو پێیەی کارەکەی مۆڵەتپێدراو نییە و وەزارەتی تەندروستیش هۆشداریی داوەتێ کە چیدی بەشێوەی هەڕەمەکی ئەو کارە نەکات، بەڵکو دەبێ سەنتەرێک دابنێ.

ئەو گەنجە گوتی "چەندین کەسایەتی هونەری لەوانەش گۆرانیبێژ، سینەماکار، میوزیکژەن و شانۆکار تاتۆیان لای من کردووە، تەنانەت تاتۆم بۆ کەسانی سیاسی و پزیشک و مامۆستای زانکۆش کردووە".

سەبارەت بە نرخی تاتۆکانیش گوتی "بەپێی قەبارەی تاتۆکەیە، ئەگەر بچووک بێت نرخەکەی نزیکەی 100 دۆلارە، بەڵام گرانترین تاتۆ لەلای من بە 2200 دۆلار کراوە".

## سامان ناسیح، پێشکەشکاری کەشوهەوا لە تەلەڤزیۆنی (ڕووداو):

# دوو دایک و دوو باوکم هەن

خێزانێک گەورەیان کردووە بەبێ ئەوەی بزانێت ئەوە خێزانی راستەقینەی ئەو نییە. ماوەیەکی زۆر لە فینلاند ژیاوە، سامان ناسیح، زۆربەی بەیانیان لەگەڵ یەکێک لە خانمە پێشکەشکارەکانی رووداو بەرنامەی نووڕۆژ پێشکەش دەکات. هەروەها رۆژانە هەواڵی کەشوهەوا بە بینەران و بیسەرانی (رووداو) رادەگەیەنێ، بەڵام دەڵێت حەزی دەکرد کچێکی باڵابەرزی جوان لە جیاتی ئەو کەشوهەوای پێشکەش کردبایە.

سامانی تەمەن 30 ساڵ، لەدایکبووی شاری دووزخورماتووە و دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابوورییە. لە رادیۆوە دەستی بەکاری راگەیاندن کردووە، بەر لە رووداو لە چەند تیڤییەکی کوردستان کاری کردووە.

**دەرباز یونس**
**ڕووداو - هەولێر**



## حەز دەکەم کچێکی باڵابەرزی جوان کەشوهەوا پێشکەش بکات

## باسی خۆشەویستی ناکەم، چونکە هەر شتێک بدرکێنم نابێتە قسمەت

**ڕووداو: تۆ لە فینلاند گەڕایتەوە، بێگومان هاوڕێی فینلاندی، یاخود خەڵکی وڵاتی دیکە دەناسی کە لەو وڵاتە بژین، ئەوان کاتێک تۆ لەسەر رووداو دەبینن، بۆچوونیان چییە؟**

**سامان ناسیح:** هەندێک لە هاوڕێکانم بەهۆی منەوە سەیری رووداو دەکەن، بە تایبەتی کەشوهەوا، چونکە لە کاتی شەواندایە، زۆریان پێخۆشە کە من لە کەناڵێکی ئاوا کار دەکەم، زۆرجار پێمدەڵێن رووداو لە بەشی زۆری کەناڵە فینلاندییەکانیش باشترە.

**ڕووداو: لە زۆربەی کەناڵەکان کەشوهەوا لەلایەن کچی باڵا بەرز و جوانەوە پێشکەش دەکرێت، قەت بیرت لەوە نەکردووەتەوە؟ یان خەڵک بۆچوونیان چی بووە لەسەر تۆ؟**

**سامان ناسیح:** راستە ئێمە ئەوەی بینیومانە زیاتر کچان پێشکەشی دەکەن، بەڵام لە فینلاند کچ و کوڕ بەیەکەوە پێشکەشی دەکەن، منیش پێمخۆشە کچێکی جوانی باڵابەرز پێشکەشی بکات، یان بەیەکەوە پێشکەشی بکەین، بێگومان هاوکاریشی دەکەم.

**ڕووداو: گرنگی زۆر بە وەرزش دەدەی، لەشێکی رێکت هەیە، چۆن کاتت بۆ دابەش کردووە؟**

**سامان ناسیح:** زۆر حەز دەکەم لەشم رێک بێت، من لە پرۆگرامی نووڕۆژی بەیانیان کە باسی لەش و تەندروستی و چەندین بابەتی دیکە دەکەم، بەڕاستی مۆدێلی ئەوە نەماوە بێژەر بە ورگێکی زلەوە بێتە سەر شاشە، خەڵک تاقەتی نابێت سەیرت بکات.

**ڕووداو: ئەگەر کاری راگەیاندن نەبووایە، دەبوویتە چی؟**

**سامان ناسیح:** زۆر حەزم دەکرد ببمە پۆلیس، بەتایبەتی پۆلیسی هاتوچۆ، کارێکی زۆر پیرۆز و گرنگە لای من.

**ڕووداو: پێموایە لەگەڵ ئاژەڵان زۆر هاوڕێی؟**

**سامان ناسیح:** بەڵێ، زۆر حەزم لە هاوڕێیەتی ئاژەڵە، سەگم هەیە و حەز دەکەم پڵنگیشم هەبێت.

**ڕووداو: ئێستا گەنجان دەچنە ئەورووپا، بەڵام تۆ هاتوویتەوە، بۆچی گەڕایتەوە؟**

**سامان ناسیح:** دایک و باوکم لێرە پێویستیان بە من بوو، جگە لەوەش زۆر حەزم لە کارکردنی رووداو بوو، حەزی هاتنەوەم بۆ کاری رووداو هیچی لە حەزی هاتنەوەم بۆ لای دایک و باوکم کەمتر نەبوو، خەڵک لێرە بەهۆی کێشەی ئابووری دەڕوات و پارە نییە، بەڵام لەوێ زۆر زۆر خراپترە.

**ڕووداو: هێشتا رەبەنی، بیرت لە ژنهێنان نەکردووەتەوە؟ کەس لە ژیانتدا هەیە؟**

**سامان ناسیح:** پێم خۆش نییە لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم، چونکە نهێنییەک لە ژیانی مندا هەیە، هەر شتێک باس بکەم بۆم نابێت و لێم تێکدەچێت، بۆیە نامەوێ باسی بکەم. واتە ئەگەر بڵێم خۆشەویستم هەیە، هەمبێت نابێتە قسمەت و تێکدەچێت، بۆیە باشترە لێیگەڕێین.

**ڕووداو: چیرۆکێک لە ژیانی تایبەتی تۆدا هەیە، تۆ خاوەنی دوو دایک و دوو باوکی، ئەم چیرۆکە چۆنە؟**

**سامان ناسیح:** بەڵێ لە دووزخورماتوو دراوسێیەکی تورکمانمان هەبوو، من منداڵ بووم و زۆر هاتوچۆی یەکدیمان دەکرد، زۆر شەویش هەبوو لەوێ دەمامەوە. لە راپەڕینی ساڵی 1991 لەلای ئەو خێزانە بەجێمام و بەرەو گوندەکانی تورکمانانی بەغدا بەڕێکەوتین، ئیدی من لەگەڵ ئەو خێزانە گەورە بووم.

**ڕووداو: تۆ دەتزانی ئەوان دایک و باوکی راستەقینەی تۆ نین؟**

**سامان ناسیح:** بەڕاستی نەخێر، نەمدەزانی، تاوەکو ئەوکاتەی خێزانی راستەقینەی خۆم لە ئێران گەڕانەوە و منیش لەگەڵ خێزانە تورکمانەکە گەڕامەوە دووزخورماتوو، ئیدی کەم کەمە پێیاندەگوتم کە ئەمانە دایک و باوکی راستەقینەی منن و من بە رەگەز کوردم، نەشمدەتوانی واز لە خێزانەکەی دیکە بهێنم، چونکە ئەوان منیان گەورە کرد و دایک و باوک و خوشک و برای من بوون. تا وای لێهات بوومە خاوەنی دوو دایک و دوو باوک، لەگەڵ خوشک و براکانم، ئێستا لای دایک و باوکە راستەقینەکەی خۆم دەژیم، بەداخەوە ماوەیەک بەر لە ئێستا ئەو دایکەی منی گەورە کرد، کۆچی دوایی کرد.

## خێزانێکی تورکمان گەورەیان کردم، بەبێ ئەوەی بزانم خێزانی من نین

## دوای راگەیاندن حەزم لە پیشەی پۆلیسە

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

RÛDAW

## پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنی ڕووداو



**ڕووداوی ئەمڕۆ:** بەرنامەیەکی مێزگردییە باس لە مژاری رۆژ دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: یەکشەممە تا پێنجشەممە، کاتژێر 21:05
پێشکەشکار: هیوا جەمال

**وەرزین:** پرۆگرامی ئەم هەفتەیەی وەرزین تایبەتە بە خستنەڕووی ئەو داتا و زانیاریانەی پەیوەستن بە خولی یانەکانی تۆپی پێی ئەڵمانیا
وەرزین: کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاتژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار محەممەد

**مێد ئین کوردستان:** لە پرۆگرامی ئەم هەفتەیە باس لە کارگەیەکی زەیتی زەیتوون لە شاری هەولێر دەکرێت کە بەپێی ستاندارده جیهانییەکان زەیتی زەیتوون بەرهەم دێنێ.
مێد ئین کوردستان:کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاتژێر 23:30
پێشکەشکار: هێدی کەریم

**دوو ئالی:** لەسەر پرسە گەرمەکانی رۆژاوا و باکووری کوردستان میوانداری دوو کەسایەتی دەکات، ئەوانیش لە دوو ئالییەوە خوێندنەوە بۆ رووداوەکانی ئەو دوو بەشەی کوردستان دەکەن.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاتژێر 22:05
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

**فیچەر:** فیچەرێکە دەربارەی ئەزموونی شانۆیی و هونەریی شانۆکاری کورد دانا رەئوف کە ساڵانێکە لە سوید وەک شانۆکارێکی بە ئەزموون لە ناوەندە کولتوورییەکانی ئەو وڵاتەدا کار و بەرهەمەکانی پێشکەش دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاتژێر 23:30.
ئامادەکار: کاوە ئەمین

**هەڤپەیڤین:** هەڤپەیڤینێکی تایبەتە لەگەڵ سەرکونسوڵی پۆڵۆنیا لە هەرێمی کوردستان دەربارەی ئاستی وەبەرهێنانی پۆڵۆنیا لە هەرێمی کوردستان و هاوکارییە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە بۆ هێزی پێشمەرگە و پرسی پەنابەران.
کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاتژێر 23:30
پێشکەشکار: شاهۆ ئەمین

**پەنجەمۆر:** بەشی یەکەمی گفتوگۆیەکە لەگەڵ سەلاحەددین چەلیک، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان.
کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاتژێر 22:05
پێشکەشکار: کاوە ئەمین.

**نۆرین:** پرۆگرامی ئەم هەفتەیە تایبەتە بە دەرمان و فریاگوزاری سەرەتایی.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاتژێر 21:05
پێشکەشکار: دکتۆر ئاراس برادۆستی

**هەڤپەیڤین:** هەڤپەیڤینێکی تایبەتە لەگەڵ کامیران حەجۆ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردیستان - سووریا دەربارەی رەوشی سیاسی، ئابووری، سەربازیی رۆژاوای کوردستان و سووریا
کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاتژێر 23:30.
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

**چاوی ڕووداو:** لە هەر ئەڵقەیەکی چاوی ڕووداودا چوار فیچەر پێشکەش دەکرێن.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاتژێر 23:30
پێشکەشکار: گوڵستان محەممەد ئەمین

تێبینی: ئەم خشتەیە جێگیر نییە، رەنگە بەهۆی رووماڵ و راستەوخۆکانی تەلەڤزیۆنی ڕووداو، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.



■ دڵدار هەرکی

# پشیلەکەی شنگال

پێشمەرگەیەک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی وێنەیەکم گرتووە بۆ رووداو. لێم پرسی وێنەکە چییە و چیرۆکەکەی چییە؟ کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی "بریا من لە جێی ئەو بوومایە". لێگەڕام بە دڵی خۆی قسە بکات.

پێشمەرگەکە گوتی ئەرکەکەی لە دوایین خاڵی رووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە و داعشە لە شنگال. پشیلەیەک لەنزیک سەنگەرەکەی ئەوان بووە و رۆژانە خواردنیان پێداوە، لەو ماوەیەدا ئەو پشیلەیە چوار بێچووی بووە. پێشمەرگەکان زیاتر ئاگاداری بوون و خواردنی زۆرتریان پێداوە بۆ ئەوەی بتوانێ بچووەکانی بەخێو بکات.

پێشمەرگەکە گێڕایەوە کە رۆژێکیان چەکدارانی داعش چەند گوللە هاوەنێکیان ئاراستەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە کردووە. لەو کاتەدا پشیلەکە ون دەبێت، کاتێک پێشمەرگەکان بەدوایدا دەگەڕێن، دەبینن ساچمەی گوللە هاوەنی بەرکەوتووە و گیانی دەرچووە، بێچووەکانیشی مەمکە مردووەکانی دەمژن، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

ئەم بەسەرهاتە بووە بیرۆکەی فیچەرێکی تەلەفزیۆنی رووداو لەسەر ئەو ئاژەڵانەی لە ناوچەکانی شەڕدا دەژین و بەشێکیان بەهۆی تۆپباران و تەقەی داعشەوە بوونەتە قوربانی. لەو فیچەرەدا دەرکەوت نەک تەنیا مرۆڤ، بەڵکو زەوی و ئەو گیانەوەرانەی ناوچەی شەڕ، پریشکی شەڕی داعشیان بەرکەوتووە و بوونەتە قوربانی.

لە میحوەری زوممار بینیم پێشمەرگەیەک چەند بێچووە سەگێک بەخێودەکات و نان و ماستیان دەداتێ. لە شوێنێکی دیکە پێشمەرگەیەکم بینی بە دەست نانی دەکردە دەمی مشکێکەوە.

منداڵێکی 10 ساڵانم لەسەر چیای شنگال بینی، لێم پرسی بۆ لێرەی؟ گوتی من قوتابی بووم، لەکاتی هێرشی داعش لە خوێندن دابڕام و ساڵێکە بوومەتە شوان، چەندین جار چەکدارانی داعش هاوەنیان تێگرتووین و جارێکیان شەش بزنمان بەهۆی تۆپبارانی داعشەوە تێداچوون.

زۆربەی گوند و کۆمەڵگەکانی دەوروبەری شنگال لە چەکدارانی داعش پاککراونەتەوە، بەڵام خەڵکەکەی هێشتا نەگەڕاونەتەوە. لەوێ چەندین ئاژەڵی بەرەڵا، لەوانەش سەگ و پشیلە ترەکیون و لەگەڵ بێچووەکانیان لە نێو خانووە چۆڵەکاندا دەگەڕێن بۆ پەیداکردنی خواردن، بەڵام ئەستەمە بتوانن سکی خۆیان تێر بکەن.

تیمی تۆڕی میدیایی رووداو چەند رۆژێکە لەو ناوچانەیە و بۆ چەند کارێکی رۆژنامەوانی لە شەنگال و شەرفەدین، شوێنی مانەوەمان خانوویەکی چۆڵکراوی ناو ناحیەی سنوونێیە، یەکەم شەوی مانەوەمان لەو خانووە، هێڤیدار ئەحمەدی هاوکارم گوتی دەنگێک دێت پێدەچێ پشیلە بێت، من ناتوانم لەم ژوورە بخەوم، کاتێک چووومە دەرەوە، بینیم دێڵە سەگێک لە ژێر قادرمەی ماڵەکە ترەکیوە، ئێستا خواردنی ژەمەکانمان لەگەڵ سەگەکە و بێچووەکانی بەش کردووە.

زۆربەی ناوچەکە لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کراونەتەوە، بەڵام باڵانسی ئاسایشی ناوچەکە بەشی ئەوە ناکات دانیشتووانەکەی بۆی بگەڕێنەوە. ئەگەر ئەو ناوچانەش ئاوەدان نەکرێتەوە، بە دڵنیاییەوە گیانی سەتان ئاژەڵی بەرەڵا و پەلەوەر بەهۆی برسێتییەوە دەکەوێتە مەترسییەوە کە پێشتر سەرچاوەی سەرەکیی خواردنیان، پاشماوەی خۆراکی ماڵان بوو.




MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا کراوەیە
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM
MAJIDI LAND


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


Empire
Building the Future World
شوققەیەك بكڕە و
تاپۆیەكەشی وەربگرە
www.empireiraq.com
0750 640 8811 - 8822 - 8833


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب

## لە داخی جادووگەرێک خۆی دەسووتێنێ



**ڕووداو- گەرمیان**

ڕائیـد عەلـی جەمـاڵ قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسـی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کچێکی تەمەن 36 سـاڵ دانیشـتووی کەلار کە ڕۆژی 2015/11/3 ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو، ڕۆژی 2015/11/8 لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. کەسێکیش بەناوی (ع.ح) بەپێی ماددەی (456) بەهۆکاری گیان لەدەسـتدانی دەسـتگیرکراوە. ناوبراو گوتی "کچە سـووتاوەکە پێش گیانلەدەستدانی گوتی لەلایەن ژنێکی دانیشتووی کەلارەوە هەڵخەڵەتێنراوە و 40 ملیۆن دیناری لێسەندووە بۆ نوشتە کە چارەسەری هەندێک کێشەی بۆ بکات، بەڵام نوشتەکە ئەنجامی نەبووە، ژنەکەش داوای پارەی لێکردووەتەوە و ئەویش نەیبووە بیداتەوە، بۆیە خۆی سووتاندووە".

# خوشکەکەی خۆی "لەسەر دوو سەگ" دەکوژێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکوک**

پیاوێـک بە گومانی دەرمانخواردکردنی دوو سـەگەکەی، خوشـکەکەی خـۆی دەکوژێت و هەڵـدێ. دایکی کچەکە دەڵێـت "زۆر لەبەری پاڕاینەوە کە ئەو قەتڵە نەکات، بەڵام سوودی نەبوو".

شـنۆ سـەباح، 29 سـاڵ، لەگـەڵ دایکـی لەگەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکووک دەژیان، شـەوی 2015/10/28 لەلایـەن براکەیـەوە دەسـترێژی گوللـەی لێکـرا و کـوژرا. دایکی هەرچەنـدە کوشـتنی کچەکـەی بـە "غـەدر" دەزانێـت، بـەڵام دەڵێت لـە کوڕەکەی خۆش بووە.

بەدریـە سـاڵح، بـە درێژایـی تەمەنی هەر ڕەشـپۆش بووە و بەهـۆی مەرگی کچەکەیەوە هەر بە ڕەشپۆشـی دەمێنێتـەوە. بەدریە دوو جار شووی کردووە و هەردوو مێردەکەی برای یەکـدی بوون و مـردوون، لـە هەردووکیان 8 منداڵی هەیە. (ق) کە تۆمەتبارە بە کوشتنی شـنۆ، لەگـەڵ شـنۆدا دایکیان یەکـە، بەڵام باوکیان جیایە.

چیرۆکـی شـووکردنی شـنۆ لـە چیرۆکـی شـووکردنی دایکی نزیکە. شنۆ چەند ساڵێک لەمەوبەر شـووی بە کەسـێک کردووە و چوار منداڵیشـی لێـی هەبـووە و لە نزیک شـاری هەولێر ژیـاون، بەڵام جیابوونەتەوە. پاشـان لەگەڵ کەسێکی دیکە کە خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵ بـووە خێزانی پێکـەوە ناوەتەوە، بـەڵام ماوەیەکی کەم لـەلای ماوەتەوە و لێی جیابووەتەوە.

### پاڕانەوە دادی نەدا

شنۆ دوای جیابوونەوەی لە مێردی دووەمی، نزیکەی ساڵ و نیوێک بوو لەگەڵ دایکی دەژیا. بەدریە ساڵح باسـی ساتی کوشتنی کچەکەی بـۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "کوڕەکەم نزیکەی کاژێر 12ی شـەو بوو لە دەرگای دا، کە دەرگام لێکردەوە چەکی بەشانەوە بوو، بە توورەییەوە گوتی: کوا شـنۆ؟ یەکسەر چووە ژوورەوە و منیش دوای کەوتم".

بەدریـە زۆر لەبەر کوڕەکـەی پاڕاوەتەوە، بـەڵام پاڕانەوەکانـی هیچـی لـە توورەیـی کوڕەکـەی کـەم نەکردووەتـەوە "لەبـەری پاڕامـەوە کە هیچ نەکات، بەڵام چاوی سـوور هەڵگەڕابـوو، دەیگـوت شـنۆ هـەر دەکوژم، منیـش پێمگوت قۆندەرەکانت مـاچ دەکەم و بیکـە بە خاتـری خودا، شـەیتان بە لەعنەت بکە، وا لەو کچە مەکە".

دایکی لە پشـتەوە و کچەکەش لە پێشەوە بـاوەش لـە (ق) دەدەن و لێـی دەپاڕێنـەوە کـە هیچ نەکات، بەڵام سـوودی نابێ. بەدریە دەڵێت "گوتـی دایە بڕۆ دەرەوە، منیش گوتم ناڕۆم، کچەکەش هەر سەیری دەکردم".

بەڵام دواجار بە قسەی کوڕەکەی دەکات و دەچێتە گەرماوی ماڵەکەیان.

بەدریـە ئاهێـک هەڵدەکێشـێ و دەڵێـت "بـە ناچـاری هاتمـە دەرەوە و چوومـە نێـو حەمامەکـە، گوتم نـەوەک دوای ئـەو منیش بکوژێت، هـەر کە چوومـە حەمامەکە دەنگی تەقە هات".

بەدریـە چـاوەڕێ دەکات تاوەکو کوڕەکەی دەڕوات، ئینجا دێتە دەرەوە و دەچێتە ژووری کچەکـەی، دەبینێ تەرمـی کچەکەی خەڵتانی خوێن بووە.

ماڵـی (ق) لـە نزیک ماڵـی دایکێتی و ژن و منداڵیشـی هەیـە، بەدریە گوتی "هەر دوای ڕووداوەکە، ژن و منداڵەکانیشـی ڕۆیشتوون و هەواڵیان نازانین".

### بۆچی کوشتی؟

بەدریـە ڕەتیکـردەوە هـۆکاری کوشـتنی کچەکـەی کێشـەی کۆمەڵایەتی بێـت و گوتی "خەڵـک دەزانـن کە نـەک کچەکـەم، بەڵکو خێزانەکەشـمان هیـچ کێشـەیەکمان نەبووە، تەنانەت کێشـەمان لەگەڵ (ق) و ژنەکەشـی نەبـووە.. (ق) نەیدەهێشـت شـنۆ بێتـە بەر دەرگاش، هـەر لـە بەلاش کوشـتی و زوڵمی لێکرد، خوا ئەو زوڵمە قبوڵ نەکات".

بەدریە لەبارەی هۆکاری کوشتنی کچەکەی دەڵێت "کوڕەکەم سـەگ و کۆتری هەبوو، دوو لـە سـەگەکانی مـردن، ئەو گومانی لە شـنۆ هەبـوو کە سـەگەکانی دەرمانخـوارد کردبن، بۆیە چەند جارێک هەڕەشەی کوشتنی لێکرد. بەڵام شنۆ هەموو جارێک سوێندی بۆ دەخوارد کە ئاگاداری مردنی سەگەکانی نییە".

وەک بڵێـی پێشـتر ئـەو کـوڕە بەرنامەی کوشتنی خوشـکەکەی خۆی هەبووبێت، بۆیە دراوسـێکانی بە ڕووداوێکی ئاسـایی سەیریان دەکرد و پێشـبینی ڕووداوێکی لەو شـێوەیان لە (ق) کردبوو.

ژنێکـی هاوسـێیان کـە بە گوتـەی خۆی ماوەی چەند سـاڵێکە لە نزیکەوە دەیانناسێ، گوتی "(ق) هەمیشـە سـەگ و کۆتری بەخێو دەکـرد و تاڕادەیەکیش سـەر بە کێشـە بوو، بەڵام شنۆ ژنێکی زۆر بێتاوان بوو".

هەرچەنـدە دایکـی شـاهیدی کوشـتنی کچەیەتـی بـە دەسـتی براکەی، بـەڵام دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیس و سـەردانی شوێنی ڕووداوەکە، دایکیان دەمودەسـت لە کوڕەکەی خۆش بووە و گوتی "هەر لەبەردەم جەنازەکە لێـی خۆشـبووم و نازانـم دوای ڕووداوکـەش ڕۆیشتووە بۆ کوێ.. چی لێبکەم؟ با بڕوات".

بەپێـی ئامارێکی نووسـینگەی کەرکووکی کۆمەڵـەی هیوا بۆ داکۆکیکـردن لە مافەکانی ژنان کە بە گەورەترین ڕێکخراوی داکۆکیکار لە ژنان لە کەرکووک دادەنرێ، لە شـەش مانگی یەکەمی ئەمسـاڵدا 14 ژن لە سـنووری شاری کەرکووک کوژراون.

بنکـەی پۆلیسـی عەرەفـە لێکۆڵینـەوە لـە کوشـتنی شـنۆ دەکـەن و بـە گوتـەی سـەرچاوەیەک لەو بنکەیە، تا ئێسـتا بکوژی ئەو ژنە دەستگیر نەکراوە.



# هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی گرتەی سێکسی لە ژنەکەی دەکرد

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

(ش.م) دەیـەوێ بـە هـەر نرخێک بـووە لە هاوژینەکـەی جیاببێتـەوە کـە بە قسـەی خۆی "ناپاکیـی" لەگـەڵ کـردووە. کاتێکیش ئاشـکرا بـووە، مێردەکەی هەڕەشـەی لێکـردووە "لێیدام و هەڕەشـەی کوشـتنی لێ دەکردم ئەگەر لەلای کەسوکارەکەم باسی بکەم".

(ش) ژنـی ماڵەوەیـە و تەمەنـی 23 سـاڵە، سێ ساڵە شووی کردووە و دایکی کچێکە. (ش) کە لەسـەر کورسـییەکی بەردەم ژووری دادوەری لێکۆڵینـەوەی توندوتیژیـی خێزانـی لـە دادگای سلێمانی دانیشـتبوو، گوتی "تەنیا شەش مانگ بەخۆشی بەڕێکرد".

ئـەو ژنە کاتێک بـە ماڵی خـەزووری گوتووە مێردەکـەی ناپاکیی لێدەکات، ئـەوان گوتوویانە "بوختـان بـۆ کوڕەکەمان دەکەیـت"، بەڵام ماڵی باوکی خۆی لەگەڵ ئەوەن کە لێی جیاببێتەوە.

سـکاڵای ئەو ژنە کە 8 مانگە تۆماری کردووە، یەکێکە لەو سـەدان سکاڵایانەی لەلایەن دادوەری لێکۆڵینـەوەی توندوتیژیـی خێزانـی لـە دادگای سلێمانی کاریان لەسەر دەکرێ.

دادگای لێکۆڵینـەوەی توندوتیژیـی خێزانـی لە کۆتایی سـاڵی 2012 دامـەزراوە و ڕایەڵەیەکە لەنێـوان بەڕێوەبەرایەتـی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی دژی ژنـان و دادگای کەتن. دادگاکە لە نهۆمی یەکەمی باڵەخانەی داد کارەکانی بەڕێ دەکات و زۆربـەی ڕۆژەکانیـش جمـەی دێت لەو کەسانەی سکاڵایان تۆمار کردووە.

### لێژنەی ئاشتەوایی لە دادگا

لێژنـەی ئاشـتەوایی خێزانـی لـە دادگاکە لە کۆمەڵێک کەسـانی شـارەزا و پسپۆڕ پێکهاتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بە تایبەتی کێشەی نێوان ژن و مێرد.

شۆخان حەمەڕەشید پارێزەر و ئەندامی لێژنەی ئاشـتەوایی بە (ڕووداو)ی گوت، هەتا ئێسـتاش لای زۆربـەی ئەو ژن و مێردانەی ڕوویان تێدەکەن وا لێکدەدرێتـەوە لەڕێگەی ئەوانەوە جیادەبنەوە، بـەڵام دەڵێت "ژن و پیـاو لای ئێمە جیانابنەوە، بەڵکو ئێمە هەوڵی چارەسـەرکردنی کێشەکانیان دەدەین و ئەگەریش نەمانتوانی چارەسـەریان بۆ بدۆزینـەوە، ڕێنماییان دەکەین بـڕۆن بۆ دادگای باری کەسی بۆ جیابوونەوە".

### ناپاکیی ئەلیکترۆنی

مـاوەی چەند سـاڵێکە، بەهۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیـاوە لـە هەرێمی کوردسـتان، کێشـە خێزانییەکان زیاتربوون و بە گوتەی شـۆخانیش بەشـێک لەو کێشانەی لەلایەن ژن و مێردەکانەوە ڕووبـەڕووی دادگاکەیان دەبێتـەوە، پەیوەندی بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی فەیسبووکەوە هەیە.

شۆخان گوتی "زۆر جار ژنان، مێردەکانیان بە ناپاکی تۆمەتبار دەکەن و سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکـەن، هەرچەندە ژنەکە ڕاسـتەوخۆ پیاوەکەی خـۆی لەگـەڵ ژنی دیکە نەبینیـوە، بەڵکو تەنیا وێنەی ئافرەتەکەی بینیوە، یاخود هاوژینەکەی لە ماڵەوە لەڕێگەی فەیسـبووک و مۆبایلەوە قسەی لەگەڵ ئافرەتێک کردووە، بەڵام ژنەکەی ئەو کارەی بە ناپاکی لێکداوەتەوە".

یەکێکـی دیکـە لە کێشـەی ژن و پیـاوەکان وەک ئـەو پارێزەرە باسـی کـرد، ئەوەیە کە ئەو پیاوانەی بەهۆی کارەکانیانەوە چەند شـەوێک لە ماڵـەوە نابن، هاوژینەکانیان گومانیان لێدەکەن و تووشی کێشـە دەبن، بۆیە زۆرجار ئەو حاڵەتانە جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە.

### ساردوسڕیی ژنان

ئـەو دادگایە تەنیا سـکاڵای ژنـان وەرناگرێ، بەڵکو سـکاڵای پیاوانیش لـە ژنەکانیان هەر لەو دادگایە یەکلایی دەکرێتەوە.

شـۆخان دەڵێت هەندێک لە پیاوان سـکاڵایان لە دەسـت ساردوسـڕیی ژنەکانیان هەیە لەکاتی سێکسدا. بەبڕوای شـۆخان ساردوسڕیی ژنان لە سێکسدا بەهۆی خەتەنەوەیە.

هەروەهـا ناپاکی و هەندێجاریش دەوامی زۆری ژنەکە، لەو سکاڵایانەن کە پیاوان لەسەر ژنەکانیان تۆمار دەکەن.

### ڤیدیۆی سەرجێیی.. ئامرازی هەڕەشە

یەکێـک لـەو حاڵەتانـەی کە ئەمسـاڵ وەکو سـکاڵای ژن لە دژی پیاوەکەی لەو دادگایە تۆمار کراوە، گرتەی ڤیدیۆیی سێکسـی ژن و مێردە کە لەکاتی دروسـتبوونی کێشەدا پیاوەکە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی کردووە.



شـۆخان گوتـی "ئەمسـاڵ هەندێـک حاڵەت هەبووە کە دەکرێت وەکو توندوتیژیی نوێی پیاوان بناسرێن، بۆ نموونە پیاو هەبووە بە مۆبایل ڤیدیۆی خـۆی و ژنەکەی لەکاتی موماسـەرەی سێکسـدا گرتووە، بەڵام لە کاتی دروسـتبوونی کێشـەیەک لە نێوانیاندا، هەڕەشـەی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە و ڤیدیۆیەی کـردووە. ئەوە جێی سەرسـوڕمانی ئێمەش بوو".

شۆخان دەڵێت هەرچەندە ئەو جۆرە دۆسیانە زۆر تایبەت و نهێنین، بەڵام بۆیە باسـیان دەکات بۆ ئەوەی ژنان لـە داهاتوودا ئاگاداری خۆیان بن و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ تەکنەلۆژیا بکەن.

ڕائید هیوا کەریم، گوتەبێـژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردووش ڕوویداوە لە کاتی سێکسدا پیاوەکە ڤیدیۆی ژنەکەی گرتووە و دواتر وەکو گوشار لە دژی ژنەکەی بەکاریهێناوە تا دەستبەرداری منداڵ و مارەیی ببێت، بەڵام ئەوانە حاڵەتی شازن و نەبووەتە دیاردە".

ڕائیـد هیوا ئاشـکرای کرد ئەمسـاڵ جگە لە کوشتن و خۆکوشـتن، توندوتیژییەکانی دیکەش وەک لێـدان و هەڕەشـەکردن لە ژنـان ڕوویان لە زیادبوون کردووە، لە بەرامبەریشـدا گلەیی پیاوان لە ژنەکانیان ئەوەیە فەرامۆشیان کردوون، یاخود داواکارییەکانیان جێبەجێ ناکەن.

### پەیوەندی لەگەڵ ژنی دیکە

شۆخان باسـی حاڵەتێکی دیکەی توندوتیژی دژی ژنـان دەکات کـە تاڕاددەیـەک نامۆیـە بـە کۆمەڵگە و دەڵێت "ئەمساڵ حاڵەتمان هەبووە کە پیاو بە بەرچاوی ژنەکەیەوە ژنی دیکەی بردووەتە ماڵەوە، کاتێک هاوژینەکەشی ناڕەزایی دەربڕیوە، پێیگوتووە: بێدەنگ بە، بۆت نییە قسـە بکەیت، ئەگەر بەو ژیانە ڕازی نیت تەڵاقت دەدەم".

پێدەچێ ناخۆشـترین شـت بۆ پیاو ئەوە بێت کە بەهۆی سـکاڵای ژنەکەیەوە لەبـەردەم دادوەر خـۆی دەبینێتەوە، چونکە زۆر لە پیاوان ئەوە بە ئابڕووچـوون دەزانن و لە بەردەم دادوەر پەلاماری ژنەکانیان دەدەن.

شـۆخان دەڵێـت "هەندێجـار پیـاوان بـە تۆمارکردنی سکاڵا لە دژیان لەلایەن ژنەکانیانەوە زۆر توورە دەبن، بێ ئەوەی بزانن سکاڵاکە لەسەر چییە، دەڵێن جیادەبینەوە".

هەندێک لەو سکاڵایانەی لەلایەن ژن و پیاوانەوە تۆمار دەکرێن، بەلای لێژنەی ئاشـتەواییەوە جێی سەرسـوڕمانن، چونکە کێشەکانیان زۆر سادەن و ئەوە ناهێنێ بگاتە دادگا.

شـۆخان ڕوونیدەکاتەوە کە بۆچی ئەو کێشـە سـادانە دەگەنـە دادگا و دەڵێـت "زۆر جار ژنان لەکاتـی کێشـەی ئاسـاندا پێیـان باشـە لەگەڵ مێردەکانیـان پێکبێنەوە، بـەڵام ژنەکە دەڵێت با پـرس بە کەسـوکارم بکەم، کاتێکیش قسـەیان لەگەڵ دەکات، ئەوان کێشەکەی گەورەتر دەکەن و دەیگەیەننە دادگا".

### 70%ی سکاڵای ژنانە

بەپێی ئاماری دادگای سـلێمانی کـە دراوەتە (ڕووداو)، لـە سـاڵی 2013دا 105 دۆسـیەی دادگای لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی خێزانی بۆ ساڵی 2014 ماونەتـەوە و لە سـاڵی 2014یشـدا 215 دۆسـیەی نوێ لەو دادگایە تۆمارکـراون. هەر لە سـاڵی 2014دا 144 دۆسیە یەکلایی بوونەتەوە، هەندێکیـان بە چارەسـەربوون و هەندێکیشـیان ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کراون. 114 دۆسیەش بۆ ئەمساڵ ماونەتەوە، بەڵام دادگا تاوەکو کۆتایی ساڵ ئاماری ئەمساڵ بڵاوناکاتەوە.

شـۆخان حەمەڕەشـید پێیوایە ئـەو ئامارەی بەشـی ئامـاری دادگا زۆر کەمە و گوتی "مانگانە زیاتر لە 150 حاڵەتمان بۆ دێن کە 60-70%یان سکاڵای ژنانن بەرامبەر پیاوان، تەنیا لە سێ مانگی کۆتایـی ئەمساڵیشـدا 508 حاڵەتـی توندوتیژی خێزانی هەبووە و 230 یشـیان چارەسـەرکراون، بێگومان زۆربەیان کێشەی ژن و مێردن".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (382) دووشەممە 2015/11/9

## دوو برا دەخنکێن



**ڕووداو- دهۆک**

دوو منداڵی ڕۆژئاوای کوردستان لە سنووری پارێزگای دهۆک لە کاتی مەلەکردندا خنکان. رائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێوارەی 2015/11/5 پۆلیسی قەزای شێخان ئاگادار کرایەوە کە دوو ڕووداوی خنکان لە ڕووباردا ڕوویداوە. دوای گەیشتی هێزە ئەمنییەکان دەرکەوت دوو منداڵ کە برا بوون لە کاتی مەلەکردندا خنکاون. ناوبراو گوتی "یەکێک لەو منداڵانە ناوی ئەحمەد حوسێنە کە تەمەنی چوار ساڵ بووە و ئەوەی دیکەش حەسەن حوسێن تەمەنی دوو ساڵ بووە و کوردی ڕۆژئاوای کوردستانن".

# خۆی و کچەکەی و ژنەکەی بە چەقۆ دەکوژێ

پشتیوان جەمال
ڕووداو- ڕزگاری

لە گوندێکی ناوچەی گەرمیان، پیاوێک ژنەکەی و کچەکەی خۆی بە چەقۆ دەکوژێت و پاشانیش هەر بەو چەقۆیە خۆی دەکوژێ. کەسوکاری دەڵێن بەهۆی نەخۆشیی دەروونییەوە ئەو کارەی کردووە. برایەکیشی کە لەکاتی ڕووداوەکەدا بریندار بووە، بە بڕیاری دادوەر بەند کراوە.

نیوەڕۆی 2015/11/4، ڕێبوار محەممەد، تەمەن 28 ساڵ و باخان سالح، هاوژینی ڕێبوار کە تەمەنی 23 ساڵ بووە، لەگەڵ کچە بچکۆلانەکەیان بەناوی (هەستی) کە تەمەنی ساڵێک و نۆ مانگ بوو، لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لە نێو ماڵی خۆیان بە چەقۆ کوژران. ئێستا تەنیا کوڕێکیان ماوە کە لە کاتی ڕووداوەکەدا بەڕێکەوت لە ماڵی دراوسێیەکیان بووە.

گوندی چەمە بیسمیللا کە دەکەوێتە نێوان ناحیەی پێباز و قەزای کەلار و چەند ماڵێکی تێدا دەژین، بەهۆی گەورەیی ئەو ڕووداوەوە ناوی کەوتە سەر زاران. پێشتر خەڵکێکی زۆر تەنانەت لەنێو شارۆچکەی دەربەندیخانی نزیک ئەو گوندەش نەیاندەزانی لە تەنیشتیانەوە گوندێک بەو ناوە هەیە.

### "نەخۆشیی دەروونی هەبوو"

ماڵی ڕێبوار و ماڵی باوکی لە دوو خانووی لە قوڕ دروستکراوی تەنیشت یەکدان، بەڵام پرسەکەی ڕێبوار و هاوژین و منداڵەکەی لە ناحیەی ڕزگاری دانرا، هاوسێکانی ماڵی ڕێبوار دەڵێن ئەو پیاوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، بۆیە خۆی و هاوژین و منداڵەکەی کوشت.

یەکێک لە دراوسێکانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ڕۆژە خوشکەکانی ڕێبوار هانایان بۆ هێنایان کە براکەیان لە ماڵی خۆیدا ژن و منداڵەکەی کوشتووە و خەریکە خۆیشی دەکوژێ، بەڵام تا چووینە ماڵەکەوە چەقۆی لە خۆیشی دابوو".



ڕێبوار لەکاتی وەرگرتنی چارەسەر لە نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی

ئەو دراوسێیەیان کە دەستبەجێ چووبوونە سەر ڕووداوەکە، گوتی "ئەو کاتەی چووم ڕێبوار خۆی بریندار کردبوو، بەڵام نەیدەتوانی قسە بکات و دواتر خستمانە نێو ئۆتۆمبێلەوە و بردیان".

شاخەوان عەلی، ئامۆزای ڕێبوار باسی نەخۆشییەکەی ڕێبواری کرد و گوتی "لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو ڕێبواریان لە نەخۆشخانەی دەروونی خەواندبوو، پزیشکەکان گوتیان بەهۆی ماندووبوونی زۆرەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە و دوای وەرگرتنی دەرمان کەمێک باش بوو، هەر ئەوکاتەی ئەو لە نەخۆشخانە بوو، دایکیشی بەهۆی نەخۆشکەوتنی ڕێبوارەوە خەفەتی خوارد و لە سەربانەوە کەوتە خوارەوە، بۆیە دایکی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و خۆیشی لە نەخۆشخانەی دەروونی بوو".

بە گوتەی ئەو ئامۆزایەی، لە ڕەمەزانی ساڵی ڕابردوودا دایکی کۆچی دوایی کردووە و ئەوەش کاریگەریی زیاتری لەسەر ڕێبوار هەبووە، بەڵام دووبارە دەستی بەکار کردووەتەوە "لە سەرەتای نەخۆشییەکەشیدا پزیشکەکان گوتیان نابێت خۆی ماندوو بکات، بەڵام ڕێبوار ڕۆژێک بەر لە ڕووداوەکە بە تراکتۆر زەوی ماڵی خەزووری کێڵابوو، ڕۆژی ڕووداوەکەش بەیانییەکەی زەوی ماڵی باوکی کێڵابوو".

شاخەوان لە زاری خوشکەکانی ڕێبوارەوە گێڕایەوە کە لە دەوروبەری کاژێر یەکی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەسەر زەوییەکە پێویستیان بە پارچەیەکی تراکتۆرەکە بووە و باوکی گوتوویەتی دەڕۆمەوە لە ماڵەوە دەیهێنم، بەڵام ڕێبوار نەیهێشتبوو ئەو بڕوات و خۆی چووبووەوە.

ئەو گوتی "سەرەتا چووبووە ماڵی باوکی و داوای چەکی کردبوو گوایە کەروێشک ڕاودەکەن، بەڵام ماڵی باوکی چەکیان نەبوو، دواتر چووەتە ماڵی خۆیان و هەواڵی کوڕ و کچەکەی پرسیبوو، ئینجا داوای چەقۆی کردبوو، هەر لەوێدا چەقۆی لە پشت و سەر و دڵی هاوژینەکەی و پاشانیش کچەکەی داوە".

کاتێک دەنگە دەنگ لە ماڵی ڕێبوار بەرز دەبێتەوە، (س)ی برای ڕێبوار و هاوسێکانی بە ڕاکردن دەچنە ماڵەکەی، دەبینن ڕێبوار دەرگای لەسەرخۆی داخستووە. بەڵام کاتێک دەرگاکە دەشکێنن، دەبینن ڕێبوار چەند چەقۆیەکی لەسەر گەدە و دڵی خۆی داوە.

شاخەوان دەڵێت ڕێبوار زۆربەی کات تەندروستی باش بوو، بەڵام ئەو کاتانەی خۆی ماندوو دەکرد، تووشی ئەو نەخۆشییە دەبووەوە. شاخەوان گوتی "لەو بڕوایەدا نەبووین ڕێبوار کارێکی لەو جۆرە بکات، چونکە هیچ کێشەیەکی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت پزیشکەکان گوتبوویان نابێت خۆی ماندوو بکات".

### "براکەی بێ تاوانە"

(س)ی برای ڕێبوار کە لەگەڵ دراوسێکانی بە هاواری ماڵی براکەیەوە چووە، دوای ڕووداوەکە بە بڕیاری دادوەر دەستگیر کرا، چونکە لەکاتی ڕووداوەکەدا بریندار بووە، بەڵام شایەتحاڵەکان دەڵێن (س) بێ تاوانە.

شاخەوان گوتی "برینەکەی (س) برینی چەقۆ نییە، بەڵکو لەکاتی شکاندنی دەرگاکە بریندار بووە. (س) هیچ تاوانی نییە".

### "ڕووداوەکە ڕوون نییە"

بەڵام نەقیب عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "ئەو سێ تەرمە بە چەقۆ کوژراون و برایەکی کوژراوەکەش بریندارە و بە فەرمانی بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی کەلار بەندکراوە".

قەدوری گوتیشی "هەتا لێکۆڵینەوە تەواو نەبێت ناتوانین بڵێین براکەی تاوانبارە یاخود بێتاوانە، کۆمەڵێک بەڵگەمان لە شوێنی ڕووداوەکە هەڵگرتووە و کاری خۆمانی لەسەر دەکەین".

سەبارەت بە گوتەی شایەتحاڵ و کەسوکاری کوژراوەکەش کە دەڵێن ئەو پیاوە بەهۆی نەخۆشیی دەروونییەوە خۆی و هاوژین و منداڵەکەی کوشتووە، گوتەبێژەکەی پۆلیسی گەرمیان گوتی کە تائێستاش ڕووداوی کوشتنی ئەو سێ کەسە ڕوون نییە "نازانین پیاوەکە خۆی و هاوژین و منداڵەکەی کوشتووە یان نا، بۆ نەخۆشییەکەشی چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشک دەکەین".

# پۆلیسێک لە کاتی دەوامدا دەکوژرێ

## براکەی: ڕەنگە بە هەڵە فیشەکەکەی بەخۆیەوە نابێت

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

چەند کاژێرێک بەرلەوەی بە گوللەیەکی دەمانچەکەی خۆی گیانی بسپێرێ، بەهائەددین تەلەفۆن بۆ براکەی دەکات و گلەیی لێ دەکات کە بۆچی لە پرسەیەک ئاگاداری نەکردووەتەوە کە لە گەڕەکەکەیان بووە، بەڵام زۆری پێنەچوو، خەڵک پرسیاری شوێنی پرسەی ئەویان دەکرد.

کاژێر 7ی ئێوارەی 2015/11/2 بەهائەددین فەتاح کە پۆلیسێکی تەمەن 41 ساڵ و بەرپرسی وەجبەیەکی پاسەوانەکانی بانکێکی حکومەت بوو، لەکاتی ئەرکەکەیدا کە لەگەڵ پۆلیسێکی دیکە لە ژووری حەوانەوەی خۆیاندا بوون، لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا فیشەکێک بەر سەری دەکەوێ و دواتریش لە نەخۆشخانە دەمرێ.

### پۆلیسەکە دەستگیرکراوە

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو شەوە 4 پۆلیس لە ئەرکدا بوون کە دووانیان لە قولەکاندا بوون و دووانیشیان لە ژووری خۆیان بوون، لەناکاو دەنگی فیشەکێک بیستراوە و دواتر دەرکەوتووە کە بەهائەددین کوژراوە.


بە گوتەی نەقیب سەرکەوت، فیشەکێک بەر سەری کوژراوەکە کەوتووە و تەرمەکەشی براوەتە پزیشکی دادوەری، بەڵام لەبەرئەوەی شوێنی پێکانەکە کەمێک ئاڵۆزە، هەتا ڕاپۆرتی پزیشکی داد دەرنەچێت ناتوانن بڵێن خۆی کوشتووە یان گوللەی لەدەست دەرچووە. گوتیشی "بەڵام بە فەرمانی دادوەر ئەو پۆلیسەی لەو ژوورەدا بووە لەگەڵی، بەند کراوە".

تەرمی بەهائەددین لە پەیمانگەی پزیشکی داد لە سلێمانی توێکاری بۆ کراوە و بە گوتەی دکتۆر محەممەد نوری لەو پەیمانگەیە، گوللەکە بە دووریی نزیکەی 90 سانتیمەتر بەر لای ڕاستی سەری کەوتووە، بەڵام هیچ نیشانەیەکی دیکەی پێکران و بەرگری بە جەستەیەوە نەبووە.

سەبارەت بەوەی ئاخۆ ڕووداوەکە خۆکوشتنە یان کوژراوە، دکتۆر محەممەد گوتی "ئێمە ناتوانین دەستنیشانی بکەین کە خۆی کوشتووە، یان بە هەڵە گوللەی لەخۆی داوە، یانیش کوژراوە، ئەو پرسە دادوەر یەکلایی دەکاتەوە".

### پێدەچێ بە هەڵە خۆی کوشتبێ

شەوکەوت فەتاح، برای بەهائەددین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە نزیک کاژێر 7ی شەوی 2015/11/2 لەلایەن پۆلیسێکی هاوڕێی براکەیەوە ئاگادار کراوەتەوە و پێیگوتووە "براکەت فیشەکی لە دەست دەرچووە و بەر سەری کەوتووە". دواتر ئەو برایەی سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کردووە، بەڵام نەیتوانیوە بەهائەددین ببینێت و بۆ دواجار لە پەیمانگەی پزیشکی داد، تەرمەکەی بینیوەتەوە.



شەوکەت گوتی "پێشبینی دەکەم بە هەڵە فیشەکەکەی بەخۆیەوە نابێت، نەوەک مەبەستی خۆکوشتن بووبێت، واتە لە کاتی دەستکاریکردنی دەمانچەکە فیشەکی لەدەست دەرچووە".

بەهائەددین باوکی کوڕ و کچێکە و بە گوتەی براکەشی هیچ کێشەیەکی نەبووە "براکەمان هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دارایی و دەروونی نەبوو، تەنانەت لەگەڵ خێزانەکەیدا زۆر ئاسوودە بوو".

سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو پۆلیسەی کە لە ژوورەکەدا لەگەڵ بەهائەددین بووە، براکەی گوتی "هەرچەندە ئێمە پۆلیسەکان ناناسین، بەڵام وەک خۆی پێشتر باسی کردبوو، هەموویانی خۆشدەویستن، بەتایبەتیش ئەو پۆلیسەی کە دەستگیرکراوە و پێشموانییە کوژرابێت". هەر بە گوتەی شەوکەتی برای، پۆلیسەکان لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا گوتوویانە هەندێجار بەهائەددین یاری بە دەمانچەکە کردووە.

ڕزگار فەتاح، برایەکی دیکەی بەهائەددینە کە سێ کاژێر پێش ڕووداوەکە بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ یەکدی کردووە، بەدووری دەزانێت بەهائەددین خۆی کوشتبێ و دەڵێت "براکەم لە تەلەفۆنەکەدا قسەکانی زۆر ئاسایی بوون، پێمگوت چووم بۆ پرسەیەک لە گەڕەکی خۆمان، گوتی: بۆچی پێت نەگوتم؟ منیش دەهاتم".

بەهائەددین لە شوێنی کارەکەی بەرپرسی وەجبەی پۆلیسەکان بووە و ڕۆژێک 24 کاژێر لە دەوام بووە و دوو ڕۆژیش لە ماڵەوە بووە.

ڕزگار بە گوتەی خۆی کە نزیکترین کەس بووە لە بەهائەددین، لەو باوەڕەدا نییە کەس دەستی لە کوشتنەکەیدا هەبووبێت، هەر بۆیەش سکاڵایان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

# دایکێک کوڕەکەی دەخاتە زیندانەوە

کوڕێک کە خاوەنی ژن و منداڵ بوو، لەسەر سکاڵای دایکی ماوەی 17 ڕۆژ خرایە زیندانەوە و دواتر ئازاد کرا. داواکاریی دایکەکە لە کوڕەکەی ئەوە بوو کە لە خانووەکەی بچێتە دەرەوە.

کاتێک کوڕەکە بانگ کرایە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بۆ ئەوەی کێشەکەی لەگەڵ دایکی بۆ چارەسەر بکرێ، یەکسەر ڕایکرد بۆ لای دایکی بۆ ئەوەی دەستی ماچ بکات، بەڵام دایکی دەستی خۆی کێشایەوە و نەیهێشت ماچی بکات. کوڕەکە کۆڵی نەدا و دەیویست بە هەر شێوەیەک بێ دەستی دایکی ماچ بکات. تەنانەت ئەو جنێوانەشی قبوڵ بوون کە دایکی پێیدەدان، تەنیا بۆ ئەوەی دەستی دایکی ماچ بکات.

ئەو دایک و کوڕە لە خانوویەکدا دەژیان کە دایکەکە خاوەنی بوو، کوڕەکە لە نهۆمی سەرەوە و دایکەکەش لە نهۆمی خوارەوە. کوڕێکی ژنەکەش کە بەهۆی ئەو قەیرانەوە بێکار بووە، چیدی کرێی خانووی پێنەدراوە و ناچار بووە بێتەوە سەر ماڵی دایکی.

بەپێی گێڕانەوەکانی دایکی، کوڕە بێکارەکەی، لەلای ئەو خۆشەویستترە لەو کوڕەی بەگرتنی دابوو، چونکە ژنی کوڕە بێکارەکە بێ کێشەیە و ژنی کوڕەکەی دیکەی کێشەی زۆری بۆ دروست دەکات. هەروەها بە هۆکاری تەڵاقدانی کچەکەی دەزانێت، هەر بۆیە دەیەوێ لە خانووەکەی دەریانبکات و داواشی لە کوڕەکەی کردووە ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام ئەوان دەڵێن هیچ کێشەیەکیان نییە و نایانەوێ ژیانیان تێکبدەن.

کاتێک دایکەکە گوشاری بۆ کوڕەکەی بردووە کە لە خانووەکەی بچێتە دەرەوە، کوڕەکە بەقسەی نەکردووە و گوتوویەتی کە بەشی لە خانووەکەدا هەیە و ناچێتە دەرەوە، بۆیە دایکی سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە و پۆلیسیش لەسەر سکاڵای دایکەکە کوڕەکەی دەستگیرکردووە.

کاتێک پرسیار لە بووکەکەی کرا کە بۆچی داوای ماڵی سەربەخۆ لە مێردەکەی ناکات و لە خانووی خەسووی ناچێتە دەرەوە، بووکەکە گوتی "من کێشەم لەگەڵ خەسوومدا نییە، دواتریش هاوژینەکەم باری دارایی باش نییە و ناتوانێت خانوو بە کرێ بگرێت. قسەی من قسەی مێردەکەمە، من لە قسەی ئەو دەرناچم".

کوڕەکە کە گوێی لە قسەکانی دایکی و ژنەکەی گرتبوو، هاتە دەنگ و گوتی "دایکم بە تەنیا کێشەی لەگەڵ من نییە، زۆری نەمابوو کچێکی بە تەڵاقدان بدات، حاشای لە کچێکی دیکەی کردووە. چەندین جار بە منیشی گوتووە حاشا تۆ کوڕی من نیت، لە ماڵەکەم بڕۆ دەرەوە".

بەڵام کوڕەکە هەموو قسە ناخۆشەکانی دایکی وەلانا و گوتی "من لە منداڵییەوە کار دەکەم و پارە دەدەمە ماڵەوە، بەڵام کێشە نییە من لەو ماڵە دەچمە دەرەوە، بەس دایکم لێم خۆشبێت".

کوڕەکە حاڵی کرا کە ئەو هیچ مافێکی بەسەر خانووەکەوە نییە و خانوو خانووی دایکێتی، چونکە تاپۆی خانووەکە بەناوی دایکێتی، بەبێ ڕەزامەندیی دایکی ناتوانێ لە نێو خانووەکەدا بمێنێتەوە. تەنانەت دایکی دەتوانێت داوای ئەوە بکات کە بەخێویشی بکات. تەنیا ئەوکاتە مافی لەو خانووەدا هەیە کە دایکی لە ژیاندا نامێنێ و خانووەکە دەبێتە میرات بۆ منداڵەکانی.

خێزانەکە پێکهاتنەوە، بەڵام بەو مەرجەی کوڕەکە ماڵی خۆی بکات و لە خانووی دایکی بچێتە دەرەوە. زۆربەی کێشەی منداڵ لەگەڵ دایک و باوکیان پەیوەندییان بە مانەوەیان هەیە لەگەڵ ئەوان کاتێک ژن دەهێنن. بۆ بەرگرتن بەو کێشانە پێویستە گەنجان بەر لەوەی ژن بهێنن بیر لە ماڵی جیا بکەنەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

ژنەکەی و مێردی پێشووی ژنەکەی بە تۆمەتی کوشتنی دەستگیرکراون

# تەرمی رزگار دوای 70 رۆژ لە ونبوونی بە کوژراوی دۆزرایەوە

عومەر چاوشین
رووداو- هەولێر

نزیکەی 70 رۆژێک لەمەوبەر لەناکاو هیچ هەواڵێکی نەما، دوای سۆراغکردنێکی زۆری کەسوکارەکەی و ئاگادارکردنەوەی پۆلیس، رۆژی 2015/11/5 تەرمی رزگار لە نزیک شارۆچکەی ئاکرێ دۆزرایەوە.

رزگار عەبدوڵڵا حەمەد، تەمەن 25 ساڵ، پێشتر لە ناحیەی وەرتێ دادەنیشت، بەڵام کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوی لە ناحیەکە هەڵکەند و نزیکەی 4 مانگ بوو ماڵی گواستبووەوە شارۆچکەی شاوێسی نزیک هەولێر. رۆژی 2015/8/25 رزگار دیار نەما و هیچ هەواڵێکی نەما، بەڵام دوای 70 رۆژ بە کوژراوی دۆزرایەوە.

سەعد خالید، باسی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییەی رزگاری کرد و گوتی "رزگار لە ناحیەی وەرتێ بوو، پێشمەرگەی زێرەڤانی بوو. سەرەتای ئەمساڵ لەسەر پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ ژنێک تووشی کێشە بوو، لایەنی بەرامبەر لە دادگا نەیانتوانی بیسەلمێنن کە رزگار تەلەفۆنی بۆ ئەو ژنە کردووە، بەڵام بە زۆر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بەسەر رزگاردا ساخ کرایەوە".



کێشەکە بە سوڵحی عەشایری چارەسەر کرا، ژنەکە کە دایکی سێ منداڵ بوو، تەڵاق درا و لە رزگار مارە کرا. هەروەها کەسوکاری ژنەکەش بڕی 40 هەزار دۆلاریان لە بنەماڵەی رزگار وەرگرت و بەو مەرجەش سوڵحیان کرد کە رزگار تاوەکو دوو ساڵی دیکە نەگەڕێتەوە ناحیەی وەرتێ، بۆیە ناچار بوو ماڵەکەی بگوازێتەوە شارۆچکەی شاوێس، بەڵام شەوێک لە ناکاو رزگار دیار نامێنێ و مۆبایلەکەی دادەخرێ.

سەعد باسی ونبوونی ئامۆزاکەی دەکات و دەڵێت "شەوی 2015/8/25 رزگار ون بوو، کاتێک چووینە ماڵەکەی چەند پەڵە خوێنێکمان لەوێ بینی، بەتانییەکی گەورەش دیار نەبوو، ژنەکەشی بەتانی و دۆشەکێکی شووشتبوو، زۆریش پەشۆکاو دیار بوو. گومانمان لە ژنەکەی پەیداکرد کە دەستی لە دیارنەمانی رزگاردا هەبێت، بۆیە لە پۆلیس سکاڵامان لەسەر تۆمار کرد".

وەک سەعد باسی کرد، ژنی رزگار لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا دان بەهەموو شتێکدا دەنێت و شوێنی تەرمەکەش پێشانی پۆلیس دەدات. سەعد گوتی "تەرمەکەی لە نزیک پردی قەندیل لە ئاکرێ، خرابووە ژێر داروبەرد، لە نێو ئەو بەتانییەدا بوو کە لە ماڵەکەی دیار نەبوو، بە چەقۆ جەستەی کون کون کرابوو".

سەعد گوتی ئەو ژنە بە تەنیا ئەو کارەی نەکردووە، بەڵکو کەسێکی دیکەشی لەگەڵ بووە "ژنەکە لەگەڵ مێردی پێشووی (ع.م) ئەو تاوانەی کردووە، ئێستا ئەویش دەستگیرکراوە".

بنەماڵەی مێردی پێشووی ژنی رزگار کە خەڵکی وەرتێن، بەشدارییان لە پرسەی رزگاردا کردووە و دەڵێن ئەوان قەت لەو باوەڕەدا نەبوون دوای سوڵحکردن کێشەکە سەرهەڵبداتەوە.

محەممەد خدر عەبدوڵڵا، خزمی (ع.م) گوتی "ئێمە لە پرسەی رزگاری جوانەمەرگ دانیشتووین و زۆر بەپەرۆشین بۆ ئەم تاوانە و نامانەوێت کێشەکە گەورەتر بێت، هەرچەندە ئێمە نازانین تاوانەکەیان بەسەردا ساغ بووەتەوە یان نا، بەڵام هەرکات تاوانەکە ساغ بووەوە، بنەماڵەی رزگار داوای چی بکەن، ئێمە ئامادەین، چونکە رزگار غەدرێکی گەورەی لێکراوە و نابێت ئەوە بەسەر کەسدا تێپەڕێت، سوڵح کراوە و دوای سوڵح هەر تاوانێک بکرێ لە رووی یاسا و عەشایرییەوە تاوانێکی گەورەیە".

ئیسماعیل حەوێز، ئەنجوومەنی ناحیەی وەرتێ، گوتی "خەڵکی ناحیەکە بەگشتی بەهۆی ئەو تاوانەوە بێ تاقەت بوون. ئێستا بە هەموو لایەک هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدەین و وا دەکەین خوێنی کەسی دیکە لە نێوان هەردوولا نەڕژێت".

---

# گەنجێکی ئێزدی لە کەمپی ئاوارەکاندا خۆی دەکوژێ

## موختاری کەمپەکە:

## باری دەروونیی زۆربەی ئاوارەکان تێکچووە و پێشبینی رووداوی دیکەش دەکەین



پشتیوان جەمال
رووداو- دهۆک

گەنجێکی نیشتەجێی یەکێک لە کەمپەکانی شاری دهۆک بە کلاشینکۆفی براکەی گوللەیەک لە خۆی دەدات و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ. براکەی دەڵێت "ئەو برایەم بەهۆی رووداوەکانی شنگالەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، پێدەچێت هەر لەبەر ئەوەش خۆی کوشتبێ".

حەجی حەسەن، تەمەن 25 ساڵ کە ئێزدییەکی دانیشتووی کەمپی باجد کەنداڵ بوو لە پارێزگای دهۆک، رۆژی 2015/11/1 لە گەرماوێکی نزیک چادرەکەیان لە کەمپەکەدا خۆی کوشت.

ئیلیاس حەسەن، برای حەجی بە (رووداو)ی راگەیاند، دوای ئاوارەبوونیان و گیرسانەوەیان لەو کەمپە، براکەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە زۆر خەفەتی بۆ رووداوەکانی شنگال خواردووە "زۆر بە کەمی خواردنی دەخوارد، هەمیشە لە خەیاڵ و بیرکردنەوەدا بوو، کاتێک پرسیارمان لێدەکرد، دەیگوت لە خەمی ئەو هەموو کەسەی لە شنگال ئاوارە و دەربەدەر بوون".

رۆژی 2014/8/3 چەکدارانی داعش پەلاماری شارۆچکەی شنگالیان دا و داگیریان کرد، زۆربەی دانیشتووانی شارۆچکەکە ئاوارە بوون، ژمارەیەکیشیان کەوتنە دەست چەکدارانی داعش و گواسترانەوە بۆ مووسڵ و تەلعەفەر و رەقە و ناوچەکانی دیکەی بندەستی داعش.

زۆر لەو ژنە ئێزدیانەی لەدەست چەکدارانی داعش رزگاریان بووە، تووشی شۆکی دەروونی بوون، ژمارەیەک لەوانە براونەتە ئەڵمانیا بۆ چارەسەر.

کاتێک حەجی تووشی ئەو بارە دەروونییە خراپە هاتووە، براوەتە لای پزیشک لە شاری دهۆک. ئیلیاس دەڵێت "پزیشک پشکنینی بۆ کرد و گوتی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، چارەسەری بۆ نووسی، ماوەیەک لە نەخۆشخانە هێڵدرایەوە و رەوشی دەروونیی کەمێک باشتر بوو، پزیشک گوتی بیبەنەوە ماڵەوە و دوو مانگ جارێک بیهێننەوە لام".

وەک براکەی ئاماژەی بۆ کرد، دوای دەرکردنی لە نەخۆشخانە و گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، دایک و باوکی هەمیشە دڵنەواییان داوەتەوە و زۆرجاریش لەبەر ئەو، نەدەخەوتن "چەند مانگێک بەو شێوەیە بوو، باری دەروونیی کەمێک باش بوو، بەڵام هەر خەمبار دەبوو، پێماندەگوت هەر شتێکت دەوێ بۆت دەکەین، ئەگەر دەتەوێ ژنت بۆ دێنین، بەڵام ئەو هەر خەفەتی بۆ شنگال دەخوارد و لای کەسوکار و هاوڕێکانیشی زۆر باسی دەکرد".

رۆژێک بەرلەوەی خۆی بکوژێت، ئیلیاس جارێکی دیکە براکەی بردووەتەوە لای پزیشک "لەبەرئەوەی دەرمانی نەمابوو، دەبووایە سەردانی پزیشکەکەی بکەینەوە، ئەو رۆژە خۆم لەگەڵی رۆیشتم بۆ لای پزیشکەکە و دەرمانی بۆ نووسی و ئێوارە گەڕاینەوە".

ئیلیاس گوتی "شەوی پێش رووداوەکە، تاوەکو کاتژێر 12ی شەو هەر پێکەوە بووین، دواتر حەبێکی خوارد و خەوت". بەڵام سەرلەبەیانی رۆژی دواتر بۆ ئەوان زۆر جیاواز بوو. ئیلیاس گوتی "بۆ بەیانییەکەی هێشتا دنیا رووناک نەبووبووەوە و چادری ماڵی ئێمەش لە ماڵی باوکمەوە نزیکە، حەجی لە نێو گەرماوی نزیک چادرەکە بە کلاشینکۆفی من، خۆی کوشت".

خۆکوشتنەکەی حەجی بە قسەی براکەی لای ئەوان زۆر چاوەڕواننەکراو بووە، چونکە پێشتر نە هەوڵی خۆکوشتنی داوە و نە باسیشی کردووە "دوای رووداوەکە هەموومان تاساین، چونکە بەهیچ شێوەیەک لەو بڕوایەدا نەبووین خۆی بکوژێت".

وەکو ئیلیاس گوتی، حەجی نزیکەی دوو ساڵ و تا پێش رووداوەکەی شنگال لە کارگەیەکی چیمەنتۆ لە سلێمانی ئیشی کردووە "بەڵام لە کەمپەکە بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە ئیشی نەدەکرد".

خۆکوشتنی ئەو گەنجە لە کاتێکدایە، لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا چەند هاووڵاتییەکی دیکەی ئێزدی لەنێو کەمپەکاندا خۆیان کوشتووە کە دوویان کوڕ کچێکی ئەڤیندار بوون و یەکێکی دیکەشیان پێشمەرگەیەک بوو دوای گەڕانەوە لە ئەرکەکەی، خۆی و هاوژینەکەی خۆیشی کوشت.

کەمپی باجد کەنداڵ لە نزیک قەزای زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆکە و نزیکەی سێ هەزار خێزانی کوردی ئێزدی تێدا نیشتەجێن، رووداوی خۆکوشتنی ئەو گەنجە یەکەمین حاڵەتی خۆکوشتن و کوشتنە لەو کەمپە روودەدات، بەڵام بەرپرسانی کەمپەکە هۆشداری لە زیادبوونی حاڵەتی دیکە دەدەن.

نایف عیدۆ، ئەنجوومەنی کەمپی باجد کەنداڵ بە (رووداو)ی گوت "حەجی گەنجێکی باش بوو، بەڵام بەهۆی کارەساتی شنگالەوە باری دەروونیی تێکچوو، کارەساتی شنگال کاریگەریی زۆری کردووەتە سەر دەروونی خەڵکەکەی و هەندێکیان تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون، پێویستە کێشەکانیان چارەسەر بکەن و بەزووترین کات هەوڵ بدرێت بۆ ئازادکردنەوەی شنگال و گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ زێدی خۆیان، ئەگەرنا دەبێت چاوەڕێی خۆکوشتنی زیاتری خەڵک بکرێت".

---

# لە قەڵادزێ گەنجێک خۆی دەکوژێ

عومەر چاوشین
رووداو- قەڵادزێ

لەکاتێکدا کەسوکارەکەی هەر یەکە بە کارێکەوە سەرقاڵ بووە، شوانە بەبێدەنگی دەچێتە ژووری نووستن، لەناکاو دەنگی گوللەیەک خێزانەکەی رادەچڵەکێنێ، کاتێک دەگەنە سەری، دەبینن شوانە خۆی کوشتووە، بەڵام تائێستا نازانن بۆچی خۆی کوشتووە؟

رۆژی 2015/10/31 گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی شوان خدر عەبدوڵڵا، دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی لە شارۆچکەی قەڵادزێ، لە نێو ماڵەکەیاندا بە دەمانچەیەکی جۆری مێکارۆف کە خێزانەکەی نازانن چۆن و لە کوێی دەستکەوتووە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.



بەپێی قسەی کەسوکارەکەی، شوان تەمەنی تەنیا ساڵێک بووە، نەنک و باپیری بەخێویان کردووە و هەتا رۆژی پێش رووداوەکەش هەر لە ماڵی ئەوان بووە، بەڵام لە کاتی رووداوەکەدا لە ماڵی باوکی بووە.

خزمێکی نزیکی شوان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "ئەو کوڕە لەلایەن نەنک و باپیرییەوە گەورە کراوە و پەروەردەیەکی باشیان کردووە، بۆیە کوڕێکی زۆر بێدەنگ و بێ کێشە بوو".

ئەو خزمەیان کاتێک هەواڵەکەی بیستووە تووشی شۆک بووە و کە پرسیاریشی کردووە پێیانگوتووە خۆی کوشتووە. ئەویش لەو باوەڕەدایە خۆی کوشتبێ و دەڵێت "لە دەرەوە کەسێکی بێ کێشە بوو، بۆیە دڵنیام کەس دەستی لە رووداوەکەدا نەبووە، بەڵام پێم سەیرە خۆی کوشتووە، چونکە قەت نەمانبیستووە کێشەیەکی هەبووبێ، یان گلەیی لە کەس هەبووبێ".

هەر لەوبارەوە بەکر عەبدوڵڵا، مامی شوانە بە (رووداو)ی گوت "ئەو رووداوە پەیوەندی بە کەسەوە نییە و شوانە خۆی کوشتووە، بۆیە گومانمان لە کەس نییە و سکاڵاشمان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە".

بەکر نازانێت شوانە بە ئەنقەست خۆی کوشتووە، یانیش بە هەڵە چەکی بەکارهێناوە و گوللەی بەرکەوتووە. بەڵام سەری لەوە سوڕماوە ئەو چەکەی لە کوێ هێناوە "شوانە چەکی نەبوو، نازانین ئەو چەکەی لە کوێ دەستکەوتووە و چۆن دەستی کەوتووە، ئەگەر بمانزانیبا چەکی هەیە لێمان دەسەند".

مامی شوانە رووداوەکەی بە چاوی خۆی نەبینیوە، بەڵام بۆیان گێڕاوەتەوە کە لەکاتی رووداوەکەدا زۆربەی خێزانەکەی لە ماڵەوە بوون، شوانە چووەتە ژووری خەوتن و لەوێ دەنگی گوللەیەک هاتووە، کاتێک دەچنە ژوورەوە، دەبینن گوللەیەکی لەسەری خۆی داوە و خۆی کوشتووە.

بەکر دەڵێت باوکی شوانە کوڕەکەی خۆی زۆر خۆشدەویست، هەر بۆیە زوو دەمانچەکە دەشارنەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەویش بەڵایەک بەسەر خۆی بێنێ.

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ بە (رووداو)ی گوت "تەرمی شوانە هێنرایە بەشی پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەکەمان، دوای پشکنین و رێکارە پزیشکییەکان دەرکەوت ئەو گەنجە گوللەیەکی دەمانچە بەر سەری کەوتووە. بە گوێرەی پشکنینەکانیش دەرکەوتووە کە خۆی کوشتووە، بەڵام ئێمە هۆکارەکەی نازانین و تەرمەکەمان نارد بۆ پزیشکی دادی سلێمانی، چونکە گومان لە رووداوەکەدا هەبوو".

هەروەها رائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین گوتی ئەوان ئاگاداری رووداوەکەن و تیمەکانیان چوونەتە شوێنی رووداوەکە، بەڵام بەو پێیەی لێکۆڵینەوە لە قۆناغی سەرەتادایە، هێشتا دیار نییە ئەو گەنجە بۆچی خۆی کوشتووە.

رِاپۆرتێکی دەزگای میت:

# داعش لە تورکیا لە کۆنترۆڵ دەرچووە

## رۆژانە 50 داعشی بیانی لە فرۆکەخانەی غازی عەنتاب دادەبەزن

کەمال گۆکتاش

"داعش لە باشووری تورکیا ئەندامی نوێ پەیدا دەکات و بەبێ گوێدانە ئاستەنگەکانی پۆلیس و سوپا دەیاننێرێتە سووریا". ئەمە پەرەگرافی راپۆرتێکی دەزگای هەواڵگریی تورکیا (میت)ە کە رۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی بڵاوی کردووەتەوە.

لە 16ی حوزەیرانی 2015 کاتێک ئەندامانی داعش لە سنووری ئاکچەقەڵا بەرەو تورکیا رایاندەکرد، لەلایەن سەربازانی تورکەوە دەستبەسەرکران. پێنج ئەندامی داعش کە لەو گرتە ڤیدیۆییەدا دەستیان خستبووە سەر سەریان و روویان پێ لە دیوارێک کرابوو، بە پێکەنینەوە تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکرد، ئەو دیمەنە سەرنجی هەمووانی راکێشا.

رووداوەکانی سووریا بەو شێوەیەی دەسەڵات دەیویست درێژەیان نەکێشا، پەیەدە بە پشتگیریی هێزە نێودەوڵەتییەکان بووە ئەکتەری ئەو گۆڕەپانە، لەو کاتەی رووسیا و ئەمریکا دێنە ناو گۆڕەپانەکە، تورکیا لەگەڵ داعش و گرووپە جیهادییەکانی دیکە گۆشەگیر دەبن.

بە گوێرەی رۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی، میت لە راپۆرتی مانگی پێشوویدا دەڵێت "ئیدی ناتوانین داعش کۆنترۆڵ بکەین". ئەم لێکدانەوەیە نیشانی دەدات کە خۆرێکخستنی خوێناویترین رێکخراو لە مێژوودا، لە تورکیا گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار.

رۆژنامەی بێلد بە پشتبەستن بەو راپۆرتە هەزار لاپەڕەییەی میت، دەڵێت "داعش لە باشووری تورکیا بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەندامی نوێ پەیدا دەکات و بەبێ گوێدانە ئاستەنگەکانی پۆلیس و سوپا دەیاننێرێتە سووریا". بۆیە میت داوای هاوکاری لە حکومەت دەکات بۆ ئەوەی لەدژی داعش و تۆڕە تیرۆریستیەکانی دیکە بێتە سەر خەت.

دەزگای میت لەو راپۆرتەیدا دەڵێت "18 مانگە تەنیا سەیر دەکەین، ئیدی دەبێت ئیجرائات بکەین". بە گوێرەی هەواڵی ئەو رۆژنامەیە، لە راپۆرتەکەی میتدا هاتووە:

– رۆژانە 50 لایەنگری داعش کە هەموویان لە دەرەوە دێن، لە فرۆکەخانەی عەنتاب دادەبەزن. بۆ ئەوەی ئەو تیرۆریستانە بگەیەندرێنە وێستگەی هاتای، هێڵی گواستنەوەی بە ئۆتۆمبێلیان دروست کردووە.

– داعش دەستی بەسەر خاڵە گرنگەکانی پەڕینەوە لە نێوان عەنتاب – کلسدا گرتووە.



لە ناوچەی سنوور، 10 سووری و 45 ئۆیگۆری چینی کە ویستیان لە سنوور بپەڕنەوە، راگیران. بەرپرسانی ئەوێ دەیانزانی ئەو کەسانە خۆبەخشی داعشن. بەڵام دوای کۆنترۆڵکردنی پاسپۆرت و پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیس، ئەو کەسانە ملی رێگەیان گرتەبەر.

– داعش، بۆ ئەوەی تیرۆریستان رەوانەی سووریا بکات، لە تورکیا چارەسەریان دەکات و لە رەیحانلی نەخۆشخانەی تایبەت بەخۆیان کردووەتەوە.

– لە کۆڵانەکان بە ئاشکرا داوای بەخشیش دەکەن. لە کۆتایی حوزەیراندا رووداوێک هاتە ئاراوە. دوکاندارێک بە دەنگێکی بەرز گازاندەی لێکردن "ئێوە مرۆڤ نین. من بە ئیسلامەتی ئێوە باوەڕ ناکەم"، داعش سەری ئەو پیاوەیان پەڕاند، بەڵام دواتر رووداوەکە بەوە پەردەپۆش کرا کە ئەو کابرایە لەسەر کڕین و فرۆشتن کوژراوە.

– لەسەرەتای مانگی حوزەیراندا هەشت خێزان لە ماردین منداڵەکانیان رادەستی داعش دەکەن. ئەو منداڵانە کە تەمەنیان لە نێوان 13 – 18 ساڵاندا بووە، دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و بە ڤیدیۆ تۆماری دەکەن. دواتر وەکو هەڕەشەیەک بەکاریدێنن. دوای چوار هەفتە، لەسەر "پەروەردەی تیرۆریستی" ئەو منداڵانە رەوانەی سووریا دەکەن.

– داعش، لە رێگای تویتەر و فەیسبووکەوە بە هەزاران لایەنگر پەیدا دەکات. ماڵپەڕی

### داعش لە رەحانلی نەخۆشخانەی تایبەت بەخۆی هەیە

ئینتەرنێتیان لە عەنتاب هەیە و بەشێوەیەکی فەرمی چەند رێکخراوێک بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردێنن.

– ئەو رێکخراوە، لە ئەنقەرە، ئادیەمان، ئەسکیشەهیر، ئیزمیر، قۆنیا، ئورفا، هاتای کۆگای چەکی دروستکردووە. لەو کاتەی سەرۆکی داعش لە تورکیا جیهاد رادەگەیەنێ، ئەوانە دەست بە کوشتن دەکەن. داعش زۆر بەهێز بووە، ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵیان بکەین.

### کۆدەکانی گوتاری داعش

بێگومان هۆکاری سەرەکیی لەپشت یاریی دەسەڵات لەگەڵ داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە رووخاندنی رژێمی سووریایە. هەرچەندە لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان دەسەڵات و ئەو رێکخراوانە، بەڵام زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ریشەی ئیسلامیبوون لایەنێکی گرنگی ئەو یارییە. لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سعودیە و قەتەر بۆ خۆی رادەکێشێت، لە چوارچێوەی سوننایەتیدا حکومەت لەگەڵ سەلەفیەکانی سووریا پەیوەندیی راستەوخۆ دروست دەکات. دەتوانین بڵێین بە گشتی لەناو فیکری (میللی گوروش) دەستەواژەی "جیهاد" و "موجاهید" گرنگییان هەیە (موجاهید ئەربەکانیش) نموونەی ئەو راستیەیە، هەروەها بیرۆکەی "جیهاد" بۆ کادیرانی ئاکپارتی خەیاڵێکی زۆر دوور نییە.

### گەنجە تووڕەکان

ئەحمەد داودئۆغڵو لەو کاتەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو، لە حەوتی ئابی 2014 لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەبارەی هێرشی داعش بۆ سەر کونسوڵخانەی مووسڵ و بە بارمتەگرتنی 49 کارمەندی ئەو کۆنسوڵخانەیە گوتی "کاتێک باسی داعش دەکەین، وەکو رێکخراوێکی رادیکاڵی تیرۆریست دەیبینین، بەڵام پێویستە بزانین کە زۆرینەی تورکمان، سوننەی عەرەب و کورد چوونەتە ناو ئەو رێکخراوە، دەبێت ئەو مەسەلەیە بەمشێوەیە لێکبدەینەوە. ئەوانەی لە رابردوودا خۆشییان لە خۆیان نەبینیوە، تووڕە بوون، پەراوێزخراون و سووکایەتییان پێکراوە، لەناکاو لەناو یەک بەرەدا کاردانەوەیەکی بەرفراوانیان نیشانداوە. ئەگەر عەرەبە سوننەکان پەراوێز نەخرابان، ئەمڕۆ لە مووسڵ و ئەنبار کە شادەماری سوننەکانە، ئەو تووڕەبوونە رووی نەدەدا".

داودئۆغڵو بەو قسانەی، دەستەواژەی "داعش پێکهاتەیەکی تیرۆریستی رادیکاڵە" رەتدەکاتەوە و لەلایەکی دیکەوە دەڵێت: "داعش لە ئەنجامی سیاسەتی ناڕەوا هاتووەتە ئاراوە". بەمجۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە داعش رێکخراوێکە لە چەند میللەتێکی جیاواز دروستکراوە، هەروەها دەخوازێ داعش وەکو بەرئەنجامی "کاردانەوەی رەوا" نیشان بدات.

داعشیش لە چەند ماڵپەڕێکی نزیک لەخۆی ئەو قسانەی دادوئۆغڵو وەکو دانپێدانان بە رەوایەتیی سیاسی خۆی لە قەڵەمدا. داعش لەیەک لە نووسراوەکانیدا لەوبارەیەوە دەڵێت: "لێدوانەکانی وەزیری دەرەوە، جەختکردنەوەیە لەسەر راستیی دەوڵەتی ئیسلامی و نیشاندانی پشتگیریی گەلانە لەم دەوڵەتە".

### رێکخستنی گوتار لەبەرامبەر داعش

پرۆفیسۆر بوڵەند کوچوک لە زانکۆی بۆغازیچی، گوتاری ئەردۆغان و دەسەڵات پەیوەست بە داعش وەکو گوتارێکی "رێکخراو" وەسف دەکات. بە گوێرەی کوچوک "ئەم گوتارە بە رێکەوت نییە، بە پێچەوانەوە لەناوەندەوە رێکخراوە، گوتاری سیاسەتمەدارانی دەسەڵاتدار، دەزگاکانی راگەیاندنی نزیک لە دەسەڵات، سۆشیال میدیای دەسەڵاتە".

گوتەبێژانی دەسەڵات کاتێک مەسەلە دێتە سەر داعش، لەگەڵ ناوی داعش ناوی چەند رێکخراوێکی دیکەش دەهێنن و خۆیان لە ناوبردنی داعش وەکو تیرۆریست بەدوور دەگرن.

### شێواندنی ئامانج

بە قسەی کوچوک "ئەو رێکخراوانەی مێژوو، پێکهاتەی سیاسی، جەماوەری جیاواز و ئامانجی جیاوازیان هەیە، بەبێ پشتبەستن بە مێژوو، بە یەکتر هاوتا دەکرێن. ئەو رێکخراوانەی هیچ بەیەکدی ناچن، بە یەکیان دەچوێنن و یەکسانیان دەکەن. بۆ نموونە پەیەدە یەکسانە بە داعش. کە یەکێکیان دەخوازێ شوێنی خۆی بپارێزێت، ئەوەی دیکەیان خەیاڵێکی سیاسی جیاوازی هەیە و دەخوازێ شوێنی یەکێکی دیکە داگیر بکات. ئەو گوتارە جیاوازیی نێوان ئەو دوو هێزە لەناو دەبات". ئەو گوتارە بۆ شێواندنی ئامانج و راستییەکان دەگیرێتەبەر.

### مەددحی داعش دەکەن

ئەمروڵڵا ئیشلەر، جێگری پێشووی سەرۆک وەزیران لە کاتی رووداوەکانی کۆبانێ دەڵێت "ئەو گەنجەی بەبەرد کوژرا تاوانی چی بوو؟ ئەوانەی ئەوەیان کردووە ناتوانن ئاو بەدەستی داعشدا بکەن. داعش دەکوژێت، بەڵام بە ئەشکەنجە کەس ناکوژێ".

تەنها ئەون، کە لەناو سۆشیال میدیا کەسێکی بەناوبانگە و سەرۆک کۆمار رەجەب تەیب ئەردۆغان بەشداری لە ئاهەنگی بووکگواستنەوەیدا کردووە، لەبارەی هێرشەکانی سعودیە و قەتەر بۆ سەر حوسیەکانی یەمەن دەڵێت "با سوننی بێت و لە قوڕ بێت".

ئیسماعیل سافی، پەرلەمانتاری ئاکپارتی بە (هەدەپە) دەڵێت "تەنیا بەربەرییەکانی داعش لە زمانی بەربەریی وەکو ئێوە تێدەگەن. ئەی نەیانگوتووە هەر بێ دێنێک بێ ئیمانێکی پێویستە. لە جێگای یاسای داعش کە هیچ یاسایەک ناناسێت، پۆلیسی تورک کە بە یاساوە پەیوەستە بۆ ئێوە باشترە! رانەوەستن و وەرنە سەر شەقام بسووتێن و بسووتێنرێن".

**سەرچاوە: رۆژنامەی (جمهوریەت)ی تورکی**

---

# ئەمەریکا بە 50 سەربازەوە لە سووریا چی پێ دەکرێت؟



پۆڵ دەیڤیس *

لەم ماوەیەدا ئاماژەیەکی دیکەمان پێگەیشت کە باس لە گۆڕان لە سیاسەتی سەربازیی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا دەکات. پێنتاگۆن رایگەیاند کە هێزێکی 50 سەربازیی تایبەت بۆ یارمەتیدانی یەکەکانی سوپای ئازاد و کوردی سووریا بۆ ئەو وڵاتە رەوانە دەکرێن. دەگوترێت ئەمە یەکەم چەکمەپۆشەکانی ئەمەریکان کە پێ دەنێنە خاکی سووریاوە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لە مانگی ئەیلولدا، ژەنەڕاڵ لیۆید ئۆستن، فەرماندەی ژووری ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، بە سیناتی راگەیاندبوو کە دەمێکە هێزێکی تایبەت لە سووریا هاوکاریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دەکات.

بەڵام بەپێچەوانەی مانگی ئەیلول، ئەمجارەیان پلانەکە بە دەنگی بەرز راگەیێنرا، بە تایبەتی کە ئەمە دوای ئەو هێرشە سەرکەوتووانەی پێشمەرگە و ئەمەریکا بوو لە حەویجە. هەر ماوەیەکیش بەر لە ئێستا فرۆکەکانی ئەمەریکا لە سووریا چەند تەنێک چەک و تەقەمەنییان بۆ کورد خستە خوارەوە. پرسیارەکە ئێستا لێرەدا ئەوەیە کە ئەم 50 سەربازە ئەمەریکاییە چۆن دەتوانن یارمەتی هێزێک (یەپەگە - سوپای ئازاد) بدەن لە کاتێکدا ئەم هێزانە بە ژمارە ناگەنە نەیارانیان، واتە ناگەنە هێزەکانی داعش و سوپای ئەسەد و یاریدەدەرە ئێرانی و رووسەکانیان؟

یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی هێزە تایبەتەکەی ئەمەریکا راهێنانی شەڕڤانانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و هەواڵگری بووە. ئەمجارەش رەنگە راهێنان بەشێک بێت لە پلانەکە، بەڵام شتی دیکەش لەئارادایە. زۆربەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان پێش روودانیان لە میدیادا راناگەیەنرێن. تەنانەت ئەگەر لە حەویجە سەربازێکی ئەمەریکایی نەکوژرابا، رەنگە هەر باس لە بەشداریی سوپای ئەمەریکا لە ئۆپەراسیۆنەکەدا نەکرابا. کەواتە بۆچی ئەمە ئێستا روودەدات؟

هێزە بەرهەڵستکارەکانی دژی ئەسەد لە سووریا ئێستا بە پلەی یەکەم کەوتوونەتە بەر ئاگری ئاسمانیی رووسیاوە. هاوکات تورکیاش درێغی نەکردووە لە بۆردومانی هێزە کوردییەکان لەسەر سنووری وڵاتەکەیدا. واشنتن هەموو هەوڵی ئەوە بووە ئاگری ئەم دوو وڵاتە رووەو داعش بگۆڕێت، بەڵام دیپلۆماسی ئەمەریکا لەم راستەڕێگەیەدا هیچی دەستنەکەوتووە و تەنانەت سەریشی بۆ بەشێک لە پلانی ئێران و رووسیا لە سووریا دانەواندووە. ئینجا پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی ئێستا هێز دەنێرێتە سووریا و ئەویش 50 کەس، ئەگەر بەڕاستی ئەم هێزە بۆ یارمەتیدان لەوێیە؟

کەواتە بۆ ئەوەی کارەکەیان بە باشی ئەنجام بدەن، دەبێ بچنە ڕیزی ئەو هێزانەی داوای کۆمەکیان کردووە. لە سەردەمی شەڕی ساردا، ناتۆ هێزێکی لە بەرلیندا جێگیر کردبوو، شارێکی دابەشبوو کە لە ناوەڕاستی ئەڵمانیای رۆژهەڵات هەڵکەوتبوو و دەوروبەری بە هەزاران هێزی سۆڤیەت و پەیمانی وارشۆ گەمارۆ درابوو. هێزەکەی ناتۆ چەند سەد کەسێک دەبوو، بێگومان هەرگیز توانای بەرگریکردنی هێرشی سۆڤیەتی بۆ سەر بەرلینی رۆژئاوا نەبوو. ئەم هێزە وەک قەڵغانێک لەوێ بوون. ئەگەر یەکێتیی سۆڤیەت نیازی ئەوەی هەبووایە کە هێرش بباتە سەر بەرلینی رۆژئاوا، پێش هەموو شتێک دەبووایە بکەوێتە شەڕ لەگەڵ سەربازی ئەمەریکایی و بەریتانی و تەنانەت فەرەنسیش. هێزەکەی ناتۆ شتێکی زۆری لە دەست نەدەهات، بەڵام هێرش بۆ سەر ئەوان وای دەکرد رۆژئاوا بێتە وەڵام.

هێزێکی تایبەتی 50 کەسی سوپای ئەمەریکا دەتوانێت لە ماوەیەکی درێژدا راهێنان بە بەشێک لە شەڕڤانان بکات و پاڵپشتیش بێت. بەڵام پلان ئەوە نییە کە ئەم پاڵپشتییە شەڕڤانێکی زۆر لەخۆ بگرێت. ئەوەی لێرەدا بایەخی هەیە، ئەوەیە کە لەمەودوا هێزەکانی ناو سووریا بە ئاسانی ناتوانن هێرش بۆ سەر یەکەکانی یەپەگە یان سوپای ئازاد ببەن لە کاتێکدا ئەم 50 سەربازەی ئەمەریکا لەناو ئەم یەکانەدا جێگیر کراون. بە تایبەت تورکیا ناتوانێت هێرش بکات، چونکە خۆی بەشێکە لە ناتۆ و هاوپەیمانی ئەمەریکایە. لەلایەکی دیکەشەوە رووسیا ریسکێکی گەورە دەکات ئەگەر لە هێرشەکانیدا سەربازی ئەمەریکایی بکوژرێن. بەڵام دیسانیش بە پێچەوانەی ئەمەریکا کە وەک داگیرکار هاتووەتە ناو سووریا و یارمەتی یاخیبووان دەدات، رووسیا لەلایەن حکومەتی یاسایی سووریاوە بانگهێشت کراوە.

هێزی قەڵغانی بەگشتی لەڕووی مێژووییەوە سەرکەوتوو بووە، لەوانە: لیوای بەرلین و هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆریا و شوێنی دیکە، بەڵام سنوورێکیشیان هەیە. لایەنی بەرامبەر دەبێ ئاگادار بێت کە ئەگەر هێرش بکات، وەڵام دەدرێتەوە. ئەگەر رووسیا و تورکیا وا بزانن کە هیچ وەڵامێکیان نادرێتەوە، بێگومان لە هێرش ناگەڕێنەوە. هەر رێک لەو کاتەدا کە ئەمەریکا رایدەگەیەنێت سەرباز بۆ سووریا دەنێرێت، لەولاوە لەگەڵ ئێران و رووسیا دادەنیشێت بۆ ئەوەی رێگەچارەیەک بۆ قەیرانی سووریا ببینێتەوە و هەر خێرایش لە سەرەکیترین مەرجی خۆی کە لاچوونی ئەسەدە پاشگەز دەبێتەوە.

ئەم کردەوە ناکۆکانە پەیامێکی یەکگرتوو نانێرن و مەترسیی هێرشبردنە سەر کورد و سوپای ئازاد لەناو نابەن ئەگەر ئەمەریکا وەڵامی هێرشەکان نەداتەوە. واتە ئەگەر ئەمەریکا وەڵام نەداتەوە، دواجار لە ناوچەی دیکەش ئامادەیی سوپاکەی کاریگەری نابێت. بۆ نموونە لە پۆڵۆنیا و وڵاتانی بەڵتیک کە ناتۆ بە نیازە هێز جێگیر بکات بۆ ئەوەی سیناریۆی رووسیا لە ئۆکراینا دووپات نەبێتەوە. ئەمەریکا هەروەها لەسەر ناوچەی ناکۆکی لەسەر لە زەریای چینی باشوور لەگەڵ وڵاتی چیندا لە ململانێدایە.

لەڕووی مێژووییەوە ستراتیژی قەڵغان کاریگەر بووە، بە مەرجێک پاڵپشتی تەواوی لێ بکرێت. بەڵام ئەگەر شکست بهێنێت و وەڵام نەدرێتەوە، ئەنجامی کارەساتبار دەنێتەوە. بەگشتی، هەنگاوە ستراتیژییەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا جۆرێک لە بێپلانیيان پێوە دیار بووە. بۆیە دەبێ هیوادار بین کە لایەنەکان هێندە خەمی وەڵامدانەوەی سوپای ئەمەریکایان هەبێت، هەر لە سەرەتاوە بیر لە هێرش نەکەنەوە.

*** پۆڵ دەیڤیس، توێژەرێکی خانەنشینە و بۆ هەواڵگریی سەربازیی سوپای ئەمەریکا کاری کردووە. ئێستا راوێژکاری هەواڵگریی ئەمریکایە و پسپۆڕە لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی پرسی کورد. سەرۆکی کۆمپانیای راوێژکاریی جانوسە لە واشنتن.**



ڕۆژانە نزیکەی 20 ئاژەڵ چارەسەر دەکات

# نەخۆشخانەیەک خۆبەخشانە ئاژەڵە کێوییەکان چارەسەر دەکات

سەروەر سالار و لیزان ئەمین
ڕووداو- سلێمانی

نەخۆشخانەی ڤێتەرنەریی تایبەت لە سلێمانی، دەستنیشان و چارەسەری نەخۆشییەکانی ئاژەڵە کێوی و ماڵییەکان دەکات و پزیشکەکانی دەڵێن ئەو ئامێرە پێشکەوتووانەی لە نەخۆشخانەکەیان هەن، ئەوانیان کردووەتە باشترین نەخۆشخانە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان.

عەلی یاسین، 35 ساڵ، تووتییەکەی هێنابووە نەخۆشخانەکە بەو هیوایەی نەخۆشییەکەی چارەسەر بکەن "ئەم تووتییە وەک ئەندامێکی خێزانەکەمانی لێهاتووە، هەمووان هۆگری بووین، ئەوە چەند ڕۆژێکە کە ئەو نەخۆشە، ماڵ و منداڵ هەموو نیگەرانین بۆی".

عەلی دەڵێت کە خۆشەویستی ئەو بۆ ئاژەڵان تەنیا لەو تووتییەدا کورت نەبووەتەوە "ئاژەڵ بۆ ئەوە دروست نەبووە ئێمەی مرۆڤ ئازاری بدەین، خۆم چەندین جار ڕێگریم لە کەسانێک کردووە کە خەریکی ئازاردانی سەگێک، ئاژەڵێک بوون".

بەراورد بە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی کەمتر گرنگی بە ژیان و تەندروستیی ئاژەڵ دەدەن، بەتایبەت ئەوانەی سوودی ماددیی تایبەتیان بۆ مرۆڤ نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێک هەن کە سۆزیان بۆ ئاژەڵان هەیە و گرنگی بە تەندروستییان دەدەن.

"دراوسێیەکەمان لە کێڵگەکەی خۆیدا داڵێکی بە برینداری هەڵگرتبووەوە، من وەرمگرت لێی و هێنام بۆ ئەم نەخۆشخانەیە، ئەوە 10 ڕۆژە پزیشکەکان چارەسەری بۆ دەکەن و ئەمڕۆ چاکبووەتەوە، منیش هاتووم بیبەمەوە و بە تەندروستییەکی باشەوە ئازادی بکەم". ڕێکەوت ئەحمەد، تەمەن 30 ساڵ وای بە (ڕووداو) گوت.



ڕێکەوت دەڵێت ئەوە یەکەمجاری نییە خۆبەخشانە خەمی چارەسەری ئاژەڵەکان بخوات "پێشتریش سەگ و ئاسکم هێناوە بۆ چارەسەر و دوای چاکبوونەوەیان ئازادم کردوون". ڕێکەوت دەڵێت سروشتی کوردستان بەو ئاژەڵ و پەلەوەرانەوە جوانە و خۆشحاڵیشە کە نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەری ئاژەڵان لە شارەکەیدا هەیە.

ئەو نەخۆشخانەیەی کە هیوا و ڕێکەوت بۆ چارەسەری ئاژەڵەکان ڕوویان تێکردبوو، لە ناوچەی تاسڵوجەی سلێمانی بە ئامێری جۆراوجۆر و لە ڕێگەی پزیشکەکانییەوە دەستنیشان و چارەسەری نەخۆشیی ئاژەڵ و پەلەوەران دەکات.

## سۆنەر و پشکنینی خوێن بۆ ئاژەڵ

دکتۆر هیوا محەممەد، پزیشکی ڤێتەرنەری و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت ئەوان زۆربەی کەرەستە پێویستەکانی پشکنینیان لە دەرەوەی وڵاتەوە هێناوە "ئێمە لێرە سۆنەر، تیشک و پشکنینی خوێن بۆ ئەو ئاژەڵانە دەکەین کە نەخۆشن و ئۆتۆمبێلی تایبەتیشمان هەیە بۆ سەردانی ئاژەڵە نەخۆشەکان".

وەک دکتۆر هیوا باسی دەکات، ڕۆژانە حاڵەتی جۆراوجۆر دەبینن و چارەیان دەکەن "بە تێکڕا ڕۆژانە 10-20 ئاژەڵ چارەسەر دەکەین".

تیمەکانی نەخۆشخانەکە بە ئۆتۆمبێلەکانیان دەچنە ئەو شوێنانەی ئاژەڵی کێوی یان ماڵیی بریندار و نەخۆشیان تێدایە. "لەو ڕۆژانە هەواڵیان پێدواین کە بزنێکی کێویی دووگیان حاڵی باش نییە، ئێمەش دوای سەردانی بۆمان دەرکەوت بێچووەکەی لە سکیدا مردووە، نەشتەرگەریی دەرهێنانی بێچووەکەیمان بۆ کرد و چارەسەری پێویستمان بۆ کرد، ئێستا تەندروستی باشە".

دکتۆر هیوا چیرۆکی زۆری لەلایە دەربارەی چارەسەری ئاژەڵ و پەلەوەرە جیاوازەکان، هەر لە مانگا و ئاسکەوە تاوەکوو گورگ و سەگ و چەندین ئاژەڵی دیکە.

نەخۆشخانەکەی دکتۆر هیوا کە ساڵ و نیوێکە کراوەتەوە، ئێستا تەنیا دەتوانێ خەرجیی نەخۆشخانەکە و مووچەی کارمەندەکانی دەربهێنێتەوە، چوار پزیشکی ڤێتەرنەری و چەند کارمەندێک کاری تێدا دەکەن. نەخۆشخانەکە ئێستا بووەتە نێوەندێکی فێرکاریش بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا.

دکتۆر هیوا گوتی "پەیوەندیمان بە کۆلێژەکانی پزیشکی ڤێتەرنەری و کشتوکاڵەوە کردووە کە دەتوانن خوێندکارانی خوێندنی باڵایان بنێرنە ئێرە، ئێستاش دوو خوێندکاری ماستەر لە پزیشکی ڤێتەرنەری لێرە خول دەبینن".

وەک ئەو باسی دەکات، نەخۆشخانەکە لەڕووی توانای لۆجستییەوە یەکەمینە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و لە چەندین ڕووەوە بێوێنەیە.

## چارەسەری ئاژەڵی کێوی بە خۆڕایی

پۆلیسی ژینگە و دارستانی سلێمانی بەشێوەیەکی بەربڵاو پشت بە نەخۆشخانەکە دەبەستن بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتانەی لە ناوچە دوورە دەستەکان دەیانبینن، بەتایبەت کە نەخۆشخانەکە هیچ بڕە پارەیەک وەرناگرێت لە بەرامبەر چارەسەرکردنی ئاژەڵە کێوییەکان.

عەقید هێمن کەمەرخان ئەفەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی ژینگە و دارستانی سلێمانی، بە (ڕووداو) گوت "ئێمە هەر ئاژەڵ و پەلەوەرێکی کێویی بریندار یان نەخۆش ببینین، بۆ ئەم نەخۆشخانەیەی دەهێنین و ئەوانیش بێ هیچ بەرامبەرێک بۆمانی چارەسەر دەکەن، دوای چاکبوونەوەش ئاژەڵ و پەلەوەرەکان دەبەینەوە شوێنی خۆیان و ئازادیان دەکەینەوە و بە ڤیدیۆ هەمووی تۆمار دەکەین". عەقید هێمن گوتی کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەقلەقێکی باڵشکاویان هێناوەتە نەخۆشخانەکە و چارەسەری پێویستی بۆ کراوە.

# هەموو شتێک لەبارەی قەبزی

ڕووداو- مێڵسکۆم

زۆربەمان لە ژیانماندا جارێک یان چەند جارێک تووشی قەبزی بووین، بەڵام ڕەنگە بۆ زۆربەمان هۆکارەکانی قەبزی نەزانراو بن.



## قەبزی چییە؟

### قەبزی یەکێک لەم سێیەیە:

1 - کەم چوونە سەر ئاو: هەندێ کەس ڕۆژانە سێ جار دەچنە سەرئاو، کەچی هەندێکی دیکە سێ ڕۆژ جارێک دەچن. واتە ڕاددەیەکی ستانداردی چوونە سەرئاو نییە و هەر کەسە و ستانداردێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەگەر ماوەیەکە لە جاران کەمتر دەچییە سەرئاو، ئەوە تۆ قەبزیت.

2 - وشکی و ڕەقیی پیسایی

3 - بە گرانی دەرچوونی پیسایی.

### پیسایی چۆن دروست دەبێت؟

بە گشتی پیسایی لە ماوەی 24-72 کاژێری نانخواردندا دروست دەبێت، بەم قۆناغانە:

1 - ئەو خۆراکەی دەیخۆی، دەگاتە گەدە. لە گەدە، خۆراکەکە دەگۆڕێت بۆ پارچەی ورد ورد، تاوەکو هەرسکردنی ئاسان بێت. دوای ئەوە بەرەو ڕیخۆڵە باریکە دەچێت.

2 - لە ڕیخۆڵە باریکەدا ئەنزیمەکانی هەرس بەسەر خۆراکەکەدا دەکرێن. هەر لەوێدا پرۆتین و چەورییەکان هەرس دەکرێن و هاوکات لەگەڵ ڕەگەزە خۆراکییە بەسوودەکاندا هەڵدەمژرێن. ئەوەی دەمێنێتەوە پاڵدەنرێت بەرەو ڕیخۆڵە ئەستوورە.

3 - ئەوەی دەگاتە ڕیخۆڵە ئەستوورە، تێکەڵەیەکە لە ڕیشاڵە خۆراکییەکان، بەکتریا، چەورییە هەرس نەکراوەکان و ئەو لینجەماددانەی ڕیخۆڵە دەریاندەدات. لە ڕیخۆڵە ئەستوورەدا بڕێکی زۆری ئاوی نێو ئەو پێکهاتەیە هەڵدەمژرێت و بەوەش خەست دەبێتەوە و ڕەوانەی ڕێکە (کۆتایی ڕیخۆڵە ئەستوورە) دەکرێت.

4 - پیساییە خەستەکە لە ڕێکەدا کۆدەبێتەوە و هەرکاتێک قەبارەکەی زۆر بوو، پەیامێک لە مێشکەوە دێت و فەرمان بە پیساییکردن دەکات.

5 - پیساییکردن بریتییە لە گرژبوونی ماسولکەکانی سک و ڕێکە و خاوبوونەوەی دەرچەی کۆم.

### چۆن قەبزی ڕوودەدات؟

هەر خاوبوونەوەیەک لە کاری ماسولکەی ڕیخۆڵە، وا دەکات پیساییەکە زۆرتر لەنێو ڕیخۆڵە بمێنێتەوە. هەر مانەوەیەکی زیاتریش لەنێو ڕیخۆڵە بەمانای هەڵمژرانی بڕێکی زۆرتری ئاو لە پیساییەکە و بەوەش وشک و ڕەق دەبێت و گرانتر دەتوانرێت بکرێتە دەرەوە. بەمجۆرە هەر خاوییەک لە گرژیی ماسولەکانی ڕیخۆڵە و ڕێکە، هۆکاری سەرەکی قەبزین.

### هەندێک هۆکاری قەبزی:

1 - هەندێک دەرمان کە بۆ نەخۆشییەکی دیکە دەیانخۆی.

2 - نەخۆشیی دەمارەکان: وەک ئێم ئێس و پارکینسۆن

3 - دڕانی دیواری کۆم و ڕێکە.

4 - مایەسیری

5 - کۆڵۆنی تووڕە

6 - شێرپەنجە

### دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونی

لەکاتی دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونیدا، مێشک و دەمارەکان چەندین دەردراوی گەیەنەر دەردەدەن، ئەو دەردراوانە هەندێکیان لە دیواری ڕیخۆڵەکاندا دەبنە هۆی قەبزی.

### پاڵنەری هۆرمۆنی:

لە خانماندا بەهۆی بەرز و نزمبوونی ئاستی هۆرمۆنییەوە قەبزی ڕوودەدات، گۆڕانە هۆرمۆنییەکان لەم کاتانە ڕوودەدەن: سووڕی مانگانە، دووگیانی و ماوەی نزیک لە تەمەنی نائومێدی.

لە هەردوو ڕەگەزەکەشدا گۆڕانی هۆرمۆنی لەم بارانەدا قەبزی دروست دەکەن: نەخۆشیی ڕژێنی دەرەقی و نەخۆشیی شەکرە.

### ڕووبەڕووبوونەوەی قەبزی:

1 - ڕیشاڵە خۆراکیەکان: ئەمانە هەرس نابن، بۆیە بە خێرایی بە ڕیخۆڵەدا تێپەڕ دەبن و بەوەش خۆراکە هەرسبووەکانیش بە خێرایی دەجووڵێنن. سەرچاوەی دەوڵەمەندی ڕیشاڵە خۆراکییەکان بریتین لە سەوزە و میوە، دانەوێڵەکان، پاقلەمەنییەکان و چەرەسەکان.

2 - ئاو زۆر بخۆرەوە: زۆر خواردنەوەی ئاو هەم یاریدەی ڕاماڵینی پیسایی دەدات، هەم شلی دەکاتەوە و تێپەڕینی ئاسان دەکات.

3 - خۆت لەسەر دەرمانی دژەقەبزی ڕامەهێنە: دەرمانە دژە قەبزییەکان هەم ئەو هۆکارە سەرەکییە دادەپۆشن کە هۆکاری قەبزییەکەیە، هەم بڕێکی زۆری بەکتریا سوودبەخشەکان فڕێ دەدەنە دەرەوە، چونکە ئەو جووڵەیەی ئەو دەرمانانە لە ڕیخۆڵەدا دروستی دەکەن، سروشتی نییە و زۆر خێرایە.

4 - وەرزش بکە و چالاک بە: کاتێک وەرزش و چالاکیی جەستەیی ئەنجام دەدەی، لەگەڵ جووڵانی ماسولکەکانی ئێسکەپەیکەردا، ماسولکەکانی هەناویش زۆرتر چالاک و بە جووڵە دەبن و قەبزیی کەم دەکەنەوە.

5 - چوونە سەرئاو دوامەخە: جەستە کاتژمێرێکی زیرەکی بایۆلۆجیی هەیە و لەکاتی گونجاودا داوای کردنە دەرەوەی پیسایی دەکات، ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کەمتەرخەم بیت و پابەندی ئەو کاتژمێرە بایۆلۆجییە نەبیت، ئەوە سووڕەکەی تێکدەچێت و بەوەش جووڵەی ڕیخۆڵەکان هێواش و تەمبەڵ دەبێتەوە.

6 - پشت بە بەکتریای سوودبەخش ببەستە: بەکتریا سوودبەخشەکان یاریدەی جووڵانی ڕیخۆڵەکان دەدەن، ئەوانە جگە لەنێو ڕیخۆڵەمان، بەشێوەی سروشتیی لە ماستدا هەن و بەشێوەی دەرمانیش دەستدەکەون کە بە "پرۆبایۆتیک" ناسراون.

7 - لە توالێت چێکی فەیسبووک مەکە: پیساییکردنی سرووشتی، خێرا و کورتخایەنە. کاتێک سمارتفۆنەکەت دەبەیتە سەرئاو، ئەوە ماوەیەکی زۆر دەمێنیتەوە، ئەوەش گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر ڕێکە و ماندووی دەکات.

### پیسایی ئاسایی و نائاسایی:

پیسایی ئاسایی ڕەنگەکەی دیارە. بەڵام پیسایی نائاسایی سوور یان ڕەشە. سوور واتە ئەگەری هەیە خوێنی تازەی تێدابێت، ڕەش واتە ڕەنگە خوێنی کۆنی تێدابێت. ئەگەر سپی یان زەردی کاڵ بوو، واتە کردەی هەرست تەواو نییە و ڕەگەزە خۆراکییەکان باش هەڵنەمژراون، هەروەک پیسایی زۆر کاڵ هەندێکجار نیشانەی زەردوویی و نەخۆشیی جگەرە.

### ڕاددەی شلییەکەی:

ئەگەر پیسایی زۆر ڕەق بێت، ئەوە ڕەنگە نیشانەی ئەوە بێت تۆ وەک پێویست ڕیشاڵە خۆراکییەکان ناخۆی، خۆ ئەگەر زیاد لە پێویست شل بوو ئەوە ڕەنگە هەوکردنی ڕیخۆڵە یان هەستەوەری بە خۆراکت هەبێ، یان دەرمانێک دەخۆیت و پێت ناکەوێ.

### بۆنی پیسایی:

ئەگەر بۆنی پیساییەکەت گۆڕاوە و زۆر توندە، ئەوە ڕەنگە زیاتر لە پێویست شەکر و چەوری بخۆی، هەندێک جاریش نیشانەی هەوکردنی میکرۆبیی ڕیخۆڵەکانە.

### قەدی پیسایی:

پیسایی ئاسایی یەک پارچە و درێژ و ئەستوورە. ئەگەر پیساییەکە زۆر باریک بووەوە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیش زۆرتر باریک بووەوە، ئەوە دوور نییە هۆکارەکە شێرپەنجەی کۆڵۆن بێت.

ڕووداو
ژمارە (382) دووشەممە 2015/11/9



## ئەسلیکا دوو کلیپ بڵاودەکاتەوە

هیوا سەڵاح / ڕووداو- هەولێر

هونەرمەندی کورد ئەسلیکا قادر دوو کلیپ بەیەکەوە لە ئەورووپا بڵاودەکاتەوە کە یەکێکیان لەسەر کوردستان و پێشمەرگەیە.
ئاسلیکا قادر لە ئەڵمانیاوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوو کلیپی گۆرانیم بەیەکەوە بڵاوکردەوە کە یەکێکیان بەناوی کوردستانە و لەسەر ڕۆڵی پێشمەرگەیە، ئەوەی دیکەیان بەناوی هەتا هەبم باس لە سروشتی جوانی کوردستان دەکات".
گۆرانی کوردستان لە ئاواز و تێکستی مەجید سلێمانە. گۆرانی هەتا هەبم، لە نووسین و میلۆدی سەید نۆڤایە، هەردوو کلیپەکەش لە ئەڵمانیا وێنەگیراون.

# قوبادی کلیپ بۆ خوشکەکەی ناکات



دەریاز یونس
ڕووداو- هەولێر

ئازەر قوبادی، خوشکی سینەماکاری بەناوبانگی کورد بەهمەن قوبادی کە ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دادەنیشێت، خەریکی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێکی گۆرانییە بەناوی "بۆنی باران".

ئازەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "خەریکی ئامادەکاریم بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکە و لە داهاتوویەکی نزیکدا کارەکانی تەواو دەبن".

ئازەر گلەیی لە براکەی خۆی دەکات و دەڵێت "چەندین جار بە بەهمەنم گوتووە کە کاری دەرهێنانی یەکێک لە کلیپەکانم بۆ بکات، بەڵام ئەو بۆی نەکردم و گوتی کە کاری دەرهێنانی کلیپ لە دەرهێنانی فیلمی سینەمایی جیاوازە".

# داعش سەلام کۆیی دەتەقێننەوە



دەریاز یونس
ڕووداو- هەولێر

سەلام کۆیی، ئەکتەری بەناوبانگی شاری هەولێر، لە نوێترین فیلمی سینەماییدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بەناوی "دووانەی ئازادی" کە ئێستا لە ستۆدیۆکانی بەریتانیا مۆنتاژی بۆ دەکرێت.

ئەمیر تەها، دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی گوت "وێنەگرتنی فیلمەکە تەواو بووە و ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە. سەلام کۆیی، ئەکتەری دیاری شاری هەولێر ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ وەک هاووڵاتیەکی مەسیحی. سیناریۆی فیلمەکە باس لە کەسێکی مەسیحی دەکات کە لەلایەن داعشەوە زۆری لێ دەکرێت بۆ ئەوەی خۆی بتەقێنێتەوە".

هەر لەوبارەوە سەلام کۆیی بە (ڕووداو)ی گوت "بەشی زۆری ستافی فیلمەکە خۆبەخشانە کارمان کردووە".

# 30 فیلمی کوردی دەچنە لەندەن




ڕووداو- هەولێر

نۆیەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی ڕۆژی 2015/11/13 لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەڕێوەدەچێت و بڕیارە 30 فیلم لەو فێستیڤاڵەدا نمایش بکرێن.

دەستەی بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن لەژێر دروشمی "سینەما ئاوێنەی بیروباوەڕی خەڵکە و هەست و نەستی هەنووکەیی میللەتێک بەرجەستە دەکات"، نۆیەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی ساز دەکەن.

لە ڕاگەیەندراوەکەی فێستیڤاڵی لەندەندا هاتووە کە 30 فیلمی کوردی نمایش دەکرێن، لەوانە نۆ فیلمی بەهێزی درێژخایەنیان هەڵبژاردووە کە حەوت لەوانە بۆ یەکەمجارە لە بەریتانیا پێشان دەدرێن. هەروەها 11 فیلمی دۆکیومێنتەری و 10 کورتەفیلمیش کە لە پێنجەمین پێشبڕکێی ناوازەی خەڵاتی یەڵماز گۆنەیدا بەشدار دەبن.

فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن 15 ساڵە لەلایەن چەند سینەماکارێکی کوردەوە بەڕێوەدەچێت. هەشت فێستیڤاڵی بەسەرکەوتوویی بەڕێکردووە، بەڵام لە نۆهەمین فێستیڤاڵدا قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر ئەوانیش دانا، ئەگەرچی لەکۆتاییدا بەکۆمەکی کەرتی تایبەت فێستیڤاڵەکە بەڕێوەدەچێت.

# شاجوانی موسوڵمانان خەریکی ڕۆمانسیەتە



ڕووداو- هەولێر

ڕۆزی سۆفی کە کچە موسوڵمانێکی بەریتانییە و عەرەب ناسناوی شاجوانی موسڵمانانیان پێداوە، ئێستا لە پاریسی پایتەختی فەرەنسایە بۆ ئەوەی کلیپێک لەگەڵ هونەرمەند ماجید موهەندیس بکات.

ڕۆزی سۆفی کە کچێکی مەسیحی بوو، دوای ئەوەی ئاینی خۆی گۆڕی و بووە موسڵمان، بەهۆی جوانییەکەیەوە، عەرەب ناسناوی شاجوانی موسڵمانانیان پێ بەخشی.

ڕۆزی سۆفی لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا لە فەرەنسام بۆ تۆمارکردنی کلیپێکی گۆرانی لەگەڵ هونەرمەندی عێراقی ماجد موهەندیس. گۆرانییەکە ڕۆمانسییە و من ڕۆڵی سەرەکی لە کلیپەکەدا دەبینم".

گۆرانییەکە لە نوێترین ئەلبوومی ماجید موهەندیسدا دەبێت کە لە هەفتەی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە، کلیپی گۆرانییەکەش مانگی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە.

# لێ دنێ مۆسکۆ دەهەژێنن



هیوا سەڵاح
ڕووداو- هەولێر

گروپی لێ دنێ، هەفتەی ڕابردوو لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا کۆنسێرتێکی گۆرانی و میوزیکی کوردییان پێشکەش کرد و خەڵکێکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە.

ڕەوان سازکار ئەندامی گرووپی لێ دنێ بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ یەکەمجار لە مۆسکۆ گەورەترین کۆنسێرتی گۆرانی و میوزیکی کوردیمان پێشکەش کرد. جەماوەرێکی بێشومار لە کورد و ڕووس ئامادەی کۆنسێرتەکەمان بوون".

سازکار گوتیشی "دوای ئەوەی لە ڕووسیا بە سەرکەوتوویی کۆنسێرتەکەمان پێشکەش کرد، هەفتەی داهاتوو کۆنسێرتێکی هاوشێوە لە ئەڵمانیاش ساز دەکەین، لەوێ چەندین گۆرانی نوێی کوردی پێشکەش دەکەین".

گرووپی لێ دنێ ماوەیەکی کەمە کاری هونەری دەکەن، بەڵام لە ئەورووپا جەماوەرێکی زۆریان هەیە. لە باشووری کوردستان بە گۆرانی وەرە وەرە یارا من ناوبانگیان دەرکرد.

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ

بیر لە بەرژەوەندیی خۆت بکەرەوە و تێکەڵ بە گرفتی کەسانی دیکە مەبە، لەگەڵ ئەوەی کارەکانت دوادەکەون، بەڵام دڵنیا بە کە ئەنجامەکان باش دەبن، دەرامەتت باشتر دەبێت.

### گا

کەڵەڕەقی لە جێبەجێکردنی کارێکدا مەنوێنە کە هێشتا وادەی جێبەجێکردنی نییە. خەرجیت زۆر دەبێت. پەیوەندییە ئاڵۆزەکان باش دەبن و دەگەڕێنەوە دۆخی پێشوو. گرنگی بە ئەڤیندارەکەت بدە.

### دووانە

بۆ ئەوەی کارێک سەرکەوتوو بێت، هەموو توانات لەپێناویدا بەکاربهێنە، بەترسەوە هەنگاو مەنێ. بەهێمنی گرفتەکانی کارکردن چارەسەر بکە. کارەکان ڕەوتێکی باشیان وەرگرتووە.

### قرژاڵ

گفتوگۆی جدی هەمیشە کاریگەریی خۆی هەیە، بەتایبەت لە چارەسەرکردنی ئاڵۆزییەکانی ئەم ماوەیەدا. بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانت دەبێت بڕە پارەیەکی زۆر خەرج بکەی.

### شێر

بەشێوەیەکی باش کۆنترۆڵی خەیاڵە قووڵەکانت کردووە، هەوڵ بدە بە یەکجاری خۆت لە خەمۆکی ڕزگار بکەیت. مامەڵەی نەرم لەگەڵ چواردەورەکەت بکەیت دەرگایەکی نوێ دەکەیتەوە بۆ خۆشبەختی.

### فەریک

تەندروستیت بەرەو باشی دەچێت. گرفتی سۆزداری بەرەو چارەسەر دەبەیت، هەفتەیەکی پڕ چالاکی دەبێت، سۆز و خۆشەویستی لەنێو ماڵ و لەگەڵ ئەندامانی خێزان دروست دەکەن.

### تەرازوو

ڕووداوەکانی ڕابردوو خەمباریی زۆری بۆ هێنایت، بڕیارێکی نوێ دەدەی کە لە ماوەکانی داهاتوودا بە هێمنی و ئاشتی ژیان بەسەر بەریت و خۆت لە گرفت بەدوور بگریت، ئەم بڕیارەش ڕێگەیەکی باش دەبێت بەرەو سەرکەوتن.

### دووپشک

تیشکی هەتاو لە بورجەکەتدایە، هەست دەکەیت هێزێکی زیاترت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان لە کاتی دیاریکراودا. کارە ناتەواوەکانی ڕابردوو بە ڕێگەیەکی نوێ تەواو دەکەی.

### کەوان

هەوڵ دەدەی ڕەزامەندیی لەسەر ئەو گۆڕانکاریانە بدەی کە ژیانت بەرەو باشتر دەبەن بەتایبەتی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. خێرا دەچیتە بیرکردنەوە و خەم بۆ ڕۆژانی ڕابردوو دەخۆیت، خۆت خەمبار مەکە.

### گیسک

پێداچوونەوە بە هیواو ئاواتەکانتدا دەکەیت، هەوڵ بۆ چەند شتێکی دیکە دەدەیت کە بتوانی لە ماوەیەکی کەمدا بەدەستیان بهێنی. بیرکردنەوەت لەبارەی سەرچاوەی داراییەوە زۆرتر دەبێت و ئەگەری سەرکەوتنی زۆرە.

### سەتڵ

خۆت لە ململانێ بەدوور بگرە. خەڵک هەوڵی نزیکبوونەوە لە تۆ دەدەن، ماوەیەکی بەختەوەری گرنگ لە ژیانت دەست پێدەکات. پەیوەندیت لەگەڵ کەسە گرنگەکان بەهێز دەبێت و کەسایەتیت جوانتر دەبێت.

### نەهەنگ

بەهێز دەبیت و بڕیار دەدەیت کۆتایی بە خەمێکی گەورە لە ژیانت بهێنی، دیدار و گەڕانەکان دەست پێدەکەنەوە، هاوڕێی نوێ دەناسیت و ڕەنگە بتوانن پرۆژەی هاوبەش جێبەجێ بکەن.

ڕووداو
ژمارە (382) دووشەممە 2015/11/9


# دوا شەوی دابەزینی عیسا.. هەوڵێکی بێهوودە لەپێناوی ئاسوودەیی

**سەدیق سەعید رواندزی**

یەکێک لەو سیما هونەریانەی، ئەزموونی نووسینی (شێرزاد حەسەن) وەک چیرۆکنووس و رۆماننووسێکی دیاری کورد، لە ئەزموونی نووسەرانی تر جیا دەکاتەوە، بە سەنتەرکردنی مرۆڤە، وەک سۆبژێکتێک لە نووسیندا. ئەوەندەی مرۆڤ و خەمەکانی مرۆڤ و لایەنە کپکراو و شاراوەکانی ژیان وەک گوتارێک لە ئەزموونی نووسینی ئەو چیرۆکنووسە دیارەی کورددا لایان لێدەکرێتەوە، ئەوەندە رەهەندی سیاسی و شۆڕشگێڕی و بەرگری لە نووسینەکانی ئەودا نابینرێت کە رووبەرێکی گەورەی لە پانتایی رۆمان و چیرۆکی کوردیدا گرتووە. لە یەکەم بەرهەمی چاپکراویدا، هەر لە (تەنیایی) و (گوڵی رەش)ەوە تاوەکو دوایین بەرهەمی کە ناوی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)یە، گوتارێکی هیۆمانیستیانە لە چیرۆک و رۆمانەکانی ئەودا دەبینین کە مرۆڤ تیایدا دەکرێتە چەقی باس.

ئەو لە سەرەتای ئەزموونی نووسینیدا، فۆرمێکی دیکەی پاڵەوانی لە رۆمان و چیرۆکی کوردیدا داهێنا کە ئیدی پاڵەوانی سوپەرمانی، ئەوەی کە بەرگەی هەموو ئازار و تێکشکانەکان دەگرێت بوونی نەما. بە پێچەوانەوە، کەسایەتی و پاڵەوانی چیرۆکەکانیش، هاوشێوەی مرۆڤ، دەشێ بگریەن و ببەزێن. دەشێ لە عیشقدا بدۆڕێن. لە بەرامبەر عیشقی کچێکدا چۆک دابدەن. بۆیە دەبینین زۆرینەی (ئەگەر نەڵێین هەموو) چیرۆک و رۆمانەکانی ئەو چیرۆکنووسە، باس لە خەم و ئازارەکانی مرۆڤ دەکەن. باس لە دڵشکان و قەهر و تەنیایی و ستەم و چەوسانەوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی مرۆڤ بە گشتی و مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی دەکەن. هەر ئەمەش ئەڵقەی پەیوەندییەکانی خوێنەرە بە چیرۆک و رۆمانەکانی ئەو نووسەرە داهێنەر و جواننووسە. خوێنەر کاتێ بەرهەمەکانی دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات خۆی کارەکتەری چیرۆک و رۆمانەکانی ئەوە، یاخود باس لە خەمەکانی ئەو دەکات. ئەدەبیاتی ئەو نووسەرە، رەهەندێکی مرۆڤدۆستانەی هەیە.




لە نووسینەکانی ئەودا، ئەوەندەی تێبینیم کردبێت، پەیامێکی کۆمەڵایەتییانەی جوان هەیە هانمان دەدات بۆئەوەی ژیان و دونیا بە جۆرێکی دیکە ببینین کە هیچ چەوسانەوە و نادادپەروەری و خوێنڕشتنێکی تێدا نەبێت. وامان لێدەکات، مرۆڤمان وەک مرۆڤ خۆشبوێت و رێزی لێبنێین، نەک لەبەر پێگەی جەماوەری و خێڵەکی و سیاسی. لە نووسینەکانیدا هانمان دەدات، ژینگە و بوونەوەرەکانمان خۆشبوێن. هەر ئەمانەشن ئەو هەموو جوانیەیان بە چیرۆک و رۆمانەکانی ئەو نووسەرە داوە، لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەدا، هەمیشە قسەکردن لە خەمە ئینسانییەکان و دیوە شاراوە و حەرامکراوەکانی کۆمەڵگە هەیە. ئەو لەڕێی چیرۆک و رۆمانەوە، هەوڵی دەستکاریکردنی ژیان دەدات بە ئاراستەیەکی جوانتر و مرۆییانەتر. بۆیە دەبینین، تەوەرەی سەرەکیی هەموو نووسینەکانی باسکردنە لە خەمەکانی مرۆڤ، نەک سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا. چونکە مرۆڤ لەوە گەورەتر و بەبەهاترە، ببەسترێتەوە بە هەر شوناسێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ناسیۆنالی. هەروەک پەروەردگار خۆیشی، رێزی لە مرۆڤ ناوە وەک مرۆڤ. بەڵام هەر ئەو مرۆڤە خۆی، هەوڵی وێرانکردن و ناشرینکردنی ژیان بەدەستی خۆی دەدات. مێژووی ئەو شەڕ و خوێنڕشتنانەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوەی بینیوە، زۆر زیاترە لە مێژووی داهێنانەکان. لەوەتای یەکەم مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە دروست بووە، بەردەوام بەشێکی زۆری مێژووی مرۆڤایەتی شەڕ و خوێنڕشتن بووە. بەردەوام مرۆڤ هەوڵێکی بێهوودە دەدا لەپێناو ئاسوودەیی و بە ختەوەریدا، بەبێ ئەوەی پێی بگات. مێژووی مرۆڤایەتی، بەشێکی دیاری مێژوویەکە لە چەوسانەوە و ئازارەکانی مرۆڤ. ئەو ئازار و دڵڕەقیانەی بەردەوام نووسەر لە بەرهەمەکانیدا دەگەڕێتەوە سەری.

(دوا شەوی دابەزینی عیسا) دوا بەرهەمی چاپکراوی ئەو رۆماننووسەیە وەک رۆمان. مێژووی نووسینی ئەو رۆمانە، وەک ئەوەی خوێنەر لە میانەی خوێندنەوەیدا هەستی پێدەکات، بۆ کۆتایی سالآنی نەوەتەکان و بە دیاریکراوی ساڵی 1997 دەگەڕێتەوە. ئەو دەمەی نووسەر بۆ چەند مانگێک، لە وڵاتی فینلەندای سەهۆڵبەنداندا، وەک پەناهەندەیەک لە چاوەڕوانیی وەرگرتنی مافی پەنابەریدا لە کەمپێک دەژیت. نووسەر بەو خەیاڵە کوردستان جێدێڵێت کە بچێتە شوێنێکی دیکەی سەر زەمین، ئاسوودەیی و بەختەوەریی تێدابێت، بەڵام هەر تەنیا دوای چەند مانگێک دەگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی و چیتر بەرگەی ئەو ژیانە تەنیاییەی ئەوێ ناگرێت.

نووسەر لە دیمانەیەکیدا کە بەناوی (ئەو پیاوەی لە تووڕەبووندا جوانە) زۆر بە درێژی و بە قووڵی باسی هۆکارەکانی هاتنەوەی خۆی کردووە لە فینلەندا. نامەوێ بگەڕێمەوە سەر دەربڕینە جوان و ئەدەبییەکانی کە تاوەکو ئێستاش دوای نزیکەی 15 ساڵ و زیاتریش لە خوێندنەوەی دیمانەکە لە گۆڤاری (رەهەند)، لە یادەوەریمدا وەک خوێنەرێک ماوەتەوە. تەنیا ئاماژە بە یەک خاڵ دەکەم کە نووسەر لەیەک دەربڕینی کورتدا، ئەو دوو دنیایەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەراورد دەکات و کۆتایی بە هەموو گومانەکان دێنێت، کاتێک دەڵێت: (بۆ من هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ئێرە و کوردستاندا، مادام غەریبییەکە لە روحمدایە) بۆیە دەبێ بگەڕێمەوە. ئەمەش دەریدەخات کە مرۆڤ لە ژیانیدا کاتێک هەستی بە غەریبی کرد و غەریبی چووە نێو روحییەوە، ئیدی رەهەندی شوێن و جوگرافیا، هیچ لە ژیانی ئەو ناگۆڕێت. بۆیە دواجار بڕیای گەڕانەوە دەدات. ناوەڕۆکی ئەو رۆمانە، باس لەو ساتانە دەکات کە تێیدا نووسەر لە کەمپی پەنابەراندا، بۆ چەند مانگێک دەژیت. تا شەوێک لەڕێی خەیاڵ و ئەندێشەوە، عیسای پەیامبەر، لە سەروبەندی یادکردنەوەی لەدایکبوونی خۆیدا، دادەبەزێتە سەر زەمین و ئیدی دیالۆگی نێوان رۆماننووس و ئەو پەیامبەرە دەستپێدەکات. هەر لە چیرۆکی لە خاچدانی و دابەزینی و ژیانی سەر زەمین و مێژووی خوێن و کوشتنی مرۆڤەکان لە سەرزەمیندا. پاڵەوانی رۆمانەکە، وێنەیەکی دیار و بەرجەستەکراوی ژیانی مرۆڤەکان، لەو گەردوونەدا بۆ مەسیح باس دەکات و ئاماژە بەو هەموو مێژووە لە خوێن و کوشتن و چەوسانەوەی مرۆڤەکان دەکات. هەروەک رۆماننووس لەلاپەرە 97دا دەڵێت: (لەوەتەی مرۆڤ هەیە دەجەنگێت و پەند لەو ماڵوێرانییە وەرناگرێت، گەر خوێنی رژاو کۆبکەیتەوە چەندەها رووبار و دەریاچەی لێ پەیدا دەبێت). ئەمە بەشێکە لە وێنای ئەو ژیانەی مرۆڤەکانی تێدا دەژین و هەر لەسەرەتاوە کە یەکەم دڵۆپە خوێنی برا بەدەستی براکەی رژا، ئیدی ئەو رژانە بەردەوامە تا ئێستا. ئەمە پرسیاری رۆماننووسە بۆ مەسیح کە بۆ دەبێ ژیان بەو جۆرە بێت؟ بۆ دەبێ قەدەری مرۆڤەکان تەنیا دەریاچەی خوێن بێت؟ ئەو دونیایەی رۆماننووس تێیدا دەژیت، زۆر پیستر و بۆگەنترە لەو تەویلەیەی ئەوی تێدا لەدایک بوو. پاڵەوانی رۆمانەکە بە مەسیح دەڵێت: (مەسیحی برام ئەم دونیایەی ئێستا منی تێدا دەژیم زۆر پیستر و بۆگەنترە لەو تەویلەیەی تۆی تێدا لەدایک بووی لا 132). مرۆڤەکان با لە خۆشترین و جوانترین جێگەو شوێنیش بژین، کە لە ناخەوە هەستیان بە ئاسوودەیی و ئارامی و بەختەوەری نەکرد، ئەو ژیانە هیچ ماناو بەهایەکی نییە. چ مرۆڤێک هەیە لەو سەردەمەدا وێڕای سوودمەندبوونی لە هەموو پێداویستییەکانی ژیان، کەچی هەست بە بەختەوەری بکات؟ ئاسوودەیی مرۆڤەکان مەرج نییە لە پێشکەوتنەکاندا بێت. زۆرجار ئەو پێشکەوتنانە لەبری خۆشگوزەرانی، نەهامەتی بۆ مرۆڤەکان دەهێنن. لەوەتەی مرۆڤ بووەتە فەرمانڕەوا و دەسەڵات پەیدا بووە، ئیدی کوشتن و چەوسانەوەی مرۆڤەکان و قەهر و دڵشکانیان بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی. هەروەک رۆماننووس دەڵێت: (لەوەتەی دەسەڵات پەیدا بووە، فەرمانڕەوای خۆپەرست و نەوسن هەن، قۆناغێک نادۆزیتەوە تیایدا مرۆڤ بەختەوەر بێت لا 124). بێگومان تامرۆڤایەتیش ماوە، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بەردەوام دەبێت. کەواتە تا دەسەڵاتیش بمێنێ، ئەستەمە مرۆڤ بەختەوەر بێت. بۆیە رۆماننووس بەشێکی مێژووی چەوسانەوەی مرۆڤەکان و نەبوونی ئاسوودەیی دەبەستێتەوە بە دەسەڵاتەوە. مەرج نییە ئەو دەسەڵاتە سیاسی بێت، بەڵکو دەشێ ئایینی بێت. چونکە هەر دەسەڵاتێک سنووری بۆ خەون و ئازادییەکانی مرۆڤ لەژێر هەر ناوێکدا دانا، ئیدی لەوێوە مرۆڤ هەست بە دڵشکان و لەدەستدانی سەربەستی دەکات. چونکە هەموو مانایەکی ژیان بۆ مرۆڤ لەوەدایە، خۆی هەڵبژێرێت، نەک بەسەریدا بسەپێت. لێرەوەش کاتێک رۆماننووس کوردستان جێدێڵێت و دەچێتە مەنفا، هەست دەکات ژیانی ئەوێش بە هەمان شێوەی ژیانی پێشووە، بەڵام بەجۆرێکی تر. لەوێش بەختەوەری و ئاسوودەیی هەمیشەیی ژیان بە مانا مرۆییەکەی بوونی نییە و بەشێوەیەک لە شێوەکان، لەو بەنێو بەهەشتەی خۆرئاواشدا، کەسانێکی دڵشکاو هەن. کەسانێک هەن کە تیشکی خۆرێکی میهرەبان، بەر بوون و ژیانیان ناکەوێت. بە تایبەتی ئەگەر کەسێکی پەناهەندە و بێ شوناس و بێ وڵات بێت. هەروەک رۆماننووس خۆیشی دەڵێت: (لەم جەمسەری گۆی باکوورە بەستوومی. خۆرێکی میهرەبان نییە تین و تاوی گەرمی ئەو بەرگە بەفرینەم بتوێنێتەوە لا 79) لە جەمسەری باکووریش وەک مرۆڤێک، هەست بەو هاوارە دەکات کە وەک خوێن بەلالێویەوەیە. خوێنێک کە لەوەتەی ژیان هەیە بوونی هەیە و پێدەچێت تا مرۆڤایەتیش ماوە، هەر هەبێت. خوێنێک کە تەنیا هی پاڵەوانی رۆمانەکە نییە، بەڵکو هی هەمووما نە وەک مرۆڤ. هاوارێک لەپێناوی ئاسوودەییدا بەبێ ئەوەی کەس بیبینێ، هەروەک رۆماننووس دەڵێت: (هاوارێک کە وەک خوێن بە لالێومەوە دەتکێت و بە هەموو باڵامدا دادەچۆڕێ. کە هیچ کەس نایبینێ و نایبیستێ. لە ئایندەشدا نایبینێ هەرگیز .لا 300) گرفتەکە ئەوە نییە، ئەو هاوارەی نووسەر باسی دەکات کەس نایبیستێ، بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە لە ئایندەشدا، کەس نایبیستێ. لەو رۆمانە تازەیەی نووسەردا، وەک خوێنەرێک هەستم بە جۆرێک لە هەوڵێکی بێهوودە کرد لەپێناوی ئاسوودەیی ژیانی مرۆڤەکاندا، کە چەندین ساڵە نووسەر لەڕێی چیرۆک و رۆمانەکانییەوە، هەوڵیان بۆ دەدات. ژیانێک دوور لە هەموو جۆرە تابۆ و سانسۆرێک. ژیانێک دوور لە هاوار و کوشتن و خوێنڕشتن. ژیانێک مرۆڤ خۆی هەڵیبژێرێ، نەک بەسەریدا بسەپێنرێ. بەڵام پێدەچێ هەوڵی ئەو و هەمووشمان، دواجار جگە لە نائومێدی هیچی تر نەبێت. بۆیەشە هیچ فریادڕەسێک تازە ناتوانێ ژیانی ئێمە رزگار بکات. مرۆڤ لە هەر شوێنێک بێت، دواجار کە غەریبییەکە لە روحیدا بوو، هەر غەریبە.

دیارە ئەم وتارەی ئێمە، رانان و ناساندێکی خێرای ئەو رۆمانە بوو. هەرچەندە نووسینەکانی مامۆستا شێرزاد حەسەن لەوە قووڵتر و جوانترن، بە رانانێکی خێرا باسیان بکەین. بەو هیوایەی لە ئایندەدا دەرفەتی ئەوەمان هەبێت بە درێژی بگەڕێینەوە سەر رۆمانەکە...

**تێبینی**/ دوا شەوی دابەزینی عیسا، دوا رۆمانی رۆماننووس و چیرۆکنووسی دیاری کورد (شێرزاد حەسەن)ە و لەم رۆژانەی رابردوودا چاپ و بڵاوکرایەوە.



## منداڵەکانتان قۆڵبەست مەکەن*

منداڵ ئەو کاتە لە بێهێزی و لاوازیی خۆی تێدەگات کە توانا و هێزی گەورەکانی بۆ دەربکەوێت. بەداخەوە گەورەکانیش هەندێکجار هێزی زۆری خۆیان پێشانی منداڵان دەدەن. رەنگە ئەمە بە ئەنقەست نەبێت، بەڵام دواجار دەبێتە هۆی تێکشکاندنی توانای منداڵ.

بۆ نموونە، خاڵ دەیەوێت خۆشەویستیی خۆی بۆ خوشکەزاکەی دەرببڕێت و لە باوەشی بکات، بەڵام منداڵەکە ئەمەی پێ خۆش نییە و رادەکات. لێرەدا هەڵوێستی خاڵەکە زۆر گرنگە. ئایا دوای منداڵەکە دەکەوێت و راوی دەنێت و لە سوچێکدا ناچاری دەکات خۆی ڕادەستی بکات؟ گەورەکان بەم جۆرە خۆشەویستیی خۆیان بۆ منداڵەکان دەردەبڕن، رەنگە هیچ مەبەستێکی خراپیان نەبێت لەم کارە، بەڵام منداڵ بە جۆرێکی دیکە تێدەگات.

منداڵ کاتێک هێز و بازووی گەورەکانی بۆ دەردەکەوێت و خۆی رادەستیان دەکات، لە زیهنیدا دەچەسپێت کە چیتر ناتوانێت خۆی لە بازووی گەورەکان رزگار بکات. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە زۆرینەی ئەو منداڵانەی رووبەڕووی دەستدرێژیی دەبنەوە و راناکەن و هاوار ناکەن، ئەو منداڵانەن کە لە زیهنیاندا چەسپیوە ناتوانن لە بازووی گەورەکان خۆیان رزگار بکەن. لەبەر ئەوە بە ناچاری قەدەری خۆیان دەدەنە دەست مرۆڤە نیەت خراپەکان.

ئەو دایک و باوکانەی نایانەوێت منداڵەکانیان لاواز دەربچن لە بەرامبەر خراپەکارییەکاندا، دەبێت کارێک بکەن کە منداڵەکانیان توانا و هێزی گەورەکانیان بۆ دەرنەکەوێت، یاخود راستتر بڵێین، فێری رزگاربوونیان بکەن لە بازووی گەورەکان. دەبێت منداڵەکانیان فێر بکەن کە ئەگەر گەورەیەک لەبەردەمیدا قوت بووەوە، بەرگریکردن و کاردانەوە سوودی دەبێت. بۆ نموونە، دەتوانن لەگەڵ منداڵەکانتان یاری راوڕاوێن، چاوشارکێ یان هەر یارییەکی دیکە بکەن و دەرفەت بە منداڵەکانتان بدەن ببنە لایەنی براوە، بۆ ئەوەی ئەو هەستەی لا دروست ببێت کە ئەگەر هەوڵ بدات دەتوانێت بەسەر هێز و بازووی گەورەکاندا سەربکەوێت.

لە کاتی یاریی راوڕاوێندا، کاتێک منداڵ خۆی لە چاڵ و چۆڵ و بەربەستەکان رزگار دەکات و بەشێوەی زیگزاگی رادەکات بۆ ئەوەی نەگیرێت، هەستێکی بۆ دروست دەبێت، دەتوانین ئەم هەستە ناوبنێین "ئەزموونی راکردنی سەلامەت" لەو رێگەیەوە منداڵ خۆی رزگار دەکات. کە توانی لە یارییەکاندا فێری ئەمە ببێت، ئەم هەستە لە ژیانی راستەقینەشدا رەنگ دەداتەوە و فێری بەرگری و کێبڕکێی دەکات.

خاڵێکی دیکە کە زیان لە توانای بەرگریی منداڵ دەدات، ئەوەیە کە لە کاتی سزادانی منداڵدا هانا بۆ لێدان ببردرێت. ئەو منداڵانەی کە بە زۆر ناچار دەکرێن دەست لە هەڵسوکەوتێکیان هەڵبگرن و بە پێچەوانەی خواستی خۆیانەوە بجوڵێنەوە، توانای بەرگرییان بەرامبەر بە دەستدرێژییەکان لاواز دەبێت.


منداڵ کاتێک لە لاوازیی خۆی لەبەرامبەر هێز و بازووی گەورەکاندا دڵنیا دەبێتەوە، ئیتر زۆر کات خۆی دەخاتە بەردەستی گەورەکانەوە و لەو کاتانەدا کە دەبێت بەرگری بکات خۆی رادەست دەکات. لەبەر ئەوە، نابێت لە رێگەی بەکارهێنانی هێز و بازووەوە، گەورەکان منداڵ ناچار بکەن بە ئەنجامدانی هیچ شتێک یاخود گۆڕینی هەڵسوکەوتیان.

پرسیارێک دەکەم، بەڵام بەرلەوەی وەڵامەکە بخوێننەوە چاوتان بنوقێنن و بزانن هەڵوێستی خۆتان لە راستیدا چییە. تۆ دایک، باوک، یان کەسێکی گەورەیت و بە تەنیا بە دیار منداڵێکەوە دانیشتوویت لەماڵەوە. دەتەوێت بچیت بۆ بازاڕ، بەڵام منداڵەکە نایەت، زۆر قسەی لەگەڵ دەکەیت بەڵام نایەت، لەم کاتەدا چی دەکەیت؟

ئەگەر پەلی منداڵەکەت گرت و تا دەرگاکە راتکێشا، یاخود دوو زللەت لێدا و پاشان کردتە باوەشت و لەگەڵ خۆت بردت، کە پێموایە زۆرینە وا دەکەن، ئەوا بزانە کە داهاتووی منداڵەکەت تێکشکاندووە. ئەو منداڵە ئەگەر رۆژێک رووبەڕووی دەستدرێژی ببێتەوە، بێ ئەوەی بەرگری بکات خۆی رادەستی دەستدرێژیکارەکە دەکات.

**وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە:** محەممەد ئیسماعیل

*ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (رووداو) بڵاودەکرێتەوە.



# توندوتیژی لە ئەفسانەکاندا

**برونۆ بێتڵهایم**
**وەرگێڕانی: کیشوەر پیرۆتی**

ئەم بابەتە هەڵبژاردەیەکی زۆر کورتە لە کتێبی "کەڵکی ئەفسوون: واتا و بایەخی ئەفسانەکان"[1]، لە نووسینی برونۆ بێتڵهایم کە وەکو وتارێک لە "Book bird"[2] گۆڤاری بووک بێرد ئەم باسە، تایبەتە بە شێوەی دا بڵاوکراوەتەوە.

هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردەی توندوتیژی لە کتێبی منداڵان و مێرمنداڵاندا کە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە. ئەم باسە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا تیشکی خرایە سەر. ئەودەم زۆربەی کارناسان و خاوەنڕایان پێیان وابوو، چیرۆکە زارەکی و ئەفسانەییەکان زۆریان توندوتیژی تێدایە و ئەم جۆرە بەرهەمانە دەبنە هۆی بێزاری و تووڕەیی و ڕەفتاری توندوتیژی منداڵ لەهەمبەر دایک و باوکدا و هەستی ناخۆش لە ناخی منداڵدا پەرە پێدەدەن. بەڵام لەڕاستیدا، یەکەم جار "برونۆ بێتڵهایم" دەروونناسی بەناوبانگی نەمسایی لە کتێبێکدا بەناوی "کەڵکی ئەفسوون: واتا و بایەخی ئەفسانەکان" ڕوانگەیەکی تازەی لەسەر ئەم بابەتە خستەڕوو.

لەو کاتەوەی خوێندنەوە و توێژینەوە تازەکانی دەروونشیکاری و دەروونناسیی منداڵان ئاشکرایان کرد کە هێزی خەیاڵ و زەینی منداڵێک تا چ ڕادەیەک توندوتیژ و ئاڵۆز و تەنانەت نەڕێن و ئازاردەرە، ئەفسانە و چیرۆکە زارەکییەکان زۆر بەتوندی کەوتنە بەر هێرشی ڕەخنەوە. بۆ نموونە، منداڵێک کە دایک و باوکی زۆر خۆش دەوێت، لەوانەیە لە بارودۆخ و کاتێکی تایبەتدا ڕقیشیان لێ هەڵگرێت. لەوەڕا دەتوانین تێبگەین کە ئەفسانەکان ژیانی ڕۆحی و دەروونیی منداڵان دەکەنە ئامانجی خۆیان. لەڕاستیدا خوێندنەوە و ناسینی ئەم جۆرە چیرۆکانە کاریگەری لەسەر ڕۆح و دەروونی منداڵ دادەنێن. هەر لەبەر ئەمەشە، کەسانێک پێیان وایە ئەم جۆرە چیرۆکانە پەرە بەو هەستە ناخۆش و پڕ لە ئێش و ئازارانە دەدەن کە لەنێو ڕۆح و ناخی منداڵدا هەن.

ئەو کەسانەی خوێندنەوەی چیرۆکە زارەکییە فۆلکلۆری و کۆنەکانیان لە منداڵان و مێرمنداڵان قەدەغە کرد، لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتن کە تەنانەت ئەگەر چیرۆکە منداڵانە نوێیەکانیش کەسایەتی خەیاڵیی وەکو دێو و درنجیان تێدا بێت، بێگومان ئەو کەسایەتییە دڵۆڤان و خۆشەویستە. بەڵام لەڕاستیدا ئەو کەسانە خاڵێکی زۆر گرینگ و بناغەییان لەبیر کردووە، ئەو دێو و غوولەی کە منداڵان جاربەجار لە دەروونی خۆیاندا هەستی پێدەکەن و لە هەمووان زیاتر پێوەندییان لەگەڵی هەیە، هەر ئەو دێوەیە کە لە ناخەوە دەروونیان ئازار دەدات. چونکە منداڵان هێندێک جار بەهۆی ئەو هەستە ناخۆشانەی لە دەروونیاندا هەیە، خۆیان وەک دێوێکی ترسناک دێتە بەرچاو کە لە



هەموو شتێک زیاتر ئازاریان دەدات.

بەڵام ئەگەر ئەو دێوە دەروونییەی منداڵ هەروا لەنێو نیهادی ناوشیاریدا بەنهێنی بمێنێتەوە، ئەو منداڵە هەرگیز دەرفەتی ناسین و ناسیاوی دەگەڵ ئەو دێوەی بۆ ناڕەخسێت. کەچی ئەگەر بێت و منداڵ دەگەڵ ئەفسانەکان و دنیا فانتازی و خەیاڵییەکان ئاشنا بێت، هێزی خەیاڵ و زەینی کارا دەبێت و دەتوانێت لەگەڵ ئەم توخمەی نێو خۆی پێوەندی دروست بکات. ئەگەر منداڵ ئەم جۆرە چیرۆک و ئەفسانانە نەخوێنێتەوە و کەسێک بۆی نەگێڕێتەوە، ناتوانێت دێوە خەیاڵییەکەی خۆی بناسێت و ڕێگای زاڵبوون بەسەریدا بدۆزێتەوە. لەوەها بارودۆخێکدا منداڵ بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی زۆرەوە دادەمێنێ. ناسینی ئەفسانە زارەکییە کۆنەکان فۆرمێکی تایبەت بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە زەینییەکانی منداڵ دەبەخشێت و سەرەنجام ڕێگای زاڵبوونی بەسەر ئەو دێوەدا بۆ ئاشکرا دەکات.

ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی گشتی، خوێندنەوە و گێڕانەوەی ئەفسانەکان و چیرۆکە زارەکییەکانیان بۆ منداڵان و مێرمنداڵان قەدەغە کرد، پێیان وابوو ئەگەردێوە ئەفسانەیی وخەیاڵییەکان لەنێو نیهادی ناوشیاری منداڵدا هەر بە نهێنی بمێنێتەوە، زەین و هۆشی منداڵ بەشێوەی سروشتی گەشە دەکات و بوونی ئەو توخمانە دەبنە بەربەست لەسەر ڕێگای پەروەردەی دروست و شیاوی منداڵدا. لە ڕوانگەی ئەو جۆرە کەسانەوە، دەبێ "من"ی ژیرانە هەر لە دەورەی منداڵییەوە کامڵ بێت! لەبەر ئەم مەبەستە، نابێ سەرچاوە شاراوەکانی "هەناو"ی منداڵ بدۆزرێنەوە و وەگەڕبخرێن. کەواتە دەبێ هەر لەسەرەتاوە نەهێڵین سەرنجی منداڵ بەلای نیهادی ناوشیاری خۆی و ئەو چیرۆکانەدا بچێت کە باس لەو بەشەی نیهادە نهێنیەکەی دەکەن. بە واتایەکی دیکە، منداڵ دەبێ وێنا و خەیاڵە ناپەسند و درێوەکانی خۆی سەرکوت بکات، تاکو تەنیا چێژ و بەهرە لە وێنا و خەیاڵە پەسند و دڵگرەکان وەربگرێت.

بەڵام ڕاستیی بابەتەکە پێمان دەڵێ، ئەو چەشنە بۆچوونانەی وەکو سەرکوتکەری "هەناو" لەقەڵەم دەدرێن، لە کردەوەدا سوودێکی وایان نییە. کە منداڵ ناچار دەبێت بنەباسی (Theme) نیهادی ناوشیاری خۆی سەرکوت بکات، چی ڕوودەدات؟ سەرنج بدەنە ئەم نموونەیە:

کوڕێژگەیەک، کە کتوپڕ لە پاش دەورەی دەرمانکردنی نەخۆشییەکەی و بەسەربردنی ماوەیەکی درێژ بۆ تەواوکردنی دەورەی دەرمانەکانی، خۆی لە بێدەنگی دابوو، بەمجۆرە باسی هۆکاری ئەو کارەی خۆی کردبوو: "لەبەر ئەوەی قسەی ناشیرینم کردبوو، دایکم زارمی بە سابوون شتەوە، من دەیپەژرێنم کە قسەی زۆر ناشیرینم کردبوون، بەڵام ئەو نەیدەزانی بە شتنەوە و ئاودانی قسە ناشیرینەکان، وتە و پیتە جوانەکانیش دەشواتەوە و فڕێیان دەدات؟."

لەڕاستیدا، نیهادی ناوشیار سەرچاوەی ئەو ماددە خاو و بناغەییانەیە کە لەسەر بنەمای ئەوان، "من"، پێکهاتەی کەسایەتیمان پێکدێنێت. لەو لێکچواندنەدا، ئەفسانەکان هەر ئەو سەرچاوە و خەزێنە سروشتییانەن کە ئەم ماددانە دابین دەکەن و فۆڕمی پێدەدەن و سەرئەنجام بەسوود و بەهرەمەندیان دەکەن بۆ ئەو ئەرکانەی پێوەندیدارن بە کەسایەتیسازیی "من"ەوە. ئەگەر بێت و لەم سەرچاوە سروشتییە بێبەش بین، ژیانمان زۆر بەرتەسک و داخراو دەبێت و ئیدی هیچ خەیاڵ و خولیایەک نامێنێتەوە کە "هومێد"مان پێ ببەخشێ. بەمشێوەیە، توانای ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵسوکەوت لەگەڵ گرفت و تەنگوچەڵەمەکانی ژیانمان نابێت. کاتی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ئەم دنیا خەیاڵی و خولیاییە، هەمان سەردەمی منداڵییە. لەبیرمان نەچێت، ئێمە بە گەلێک ڕێگای دیکەشدا دنیا خەیاڵی و تژی لە فانتازیاکەی منداڵان پەروەردە دەکەین و تەنانەت هانیشیان دەدەین کە بە وزەی ئەم دنیا خەیاڵی و فانتازییە باڵ لێبدەن. یەکێک لەو ڕێگایانە، هاندانی منداڵە بۆ ئەوەی "شێوەکاری" بکات! ئێمە بە منداڵەکەمان دەڵێین، هەرچی پێی خۆشە بیکێشێتەوە و تەنانەت "چیرۆک"یشی بۆ دروست بکات. بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە منداڵان لەگەڵ میراتی هاوبەشی دنیای خەیاڵیی ئێمە (ئەفسانە و چیرۆکە زارەکییەکان) نائاشنان، ناتوانن چیرۆکێک بئافرێنن کە لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ گرفتەکانی ژیان یارمەتییان بدات. لە بارێکی ئاوادا، منداڵ تەنیا توانای دەربڕینی ئەو چیرۆکانەی هەیە کە بە جۆرێک پێوەندی بە ئاوات و نیگەرانییەکانیەوە هەیە.

سەرباری ئەوەی کە دەروونشیکاران لەمەڕ نیهادی ناوشیارەوە ــ بە تایبەت لە منداڵاندا ــ بابەتەکەیان ڕوون کردەوە، کەچی پاساو و هۆکار هێنانەوە بۆ درێژەدان بە قەدەغەکردنی خوێندنەوەی ئەفسانەکان فۆڕمێکی نوێی لەخۆگرت. کاتێ کە ئیدی هیچ کەس نەیدەتوانی حاشا لە لێکدژی و کێشمەکێشە قووڵەکانی منداڵ و نیگەرانی و داخوازییە توندوتیژانەکانی بکات، ئاخرییەکەی، ئەو جۆرە کەسانە بەم چەشنە ئاکامیان وەرگرت: "لەبەر ئەوەی لە دۆخی ئێستاشدا منداڵ لە کۆمەڵێک شت دەترسێت، دەبێ لە هەموو ئەو شتانەی دوور بخەینەوە کە وێدەچی ترسناک بن."

بۆ منداڵێ کە ئەفسانەکان دەناسێت، بەرە بەرە ڕەهەندە بەڕواڵەت ترسناکەکانی چیرۆکە ئاساییەکان کاڵ دەبنەوە و لەنێو دەچن. لە بارودۆخێکی ئاوادا، ئەو ئازار و ناخۆشییە سەرەتاییەی کە لەسۆنگەی کەشی ئاڵۆزی چیرۆکەکەوە بەدی هاتبوو، دەبێت بە کەشێکی ئارام و دڵخۆشکەر. چونکە منداڵەکە دەتوانێت بە کەڵکوەرگرتن لەو شێوازی گەمەکردنەی لەسۆنگەی خوێندنەوەی ئەفسانەوە بەدەستی هێناوە، بە شێوەیەکی پەسند و شیاو دەگەڵ ئەو گرفتە ڕابێت کە لە چیرۆکەکەدا هاتووەتە گۆڕێ.

ئەو دایک و باوکانەی حاشا لە بیرکردنەوەی توندوتیژانە و ترسناکی منداڵەکانیان دەکەن، پێیان وایە لە هیچ بارودۆخێکدا نابێ منداڵەکەی ئەوان گیرۆدەی ئەو جۆرە بیرکردنەوە و کەشانە ببێت. (بڵێی شتی وا مومکین بێت!) کە منداڵ هەلی دەستڕاگەیشتن بە چیرۆکە ئەفسانەیی و فانتازیەکانی لەدەست دەردەچێت، هەست دەکات خۆی "تاکە" کەسێکە کە خاوەنی ئەم ڕوانگە و وێنایەیە و، هەر ئەم بابەتەش، بەڕاستی دنیا خەیاڵی و زەینییەکەی دەکات بە دنیایەکی ترسناک و سامدار. لەلایەکی دیکەشەوە، کە دەزانین خەڵکی دیکەش خودان دنیایەکی خەیاڵیی هاوشێوەن، دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بکەین بەشێکین لە بازنەی گەردوون و ئەو ترس و خۆفەی لەمەڕ بیرکردنەوە تێکدەر و ناپەسندەکانەوە لە مێشکماندایە، کەم دەبێتەوە.

چیرۆکە زارەکی و ئەفسانەییەکان هێزی خەیاڵی منداڵ دەبزوێنن و بەدروستی پەروەردەی دەکەن. ئەزموون نیشانی داوە، ئەو منداڵانەی خودان هێزێکی خەیاڵیی باشن (بەهۆی خوێندنەوەی ئەفسانەکان و ئەو کەڵکەی لێیان دەکەوێتەوە) لەهەمبەر دیتنی فیلم و دیمەنە توندوتیژەکاندا هەڵسوکەوتێکی ژیربێژانەتر لە خۆیان نیشان دەدەن.

**پەراوێز:**

1. HTHE USES OF ENCHANTMENT: THE MEANING AND IMPORTANCE OF FAIRY TALES. By: Bruno Bettelheim (1903 — 1960).
2. Book bird (Vol. 31، No. 3-septmber 1993).

# میرە حەرامزادەکانی موسوڵمانان



**حەمەسەعید حەسەن**

لە کۆمەڵی شارستانیدا، پێوەندیی نێوان ژن و پیاو کە یەک ڕەگەزن، ڕەگەزی ئینسان، پێوەندییەکی ئینسانییە، بەڵام لە جڤاکی سەرەتایی و خێڵەکیدا، پێوەندییەکی بایەلۆجییە، پێوەندیی نێوان کەڵ و مێچکەیە. ژن لە کن خێڵەکی، بە ئاژەڵ هەژمار دەکرێت، ئەوە نییە لەبری سێکس، یان جووتبوون، سواربوون بە گونجاوتر دەزانێت و لەبری: سێکسم لەگەڵدا کرد، دەڵێت سواری بووم!

لە سەردەمی جاهیلیدا و دواتریش، پیاو تا کەڵتر بووایە، تا ژمارەی ژنانی (ژێری) هەڵکشاوتر بووایە، زیاتر ڕێزی لێ دەگیرا و بە پێچەوانەیشەوە، پیاوێک توانای جووتبوونی لاواز بووایە، ژنەکەی خەبەری لێ دەدا، دونیای لێ تێدەگەیاند و شکۆی دەشکاند.

لە کۆمەڵگەی جاهیلیدا بێجگە لە شیعر، هیچی دیکە نەبوو، قسە لەگەڵ ویژداندا بکات و لە دەوڵەمەندکردنی ڕۆحدا بەشدار بێت، بەڵام هەر ئەو سەروەختانە و چەندان سەدە پێشتریش لە یۆنان، هەم دیالۆگ لەبارەی فەلسەفەوە لە برەودا بوو، هەم شانۆ ئاستێکی بڵندی هەبوو. کەشوهەوای دژوار و نەزانی، وایان کردبوو لە نیمچەدوورگەی عەرەبدا، ئەو سەروەختە خەیاڵی ئینسان، تەنیا بە دەوری سێکسدا بسووڕێتەوە. زمان کە دەربڕی ئاستی گەشەسەندنی کۆمەڵە، ئەو سەروەختە وشەگەلی لە نموونەی: خۆ پێوە نووسان، لێخشان، تێخستن، بە سمت و کەفەڵ خۆ هێورکردنەوە و سواربوونی بەرهەم هێنابوو.

بۆچی پەیامبەر هاوسەرگیریی سەفەریی حەڵاڵ کرد؟ چونکە کۆمەڵناسێکی لێهاتوو بوو، سوور دەیزانی خەڵک بیر لە چی دەکەنەوە و چی لە یەسروب (مەدینە)دا دەگوزەرێت. ئەوەی پێ باشتربوو، پێوەندییە حەرامەکان، سرووشتێکی حەڵاڵیان هەبێت. ئیدی لەوە بە دواوە، پیاو دەیتوانی، بە برێک خورما، یان بە جووتێک کەوش، بە شەرعی لەگەڵ ژنێکدا جووت ببێت. لە سەروەختی خەلیفە عومەردا، ژمارەی ژنانی بە تاڵانی هێنراو، هێندە زیادی کردبوو، ئیدی پیاوان پێویستیان بە ژنی سەفەری نەمابوو، بۆیە هاوسەرگیریی لە پێناوی چێژێکی کاتەکیدا، قەدەغە کرا، هەرچەندە تا هەنووکەیش، زۆرینەی شیعە پێیان وایە، ئەوەی پەیامبەر حەڵاڵی کردبێت، تا قیامەت حەڵاڵە.

کە هەلومەرجی ماددی کۆمەڵگەیەک دەگۆڕێت، گۆڕانی دابونەریت و بیروبۆچوونیشی بە دوادا دێت. ئەم تێزە کە کرۆکی فیکری مارکسە و نەسەلماندنی وەک شەڕەشۆقکردن وایە لەگەڵ گابەرددا، هێندەی گەردێک شوێنەواری بە فیکری سەلەفییەکانەوە دیار نییە، ئاخر ئەوان هێشتا بە فیکری چواردە سەدە لەمەوبەری جڤاکی مەدینە، دونیا لێک دەدەنەوە!

ئوسامە ئەنوەر عەکاشە (1941 — 2010) کە ناودارترین درامانووسی عەرەبە و دەیان بەرهەمی گرنگی پێشکەش کردووە، لەوانە: شەوانی حیلمییە و هەنگوین و فرمێسک، گوتارێکی هەیە، تێیدا باسی ئەو بیژییانەی کردووە کە بوونەتە میری موسوڵمانان. لەسەر ئەو گوتارە کە هەرایەکی گەورەی نایەوە، ئەزهەر کافراندی، هەرچەندە هیچی نەکردبوو، لە غەیری ئەوەی پشتئەستوور بە بەڵگەنامەی دروست و جێی باوەڕ، ناوی ئەو میرانەی موسوڵمانانی تۆمار کردبوو کە باوکیان نادیار و دایکیان زیناکار، یان سێکسفرۆش بووە.

لە سەروەختی جاهیلیدا، ماڵێک سێکسفرۆشی تێدا بووبێت، ئاڵای هەبووە، بۆ ئەوەی سێکسکڕ لێی تێک نەچێت و خۆی بە ماڵێکی دیکەدا نەکات. حەمامە کە دایکی ئەبوو سوفیان و نەنکی مەعاویە بووە، لەشفرۆشێکی ئاشکرا بووە لەوانەی ئاڵایان هەبووە! کە دوای فەتحی مەککە، نزیکەی هەموو خێڵەکان دەچنە ڕیزی ئیسلامەوە، خێڵ هەبووە بە لەشفرۆشی ژیاوە، سەرخێڵ لە پەیامبەری پرسیوە: دەتوانین لەسەر کار و کاسبیی خۆمان بەردەوام بین و بێینە ناو ئیسلامیشەوە؟

وەک ئوسامە ئەنوەر عەکاشە نووسیویەتی: (ئامینەی کچی عەلقەمە کە زیناکار بووە، دایکی مەروانی کوڕی حەکەمە کە چوارەم خەلیفەی ئومەوی بووە! کە مەروان لە دایک دەبێت و بۆ پەیامبەری دەبەن، تا بانگ بە گوێیدا بدات، پەیامبەر زانیویەتی بیژییە، فەرموویەتی: ئەو نەفرەتلێکراوەم لێ دوور بخەنەوە! دایکی عەمری کوڕی عاس عەلەمدار بووە، باوکیشی نادیارە، چونکە عاس بەخێوی کردووە، بۆیە ئەو پاشناوەی هەڵگرتووە. ئەو عەمری بەناو کوڕی عاسە، سەردەمی خەلیفە عومەر، میسر داگیر دەکات و دەبێتە والی ئەوێ.)

زیادی سەرلەشکری ئیسلام و والی فارس، دیار نییە کێ باوکیەتی، بۆیە بە کوڕی باوکی، ناوی دەرکردووە، مەرجانەی دایکی کەنیزەک بووە. عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد کە سەردەمی خەلیفە یەزیدی کوڕی مەعاویە، فەرمانڕەوای کووفە دەبێت، ئەوی لە کوشتنی ئیمام حوسەینی کچەزای پەیامبەردا بەشدار دەبێت، دایکی کەنیزەک بووە و چەندان دەستی کردووە، بۆیە باوکی نادیارە! ئەوەیە ئوممەت! بیژییەک کچەزای پەیامبەرەکەی بکوژێت، ئەوە قسەی دڵی شیعەیە. (هیند)ی دایکی مەعاویە زیناکار بووە، بێجگە لە ئەبوو سوفیان، لای کەم دەستی لەگەڵ چوار پیاوی دیکەدا تێکەڵ کردووە.

دیارە ئەوانەی بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن، ئاگاداری ئەو دیرۆکەن، بەڵام بەرژەوەندییان وا دەخوازێت، خۆیانی لێ نەبان بکەن.

2015/11/6

(1) أسامة أنور عكاشه، كيف أصبح أولاد الزنا أمراء للمسلمين؟
(2) خليل عبدالكريم، مجتمع يثرب، دار المصر المحروسة.
**(3) حیلمییە: گەڕەکێکی دێرینە لە خۆرهەڵاتی قاهیرە، ناوەکەی لە عەبباس (حیلمی)یەوە هاتووە کە فەرمانڕەوایەکی میسر بوو..**

# خوێندنەوە لیکی نووسینت تێدا دەڕژێنێ

(2)



جۆیس کارۆل ئۆتس، (مرۆڤ) نییە، بەلاتەوە سەیر نەبێ، داخۆ لە کوێی بوو ئەو هەموو کاتە و ئەو هەموو نووسینە و هێشتاش دەرسی ئەدەب بڵێتەوە لە پرینستۆن یونیڤێرسیتی؟ شانۆ، سیناریۆ، شیعر، وتار، کورتە چیرۆک، ڕۆمان، ڕیڤیو، زۆر زیاتر لە سەت کتێب! ئەمە زۆر نییە؟ سا کەوایە هیچ ساڵێک نییە ئۆتس کتێبێکی تێدا نەنووسیبێ! هەندێک بە نووسەری ئالی ناوی دەبەن، وەک ئەوەی وا دیاربێ کە ئەو قەت ناخەوێ. دوور بۆی مەڕۆ ئەگەر تۆ پێی بڵێی "خاتوون، تۆ نووسەرێکی پڕ بەرهەمیت و پێت وانییە زۆر دەنووسیت"، کە من لێرە وا ناوم نەهێناوە، دەشێ پێت بڵێ: "نا قوربان/ خانم هێشتا بەو خێراییە نیم کە تۆ باسی دەکەیت!"

ئۆتس، کە لە ساڵی 1965ـەوە هیچ ساڵێک نییە کتێبێکی تازەی تێدا نەنووسیبێ و بڵاونەکردبێتەوە، یەکێک لە پڕکارترین (ئەگەر یەکەمین نەبێت!) نووسەرانی ئەمەریکایە و لەم چەند ساڵانەی دواییشدا یەکێک بوو لە بەربژێرەکانی ڕۆژنامە جیهانییەکان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ. ئۆتس لەبارەی نووسینەوە چەند ئامۆژگارییەکی بۆ نووسەرە گەنجەکان هەیە:

1- بەکامی دڵ بنووسە، زۆر بنووسە
2- یەکەمین ڕستە دەکرێ لە دوای ئاخەرین ڕستەوە بنووسرێ، کە نووسراوە. یەکەمین ڕەشنووسەکان جەهەننەمن. ئاخەرین ڕەشنووسەکان، جەننەت.
3- تۆ بۆ هاوچەرخەکانت دەنووسیت — نەک بۆ ئایندە. ئەگەر بەختت هەبێ، هاوچەرخەکانت دەبنە ئایندە.
4- ئەم دێڕەی ئۆسکار وایڵد بئاخنە مێشکت: "ڕاستبێژییەکی چکۆلە مەترسیدارترین شتێکە، هەروەتر دەست و پەنجە شلکردن لەگەڵیدا بەبێ چەند و چۆن کوشندەیە."
5- وەختێک بەگومان دەبیت لەوەی چۆن کۆتایی بە چاپتەرێک بهێنی، پیاوێک بێنە بە چەکێکەوە. (ئەمە ئامۆژگاریی ڕەیمۆند کاندڵەرە، نەک من. من ئەمە تاقی ناکەمەوە).
6- هەتا دەست و پەنجەت نەرم نەکردبێ لەگەڵ ئەزموونی فۆرم — گرێ و لێڵی و ناڕوونی — ئەوا وریا بە لە ئەگەری گونجانی پەرەگرافەکان.
7- ببە ڕەخنەگر/ ئیدیتەری خۆت. بەسۆز بە بەڵام بێڕەحم.
8- هەوڵ مەدە خۆت بخەیتە نێو خوێنەرانێکی ئایدیاڵەوە — یاخود هەر خوێنەرێک. وی/ وێ دەشێ هەبێ — بەڵام کەسێکی دی دەخوێنێتەوە.
9- بخوێنەوە، ڕەقیب بە، بەچڕی گوێ هەڵخە! وەک ئەوەی ژیانت لەسەر ئەوە بەند بێ.

لەبارەی ئەو پرسیارەی کە ئایا بە کۆمپیوتەر یان چ ئامێرێکی دیکە دەنووسێت، ئۆتس وەڵامی ماڵپەڕی بووزفید دەداتەوە: "زۆرتر بە دەست دەنووسم، بەشی زۆری یاداشتەکان و تێبینییەکانم. هەرچەندە کۆمپیوتەر هەموو شتێکی گۆڕی. ئەگەر جەیمس جۆیس بە کۆمپیوتەر ئیشی لە ڕۆمانی "شەونخونیی فینیگنەکان"دا کردبا، لەوانە بوو هێشتاش هەر خەریکی ئەو ڕۆمانە بووایە چونکە کۆتایی نییە، دایمە شتێکی تر زیاد دەکەیت و دەنووسیت. بۆ ئەوەی (یولیسیس)ی بنووسیایە حەوت ساڵی پێدەچوو، لەوانەشە یەک لەسەر سێی یاداشتە پەراوێزخراوەکانی دیکەشی بۆ زیاد کردبا!"

سەبارەت بە سەرەتاکانی نووسینی، ئۆتس دەڵێت "لە تەمەنی سێ یاخود چوار ساڵانیدا بوو ئەوەم لە خۆمدا کەشف کرد کە دەتوانم چیرۆک بگێڕمەوە، وێنەیەک دواتر چەند وێنەیەک، وشەیەک پاشان چەند وشەیەکی دیکە، ئەو چیرۆکانەی دەیگێڕینەوە ئەو چیرۆکانەن بۆمان گێڕدراونەتەوە."

دواتر هەر لەهەمان وتاردا کە لە 1982/11/7 لە نیویۆرک تایمزدا بڵاوبووەتەوە، نووسیویەتی "حەزی خوێندنەوە جۆرە لیکێکت بۆ ئارەزووی نووسین تێدا دەڕژێنێ."

ئامادەکردنی: هەژار عوسمان

جۆیس کارۆل ئۆتس، لە 16ـی جوونی 1938 لە لۆکپۆرت، نیویۆرک لەدایک بووە، یەکێکە لە ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شیعرنووس و وتارنووسە پڕفرۆشەکان لە ئەمەریکا. هەژاری، توندوتیژی، ئەڤینی تاریک و جیاوازیی ڕەگەزی، بەنزیکەیی، لە تەواوی کارەکانیدا هەن. بەهۆی نووسینەکانیەوە چەند خەڵاتێکی وەرگرتووە: خەڵاتی نێونەتەوەیی بۆ کتێب لە ساڵی 1969 بۆ ڕۆمانی "ئەوان". هەردوو ڕۆمانی (پاییزەکان) لە 2004 و (کچەکەی گراڤیدیگەر) لە 2007.دوو جاریش (خەڵاتی ئۆ هێنری) وەرگرتووە لە ساڵەکانی 1967 و 1973. هەروەتر دوو جار بەربژێری خەڵاتی پولێتزەر بووە.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# شەنگال

هەر وەک چۆن نزیکەی هەموو مشتومڕی سیاسیی کوردستان لە چەلەحانێی نێوان ژنانی گەڕەکە میللییەکانی کوردستان دەچن، ئاواش شەڕی شەنگال، پتر لە شەڕە گەڕەک دەچێ. ئاخر تەنانەت مامۆستای وێنەکێشانیش لە قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا، ئەو ڕاستییە دەزانێت کە یەکەم پرەنسیپی شەڕ، نهێنییە. ئەها داعش نیوەی مووسڵی گرت، کەچی هێشتا سێ چارەکی سوپای عێراق وەئاگا نەهاتبوونەوە. ئەو تەکتیکە تەنیا لای کورد هەس، هێشتا شەڕی ئازادکردنەوەی شەنگال دەستی پێنەکردووە، کەچی لەملاوە شەڕە قسە و توانج لە نێوان پێشمەرگە و شەڕڤان هەڵگیرساوە. ئەوە چ تاکتیکێکە گەورەترین شەڕی سەربازی و سیمبولیکی کورد لەگەڵ داعش، بابەتی گفتوگۆی نێوان شوفێری تاکسی و نەفەرەکانی، نانەوا و موشتەرییەکانی یان وەستا و شاگردەکانی بێت؟! ئاخر ئەو شەڕە پێی دەگوترێت ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی شەنگال، یان پرۆسەی خۆکردن بە سکانداڵ؟

ڕێزدار لاهوور تاڵەبانی لە ئامریکا دەڵێ: لەوەتای شەڕی داعش دەکەین، یەک کۆبوونەوەشمان لەسەر ئەو شەڕە نەکردووە. هەڵبەت باسی کۆبوونەوەی هەردوو بەشی دژەتیرۆری ئەمبەر و ئەوبەری دیگەڵە دەکات. جا قوربان ئێوە شەڕێک کە هێشتا دەستتان پێنەکردووە بووەتە بنێشتەخۆشەی سەرزاری خەڵک، داخۆ ئەگەر کۆبوونەوە بکەن و خوانەخواستە نهێنی و شت باس بکەن چۆن دەبێ؟ بۆ نایەی گرەو بکەین پێش ئەوەی ئێوە کۆبوونەوە تەواو بکەن، تەوەرە سەرەکییەکانتان لە فەیسبووکدا بووەتە کەرەستەی نوکتەی ئەحۆل.

تاوانی ئەحۆلی تێدا نییە کە ئێوە بوونەتە کەرەستەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی، خەتای خۆتانە قوربان، ئاخر کە ئێوە لە سلێمانییەوە تا ئامریکا بچن بۆ ئەوەی حەیای خۆتان ببەن، ئەحۆلی کلۆڵ چی بکات؟ ئێوە هەرگیز بەرپرسێکی باڵای سی ئای ئەیتان بینیوە، بچێ لە چین کۆنفرانس ببەستێ و ناموسی دەزگاکەی خۆی ببات؟ هەرگیز بیستووتانە ئەفسەرێکی پایەبەرزی کەی جی بی، کەموکوڕیی دەزگاکەی خۆی هەڕاج کردبێت؟ جا قوربان کە ئێوە نهێنیی دەزگاکەی خۆتان پێ ناپارێزرێت، بۆ گلەیی لە میدیاکارێکی کلۆڵ دەکەن ئەگەر باسی ژمارەی هەمەرەکانتانی کرد؟ بۆچی داعش لە کامیان سوودی زیاتر دەبینێت، ئەگەر دە دوازدە پێشمەرگەی لە پێش کامێرا بینی بە مۆبایل قسە لەگەڵ کەسوکاریاندا دەکەن، یان ئەگەر لە زاری بەرێزتانەوە زانیی کە ناکۆکیی گەورە لە دەزگای پاراستنی ئاسایشی هەرێمدا هەیە و تا ئێستا جڤینێک هەمووتانی کۆنەکردووەتەوە؟

کورد نەوت بە شەفافی نافرۆشێ، بەڵام شەڕ بە شەفافی دەکات. لە لووتکەی ناکۆکیی سیاسیدا، وەزیری دارایی، پشتی دکتۆر ئاشتی لە زەوی نەدا، کەچی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم، هەر بۆ پڕکردنەوەی پێنج دەقیقە قسەکردن، ناموسی دەزگاکەی خۆی هەڕاج کرد.

پێشبینی ناکەم بەم زووانە شەڕی داعش بەرۆکی کورد بەربدات، خۆ لەبەر ئەوە نا کە خوانەخواستە پێشمەرگەی کوردستان دەرەقەتی داعش نایەن، لەبەر ئەوەش نا کە داعش هێزێکی لەبن نەهاتووە، نەخێر قوربان لەبەر ئەوانە هیچیان نییە، تەنیا هۆکار ئەوەیە هەر کەسێ لە جێی داعش بێ، لە کورد خۆشتری دەستناکەوێ شەڕی لەگەڵدا بکات.



عارف قوربانی

# کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات؟

ئەگەر لە رابردوودا بەچاوێکی پڕ لە ئومێدەوە روانیبێتمانە هەنگاوەکانی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و باوەڕمان وابووبێت بەرەو کەناری ئارامی و بەدیهاتنی ئامانجەکان هەنگاو دەنێت، ئەوە لە ئەمڕۆدا پێویستە بە هەڵوەستە لەسەرکردنەوە بپرسین کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات؟

ئەوەی دەگوزەرێ و ئەوەی وەک پێشهات و ئەگەرێک چاوەڕوانمان دەکات، نەک مایەی خۆشحاڵی نییە، بەڵکوو دۆخێکی پڕ لە ترس و نیگەرانییە. پێش کەمتر لە دوو ساڵ لە هەلومەرج و قۆناغێکدا بووین بەخەونیش نەمانبینیبوو، لەناو عێراقێکی شێواو، لەناو ناکۆکی و ئەگەری بەریەککەوتنی سوننە و شیعەی عەرەب، هەرێمی کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ باڵای دەکرد، سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەجۆرێک خۆی سەپاندبوو، خەریک بوو ئاسەواری براکوژی و نەهامەتیەکان سارێژ دەبوون، نەک ناومالی کورد لەم هەرێمە، بەڵکوو خەریکی ئاشتەوایی و رێکخستنی نێوان کوردانی پارچە داگیرکراوەکانی تر بووین.

بەڵام ئێستا کەوتووینەتە ناو گێژاوێکەوە ئەگەر زوو بە ئاگا نەیەینەوە و خۆمان لەسەر پێیەکانمان نەگرینەوە، ئەم گێژاوە لەگەڵا خۆیدا پەلکێشمان دەکات. رووداوەکان و دۆخی ناوچەکەش یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی زیاتر پەلکێشی ناو گێژاوەکە بین، ئەمەش بە واتای ئەوەی ئەرک و بەرپرسیارێتیەکەمان قورستر و سەختترە و لە ئەگەری خزانی پێیەکانمان، هەستانەوەمان ئێجگار زەحمەتە.

ئەگەر تەماشایەکی چەند وڵاتێکی ناوچەکە بکەین (عێراق و سووریا و لوبنان) کە رووداوەکانیان زۆر نزیکن لێمانەوە، تەماشای دۆخی ئەو وڵاتانە بکەین ئێستا لە کوێن و بەرەو کوێ دەچن، تەمەنی چەند نەوەی تریان پێویستە تا بگەڕێنەوە سەر پێکەوەژیانێکی ئاسایی و ئاشتیانە. ئەوانیش سەرەتای نەهامەتیەکانیان بە تێکچوونی نێوان هێزە سیاسیەکان دەستی پێکرد و دواتر گوازرایەوە بۆ تێکچوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتی.

لە دەرەوەی ئیرادەی خۆمانەوە هێزگەلێک کار بۆ ئەوە دەکەن هەمان ئەو زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە لای ئێمەش بۆ کەشێکی لەو جۆرە بڕەخسێنن کە چارەنووسی ئەم هەرێمەش بەدەردی ئەو وڵاتانە بەرن. لەوێ قۆناغی یەکەمیان لە نەهێشتنی ئیرادەوە دەست پێکرد، ئیرادەی سیاسی و شەلەلکردنی بەڕێوەبردنی وڵات کە دەخوازرێت هەرێمی کوردستانیش ئەو رێچکەیە بگرێتەبەر. ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵە نەکەین، بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین کاتێ بە ئاگا دێینەوە هیچ ئیرادەیەک لە دەستی خۆماندا نەماوە و تەسلیمی ئەو چارەنووسە دەبین کە هیچ ئاسۆیەکی روون لەبەردەمیدا نییە.

ئەوەی ئێستا لای ئێمە دەگوزەرێ، هێشتا قابیل بەوەیە رێی لێبگرین، کێشەگەلێکن دەتوانین نەهێڵین زیاتر ئاڵۆز بن و برینەکانیان قووڵ ببێتەوە. هێشتا بەشی ئەوە دەرفەت ماوە ئیرادەی خۆمان لەدەست نەدەین و لەناو ماڵەکەی خۆمان چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکانمان بکەین. بەڵام مەرجی سەرەکی بۆ ئەمە خۆداماڵینمانە لە رق و کینە و پیلانگێڕی لەیەکتری و قبوڵکردنی یەکترییە وەک ئەوەی کە هەین. پاشان دەبێ چەند هەنگاوێک بگەڕێینەوە دواوە بۆ پێش سەرهەڵدانی کێشەکان و ئاڵۆزبوونیان. دەبێ پشوویەک بدەین نەک بۆ خۆئامادەکردن بۆ جەولەیەکی تری پیلانگێڕان لە یەکتر، بەڵکوو پشوویەکمان پێویستە بۆ داماڵینی ئەو خراپەکاریانە لە خۆمان و بۆ ئەوەی خۆمان ببینین کە کەوتووینەتە کوێی رووداوەکانەوە. بە ئاگا بێینەوە لەوەی خەریکی چین، بە هەمووومان کوردستان بەرەو کوێ دەبەین؟

واقیعی وڵاتێکی وەکوو ئێمە بە حوکمی وابەستەییمان بە رووداوگەلێکی خوێناویی نێوانمانەوە، زۆر یارمەتیدەرە بۆ پارچە پارچەبوون و سەرهەڵدانی گرووپ و هێزگەلی جیاجیای وەک ئەوەی ئێستا لە سووریا و عێراق دەیبینین. ئێستا لە سووریا ساغکردنەوەی ژمارەی گرووپە چەکدارەکان و ناسینەوە و رایەڵە و وابەستەییان رەنگە کارێکی زەحمەت بێت. بەدڵنیاییەوە عێراقیش دۆخێکی خراپتر چاوەڕوانی دەکات. لە کاتێکدا بەحیساب خاوەن سوپای نیزامیی دەوڵەتە، کەچی ژمارەی گرووپە جیاجیاکانی میلیشیای رێگەپێدراوی چەکدار لەژێر ناوی حەشدی شەعبی، لە ژمارەی سوپاکەی زیاترە و نە سوپاسالار و نە سەرۆک وەزیران و نە سەرۆک کۆماریش دەسەڵاتیان بەسەریدا نییە.

کوردستان تا ئێستا بە یەکگرتوویی ماوەتەوە، ئەوەی هەیە ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسیەکانە، بەڵام ئەگەر بەدوای چارەسەری ناکۆکیەکاندا نەگەڕێین، کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ئاسانی زەمینەی ئەو پەرتەوازەییەی تێدا دروست دەکرێت.

دوور نییە نەیارانی کورد خواست و پلانی لەو جۆرەیان هەبێت و لەژێر هەیمەنەو کاریگەریی ئەوانیشدا کێشەکانی ئێمە بەو ئەندازەیە ئاڵۆز بوون کە لە بنەڕەتدا ئاوا ئاڵۆز نین تا چارەسەر نەکرێن، جۆرێک لە بێدەربەستی و خۆدوورگرتن لە چارەسەر و خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتیش لەناو ماڵی کورد، گومانی ئەوە دروست دەکات کە بەشێک بێت لە ئەجندایەکی مەترسیدار بۆ ئامانجێکی لەو جۆرە، کە کێشەو پێگەی هێز و ئاراستەی گرووپەکان لە دەرەوەی دامەزراوەکان بێت، نابێت ئەم مەترسییە بەکەم بزانرێت یان بێ بایەخ تەماشا بکرێت.

بەگشتی ئەوەی هەیە، کوردستان لەسەر رێچکە و ئاراستە دروستەکەی خەریکە دەترازێت. قۆناغێکی هەستیار و مەترسیدارە، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی لە دۆخێکی وەک ئێستادا سەنگی مەحەک و پێوەری هەڵسەنگاندنی رابردوو و ئێستا و داهاتووی هێز و خەباتگێڕانی کوردستانە، کە کوردستان ئێستا لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە بڕیاری ئازایانەیە بۆ تێکشکاندنی ئەو بەربەست و لەمپەرانەی لەنێوان یەکڕیزی و تەبایی ناو ماڵی کورد دروست بوون. ئەرکی ئەم قۆناغە شکاندنی ئەو بەربەستانەیە کە دەستمان دەخاتەوە ناو دەستی یەک. چونکە ئەوەی زەمینەی ئاڵۆزبوونی دۆخەکە دەخولقێنێ، تێکچوونی یەکێتیی نێوانمان و ئەوەی دڵنیایی ڕەوینەوەی مەترسیەکەش دروست دەکات، یەکێتیی نێوانمانە.



ناسر باباخانی

# لاساری و وێکهەڵکردن

ئەدەبی زارەکی ئاوێنەی باڵانوێنی رەفتاری تاک و کۆمەڵی کوردە. بەیتەکان وەک گەنجێکی سەربەمۆر بۆ ئەوە دەبن کە پاش سەدان ساڵ خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆییان بۆ بکرێ و لەگەڵ واقیعی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بەراورد بکرێن. یەکێ لەم چەمکانە کە وەک دیاردەیەکی زەق و وەک تایبەتمەندییەکی نەرێنی لە کارەکتەری سەرەکیی بەیتەکاندا دەبینرێ "لاساری"یە! لاساری لە بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتیدا لێکەوتەی نەرێنی لەدوای خۆی بەجێدێڵێ و دواجار بەر بە گەشەی کەسێتی و کۆمەڵایەتی دەگرێ و دەبێتە هۆی پێداگریی تاکێک، تاقمێک، کۆمەڵێک و حیزبێک لەسەر دەنگی نارەوای خۆی! دیارە کەم نین ئەو نموونانەی کە لاساریی هەندێ تاک یان لایەنی سیاسی وڵاتێکی بەرەو هەڵدێر بردووە و هەندێ نەوی کێشان و تەنازول دەیتوانی پێش بە کارەساتەکە بگرێ.

لە بەیتی لاس و خەزاڵدا، کاتێ لاس بە تیری چڵکنان دەپێکرێ، خۆ ئەگەر هەر ئەوکات تیرەکەی لە شلکەی رانی دەرکێشابا، ژاری تیرەکە بە دەمارەکانیدا نەدەگەڕا و گیانی نەدەسپارد، بەڵام لاساری بۆ سەلماندنی ئەوینەکەی بەرامبەر بە خەزاڵ وای لێکرد ئەم کارە نەکا. لە بەیتی خەج و سیامەندا، ئەگەر سیامەند لەخۆڕا ملی دەبەر ملی کەڵیچە نەنابا، بە زەبری شاخی کەڵیچە بە پەلی دارەبەنێ نەدەبووەوە و ئەو چارەنووسە تراژیدییەی بە نسیب نەدەبوو. پێشکەشکردنی خاتووزین لەلایەن قەرەتاژدینی برایەوە بۆ کاکە مەم لە کاتی کایەی نەردێندان ئەویش سێ جاران و قەبووڵنەکردنی لەلایان مەمەوە رێک ئەم لاسارییەیە کە بەرۆکی مرۆڤی کوردی بەدرێژایی مێژوو گرتووە. لە مێژووی هاوچەرخیشدا نموونە زۆرن بۆ سەلماندنی ئەو راستییە کە بەدەر لە داو و تەڵەکەی دوژمن و نەیارەکەی، لاساریی خۆی لەگەڵ خۆی هۆکاری بەشێکی گەورەی نسکۆ و هەرەسەکانی بووە. واتە لە چەمکی لاساریدا "ئەوی تر" بوونی نییە بەڵکوو ئەوە خودی خۆیەتی کە لەگەڵیدا دەکەوێتە دژایەتی!

ئەم دیاردەیە تەواوی کەلێن و قوژبنی ژیانی تاک و کۆمەڵی کوردەواریی تەنیوە، لاساریی رەشۆکی و لاساریی بژاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دۆخی ژیانیان بەرەو ئاقارێک بردووە کە نەک لە ناوخۆی کۆمەڵگای کوردیدا، بەڵکوو لەلای بێگانەش روخساری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد خەوشدار بووە، دوور نەڕۆین 12ی ئۆکتۆبەر بوو واشنتن پۆست سەبارەت بە گرژییەکانی باشوور لە سلێمانی و هەڵەبجە نووسی: کوردی عێراق کاتێ بەهێز دەبن مل دەبەر ملی یەکتر دەنێن! ئەم پەتا لێوەگرە رەنگە لەناو خەڵکی ئاساییدا شوێنکەوتێکی نەرێنی کۆمەڵایەتی بنێتەوە، بەڵام کاتێ لاساری دەگاتە ئاستی بژاردەی سیاسی، دەبێتە هۆی لەکیسچوونی دەسکەوتیگەلێ کە بە رژانی خوێنی هەزاران شەهید و کاولبوونی ماڵی خەڵک وەدەست هاتووە. ئەم هەڵڵا و هەنگامەیەی ئێستای باشوور جگە لە لاساریی سیاسیی لایەنەکان هیچی تر نییە، پاوانخوازی پەیەدە لە رۆژئاوا لەمەڕ دژایەتی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە جگە لە لاساری هیچی تر نییە، یەکنەگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات بێجگە لە لاساری بەدڵنیاییەوە هیچی تر نییە.

خەساری سەرەکیی لاساری ئەوەیە کە رەوتی پرۆسەکان و دانوستاندنەکان و هاوکێشە سیاسییەکان بە جۆرێ دەخاتە بنبەستەوە و بە چەشنێ رەوتەکە وەها درێژخایەن دەکاتەوە کە دواجار خەڵک و لایەنەکان تووشی چەشنێ تاقەتپڕووکێنی دەکا و ئاستی تابشتی خەڵک و لایەنەکان تا رادەیەکی بەرچاو نزم دەکا و دەرئەنجامەکەی رەنگە هەڵەی کوشندەی لێ بکەوێتەوە وەک توندوتیژی یان سازبوونی جەریاناتێکی پێکهاتەشکێن کە لە نۆرمی سیاسەتکردن لادەدەن.

ئەوەی کە لە فەرهەنگی سیاسیدا دەتوانێ پاشەکشە بە لاساری بکا، Tolerance یان وێکهەڵکردنە. وێکهەڵکردن سەرەڕای ئەوەی کە وەک چەمکێک لە دێرزەمانەوە بوونی هەبووە، لە ڕوانگەی مێژووییەوە وەک دوکتورینێک لە بیر و کردەوەی سیاسی لە نێو جەرگەی شەڕە ئایینییەکانی سەدەی شازدەدا خویا بوو. لە ڕاستیدا وێکهەڵکردن بەرهەمی پرۆتێستانیزمە، ئەوکات کە شەڕی نێوان باوەڕە مەزهەبییەکان و بیرە دژبەرەکان ڕێی لە هەر چەشنە سازان و پێکەوەهەڵکردنێک گرتبوو، لە جەنگەی ئەم شەڕەدا چەمکی وێکهەڵکردن یان بە واتایەک سینگفراوانی بۆ بەرگری لە توندوتیژی و کوژرانی زیاتری ئینسانەکان بەئەسپایی، وەک ڕێکارێک خۆی خزاندە نێو کێشەکەوە. ئێستاش لەداوی سەدان ساڵ، چەمکی وێکهەڵکردن لە کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکانی وڵاتانی پێشکەوتوودا دژ بە چەمکی لاساری بووەتە هۆی بەدیهاتنی ژیانێکی هێمنانە و بەدوور لە توندوتیژی. کارڵ پۆپەر پێیوایە ئەگەر سنوورەکانی وێکهەڵکردن بترازێن، کۆتایی بە ژیانی پێکەوەهەڵکردن و بەیەکەوەسازان دێ و ئەمە مەترسییەکی یەکجار گەورەیە. هەربۆیە بۆ ئەوەی سنوورەکانی وێکهەڵکردن نەبەزێندرێن، هێورکردنەوەی دۆخ، دیالۆگ و سازان مەرجی بنەڕەتین. ئەگەر لاساری و وێکهەڵکردن دوو رووی یەک دراو بن، ئەوە لە سەرەتای مێژووی کوردەوە تا هەنووکە لاساری وەک پشکی شێر بەردەوام وەبەر کورد کەوتووە!



بەرزان عەلی حەمە

# شەڕی ئاغاکان

تەنیا لە کوردستان و هەندێ وڵاتی دواکەوتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاتێک دوو سەرکردە دژایەتی یان ململانێی یەکتر دەکەن، بەدوایاندا چەند خێڵێک بە یەکدا هەڵدەشاخێن. شەش تەلەفزیۆن و پەنجا رۆژنامە و بیست گۆڤار و هەزار و یەک پەیجی بێ دایک و باوکی فەیسبوک و دووسەد سایتی ئاژاوەچی، جنێو بەیەک دەدەن!

گەر من و تۆ دژی یەک بین، باری دەروونیی خۆمان تێکدەدەین، بەڵام گەر دوو سەرکردە دژی یەک بن، باری دەروونیی هەموومان تێکدەدەن. هەمیشە لە کوردستان شەڕی سەرکردەکان، بە سەلامەتیی خۆیان و خانەوادەکانیان و قوربانیدانی رەعییەت کۆتایی هاتووە! بەپشتبەستن بە زانستی کۆمەڵناسی و ئەو سەرچاوە مێژووییانەی کە لەمەڕ کورد لەبەردەستدان، ئەوە روون دەبێتەوە کە ئەم قەومە، لە گوێڕایەڵیی سەرکردە و سەرۆک خێڵ و ئاغاکانیان بۆ شەڕکردنی یەکتری، زۆر بەدەستوبردن، ئەو گەڕیدە و گەشتیارە بیانیانەی کە روویان لە کوردستان کردووە، لە دەستنووسەکانیاندا ئەمەیان بەباشی تێبینی کردووە.

مێجەرسۆن کاربەدەستی ئینگلیز کە لەساڵی 1910 رووەدەکاتە سلێمانی، لەبارەی کورد دەڵێت: "ملکەچیی کوێرانەیان بۆ فەرمانی سەرکردەکانیان زۆر سەیرە! ئەمساڵ گرووپێکی 10 کەسیم لەو کوردانە بینی کە لەشەڕ گەڕابوونەوە، خۆیان 50 شەڕکەر بوون کە لە شەڕ و تێکچڕژانێکی سەختدا پەکیان کەوتبوو، منیش پرسیارم لەبارەی هۆی شەڕەکە کرد، کەس نەیدەزانی، وەڵامەکەیان تەنیا ئەوە بوو: سەرۆکەکەمان گوتی بچن لەگەڵ پیاوەکانی حەمە بەگ شەڕ بکەن و ئێمەش کردمان!"

ئێستاش ئەگەرچی کورد وەکو هەر میللەتێکی تری دونیا، سەروکاری لەگەڵ جیهانی تێل و نێت و گلۆباڵ یان بەقەولی پەشێو: شارستانێتی دوگمە و وایەردا هەیە، بەڵام بەشێکی زۆریان، لەڕووی پێکهەڵشاخان و مامەڵەی جەنگ و ململانێی یەکترەوە، هێشتا لەسەر رێساکانی باپیرانیان ماونەتەوە و زۆربەی ئەو شەڕانەی کە لەدژی یەکتری دەیکەن، وەک مێجەرسۆن دەڵێت، نازانن لەسەر چییە، چونکە لە بنەڕەتەوە شەڕی ئاغاکانیانە نەک هی خۆیان!

تێکڕای شەڕ و ئاشووبەکانی کوردستان، سەرەتا ئاغاکان هەڵیاندەگیرسێنن و دواتر غوڵامەکان بۆیان تەواو دەکەن! من جارێکی تریش گوتوومە: ئەو خێراییەی کە دوو کورد بۆ شەڕکردنی یەکتری هەیانە، هەرگیز ئەو خێراییە نییە کە لەشەڕکردنی دوژمنەکەیاندا هەیانە!

کورد ئەگەرچی رابردووەکەی پڕیەتی لەشەڕکردن، هەم لەگەڵ خۆیان و هەم لەگەڵ بێگانەدا، بەڵام زۆریش شانازی بە رابردووەوە دەکەن. هێنری بێندەر، یەکێکی تر لەو گەشتیارانەی کە دەوڵەتی فەرەنسا نزیکەی 120 ساڵێک پێش ئێستا ناردی بۆ کوردستان، لەبارەی کوردەوە دەڵێت: "کورد کە دۆستی گەورەی چەکن، هەمیشە حساب بۆ کەسێک دەکەن کە باش چەکدار بێت!" گەر دادوەرانە لەم قسەیەی 120 ساڵ پێش ئێستای هێنری بێندەر بڕوانین، ڕاستی تێدا بەدی دەکەین! ئێستاش ئەو حیسابەی کە حیزبێکی چەکداری کوردستان بۆ حیزبێکی تری چەکداری دەکات، ئەو حیسابە نییە کە بۆ حیزبە بێ چەکەکانی دەکات!

تا ئێستاش کەم ماڵی کورد هەیە کە وەک کەرەستەیەکی پێویست لەچەک نەڕوانێت و هەر لانیکەم دەمانچەیەک یان کڵاشینکۆفێکی تێدا نەبێت، حەزی چەکداری، ئەگەرچی لەئێستادا بارێکی ناسیۆنالیستیانەی بەخۆوە گرتووە، بەڵام لە ڕابردوودا لەپاڵ بەرگریکردن لەبەرامبەر بێگانەدا، بۆشەڕکردن و قڕکردنی یەکتریش بەکارهاتووە!

من وای دەبینم هەر میللەتێکی ئەم دونیایە، ئەگەر دەست نەکات بە تانەدان لە میراتە خراپەکانی خۆی، هەرگیز ناتوانێت هەنگاو بنێت بەرەو پێشەوە! مێژووی کورد ئەگەر ئەو جەنگانەی لێ لابەیت کە لەگەڵ خۆیاندا کردوویانە، چەند لاپەڕەیەکی کەمی دەمێنێتەوە دەربارەی جەنگ لەگەڵ دوژمنەکانیان !

دەبێت چایخانە و ماڵ و باڕ و حیزب و مەیدانی سەوزەفرۆشان لەچەک داماڵرێت و چەکەکان ڕادەستی دامەزراوەی فەرمیی دەوڵەت بکرێت، بۆئەوەی کە دوو سەرکردە لەیەک تووڕە بوون، بە یەک پێ لە عەرزدان، بیست هەزار چەکدار کۆنەبێتەوە! بۆ ئەوەی زەندەقی هیچمان لەیەکەی حەفتا و یەکەی هەشتا نەچێت، چەک بۆ دەوڵەت و سیاسەت بۆ سەرکردە و حیزب! ئیدی هەرچی ڕووبدا، خۆ من هیچ لەدەست نادەم، هەموو کوردستان ئاو بیبات، ڕەنگە من تەنیا گۆرەوی و قۆنەرەکانم تەڕبێت، وشککردنەوەی ئەمانەش ئاسانە!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ماموستا جەعفەر

# یەکێتی لە سەردەمی گلۆبالیزمدا

کتێبی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەردەمی گلۆبالیزمدا) بەناو کتێبێکی تری (مامۆستا جەعفەر)ەو ناوی ئەو لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە و هەرچی لەسۆنگەی ئەم کتێبەدا بەرپرسیارێتی دێتە پێشەوە، ئەو خۆی بەتەنیا، لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە لەئەستۆی دەگرێت. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم کتێبە لەسەر پێشنیاز و داوای ژمارەیەک سەرکردە و کادری ناوداری سیاسی و پێشمەرگەیی نووسراوە و تێڕوانین و بۆچوون و ڕامان و لێکدانەوەی ئەوانی تێدا چڕکراوەتەوە.

ئەم سەرکردەو کادر و ئەندامانە، سەرجەمی ڕەشنووسەکەیان بینیوە و سەرنج و تێبینیی خۆیان لەسەر زۆربەی بابەتەکان نووسیوە و هەندێ ڕستەیان لێ دەرهاویشتووە و کۆپلەی گرنگیان سەرلەنوێ مشتوماڵ کردووەتەوە و بەشێکیان پێیان باش بوو نێویان لەسەر بەرگی کتێبەکە بنووسرێت. بەڵام پاشان ئەوە بەباش زانرا، تەنیا ناوی یەک کەسی لەسەر بنووسرێت بۆ ئەوەی ڕاڤەکاریی سیاسی هەڵەی بۆ نەکرێت!

زۆربەی زۆری ئەم سەرکردە و کادر و ئەندامانە، پاش شیکاری و تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و باری ناوخۆی (ی.ن.ک) ئەوەیان بەباش زانی، ئەم کتێبە وەکو خۆی بڵاوبکرێتەوە و هەندێ پاژی بۆ کاتێکی تر هەڵبگیرێت. چونکە ئەگەر یەکێتی بیەوێت سوودی لێوەربگرێت، ئەوە ئەم کتێبە نەخشەڕێگایە و وێستگەکان لەبەر چاوان دانراون. یەکێتی دەتوانێت گەورەترین قازانجی لێ بکات و چاوێک بەڕەوتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیدا بگێڕێت و هەڵەو کەموکورتییەکان ڕاست بکاتەوە.

گریمان سەرکردایەتی بەلایەوە زەحمەت بوو، بۆچوون و تێگەیشتنی ئەندامێکی خواری خوارەوە بەگەشبینییەوە ببینێت و لەڕوانگەی هاوکێشەی دەستەگەری و باڵباڵێنەوە سەیری بکات و خەتی چەپ و ڕاستی بەسەردا بهێنێت! ئەوە گومانی تێدا نییە قەیرانەکان قووڵتر دەکاتەوە!

هۆکاری یەکگرتنەوەی ئەم هەموو سەرکردە و کادر و ئەندامانە لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێبێک دەربارەی هەڵوێست و بیروڕا و هێڵی سیاسیی (ی.ن.ک) تەنیا گیانی بەرپرسیارێتی و بەئاگا هاتنەوەیانە لەسەر گەورەیی مەترسییەکان و هەستیاریی ئەم قۆناغە.

یەکخستنەوەی بیروڕا و بۆچوونەکان لە کتێبێکدا کە ڕەنگدانەوەی دڵەڕاوکێ و خەمی هاوبەشە، بەرامبەر سیاسەتی بێباکی و بەتەنگەوە نەهاتن و پەراوێزخستن، کە بەشێک لە سەرکردایەتی پەیڕەوی دەکات، بەخۆی بزانێت یان نەزانێت سیاسەتی دژ بە سۆسیال — دیموکرات جێبەجێ دەکات و لەسەر "فەلسەفەی نیولیبرالیزم" دەڕوات: پشتگوێخستنی خەباتی سیاسی و چالاکیی سیاسی لەناو ئۆرگانەکانی دەوڵەت و حکومەتدا و تەنیا لەبەرچاوگرتنی بووژاندنەوەی بازاڕی ئابووری و قازانج و داهاتی ژمارەیەک سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و ئەندازیار و کارمەندی سیاسی — ئابووری، ئەمە هەر هەمووی رووباری فەلسەفەی نیولیبرالیزمە. سەرکەوتنی "حیزب" تا ئەو ڕادەیە لایان گرنگە کە خزمەتی بەرژەوەندییە مەزنەکانیان بکات و لەخزمەتی دەستکەوت و قازانجی ئەواندا بێت!

ئەم کتێبە چەندین تەوەر و مژاری گرگرتووی لەخۆ گرتووە، دەیەوێت: ڕێکخستن لەپەتای باڵباڵێن و دەستگەری و فراکسیۆنسازی بپارێزێت و تیشک بخاتە سەر ئەم بابەتانەی خوارەوە کە لەناو مەڵبەند و مەکتەب و دەزگاکانی (ی.ن.ک)دا زۆرترین قسەیان لەسەر دەکرێت:

1 – پڕۆژەی نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان.

2– پڕۆژەی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان.

3– بیری یەکێتی: سۆسیال — دیموکراتە یان نیولیبریالیزم؟

4– شێوەی کاری دەزگای دارایی و مەلەفی نەوت...

بۆ هەر ڕستەیەک کە لەم کتێبەدا نووسراوە، چەندین بەڵگە و دەلیلمان هەیە و هیچ قسەیەک نەنووسراوە بنەمای نەبێت و دۆکیۆمێنت لەبەردەستدا نەبێت. بەڵام بڵاوکردنەوەی هەر هەمووی بەجارێک بەباش نەزانرا و جارێ چاوەڕوانی و سەبر بەباشتر زانرا. پێمان باشە، سەرەتا: بەکتێبێکی بچووکی پڕ لە زانیاری و ئاماژەی سیاسی، زەنگێکی بچووک لێبدەین و هەموو لایەک ئاگادار بکەینەوە کە گرێکوێرەکان خەریکە لەوە ئاڵۆزتر دەبن لەوەی لە دوورەوە دەبینرێت. گابەردی کێشەکان لە هەڵدێر و بانگلۆز بوونەوە نزیکتر دەبێتەوە. هەرچەندە ئێمە پێشەکی ئەو ڕاستییە دەزانین، خاوەن بەرژەوەندییە مەزنەکان، گوێ بە خشەخشی ڕەخنە و پێشنیاز و پڕۆژەی سوودبەخش نادەن: پێیان باشە لێزمەی بارانی پێداهەڵدان و ستایش بەسەریاندا ببارێت.

ئەم کتێبە "مشتێکە لە خەروارێک" و لەپشت پەڵە هەوری زەرد و سوور و دیواری ئەستووری تەمومژەوە بەئاماژەی دوور و نزیک، قسە لەسەر هەندێک بابەت و مژار کراوە کە ڕۆژانە بەبەرچاوی ئەندام و کادر و لایەنگرانی یەکێتییەوە تێدەپەڕێت. ئێمە ئەگەر بزانین بڕیار بەدەستان بەخۆیاندا دەچنەوە و بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا دەکەن، ئەوە هەموو گەلی کوردستان دەستخۆشییان لێدەکات. بەپێچەوانەوە، دەستبەرداری سیاسەت و کاری ڕێکخراوەیی و دارایی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی باوی ئێستایان نەبن، ئەوە مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە.

---



سوهێر قەیسی *

# ئەوکاتەی چەلەبیم بینی

کەسایەتییەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو کەسێکی پۆزەتیف و نێگەتیف بوو بەپێی لایەنەکانی کەسایەتییەکەی . ساڵی 2010 بۆ یەکەمجار، یەکەم بەرنامەی دیبەیتیم لە نیشتمانی عەرەبیدا پێشکەش کرد کە لە ئەلقەکانی کۆتاییدا گۆڕا بۆ هەڤپەیڤینی تاکەکەسی لەگەڵ دیارترین پاڵێوراوەکاندا . یەکێک لەو کەسانەی کە لە ساڵی 2003 ئەلقەیەکمان بۆ تەرخان کرد، ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق و بانگەشەکاری سەرەکی ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن بوو.

لە ڕۆژی هەڤپەیڤینەکەدا ئەو ئۆتۆمبێلانە هاتنە نووسینگەی ئەلعەرەبییە لە بەغدا کە من و تیمەکەیان دەگواستەوە بۆ شوێنی چەلەبی . چووینە یەکێک لە ماڵەکانی لە ناوچەیەک کە ئێستا نازانم کوێ بوو. خانووێکی زۆر گەورە بوو، لەوێ ئینتیفاز قەنبەری یاریدەدەری چەلەبی پێشوازی لێکردین و چووینە نێو ماڵەکەوە. کە چووینە ژوورەوە بینیمان ماڵ نییە ، بەڵکو شوێنێکی زۆر سەرسوڕهێنەری کۆبوونەوەکانە ، تاوەکو گەیشتینە ژوورێکی بەتاڵ کە تەنیا کورسی و مێزێکی لێبوو. ئەحمەد چەلەبی لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو و کۆمەڵێک کاغەزی لەبەردەم بوو کە بریتی بوون لە دۆسیەی پەیوەندیی ژمارەیەک کەسایەتی لەگەڵ بەعس ، لەبەردەم ئێمە باسی ڕیشەکێشکردنی کەسایەتییە بەعسییەکانی لەگەڵ یاریدەدەرەکانی دەکرد کە ئەو سەرۆکی دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعس بوو، ئەوکاتیش لە هەڵبژاردنەکاندا دەستەکە زۆر بایەخی بەوە دەدا، بەڵام لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەستەکە زۆر بەوە تۆمەتباردەکرا کە ئامرازێکە بۆ لەنێوبردنی دژبەرەکانی نەک بۆ جێبەجێکردنی دادوەری . بەردەوام رکابەرەکانی و میدیا باسی ئەوەیان دەکرد .

حەزم نەکرد هیچ باسێکی لەگەڵ بکەمەوە پێش تۆمارکردن ، بۆ ئەوەی تەوەرەکانی هەڤپەیڤینەکە نەسووتێنم . ئینجا پێمگوت ئایا دەستپێبکەین؟ بەڵام ئەو گوتی حەزدەکات هەڤپەیڤینەکە لە ماڵەکەی لە کازمییە تۆمار بکەین.

بەوشێوەیە ئەو ماڵە سەیرەی ئەومان بەجێهێشت و چووینە ناوچەی کازمییە . ئەو سیاسەتکارە کۆچکردووە ئێمەی بەنێو ماڵە گەورەکەی خۆیدا گەڕاند کە شوێنەواری باوک و بنەماڵەکەی پێوە دیاربوو . ئەوکاتەی لەگەڵ ئێمەدا بەنێو ماڵەکەدا دەگەڕا ، باسی ئەو رابردووەی دەکرد کە هیچ کات لەبیری نەکردووە ، ئەوکات هەستم کرد هێشتا وەک منداڵێک چاوەڕێی باوکی دەکات لەسەر پێپلیکانەکانی ماڵە دەوڵەمەندەکەیان بۆ ئەوەی باسی ڕۆژەکەی خۆی بۆ بکات لە قوتابخانە . زەمەن ئەوی گێڕایەوە بۆ سەردەمێکی بەغدا کە ئەو زۆری خۆشویستووە . لێرەدا هەستم کرد کەسایەتی ئەو لایەنێکی دیکەشی هەیە، زۆر نەرم و گرنگتر لە لایەنە دەوڵەمەندەکەی کە لەماڵەکەی پێشتردا بینیم . هەروەک لە قسەکانی ئەوکاتیدا هەستم پێکرد ، ئەو زۆر کاریگەربوو بە رابردووەکەی و زۆر کاریگەربوو بە چیرۆکی ناچارکردنی بنەماڵەکەی بۆ بەجێهێشتنی عێراق ، هەروەک بڵێی نەیدەزانی کە قۆناغی بەعس تاهەتایە کۆتایی هات . ئەوەندەی رابردووەکەی لەبیربوو ، ئەوەندە لەنێوچوونەکەی لەبیر نەبوو، هەرچۆنێک بێت ، کازمییە ئەو شوێنە بوو کە چەلەبی زۆر خۆشیدەویست .

هەڤپەیڤینێکی زۆر خۆش و یەکێک لە باشترین هەڤپەیڤینەکانم لەگەڵی ئەنجامدا ، ئەوەی کە زۆریش پێی داخباربوو، ئەوەبوو کە دانی نا بەوەی ناتوانێ هیچ بکات بەهۆی هەندێ لە هاوکارە سیاسییەکانی کە حەزیان نەدەکرد هیچ شەریکێکیان هەبێت ، لەهەمان کاتدا هەستێکی زۆر ناخۆشی هەبوو کە ئەو بەشداربوو لە بانگکردنی هێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ عێراق ، پاش ئەوەی ژێرخانی عێراقیان تێکدا بەبێ ئەوەی بەڵێنەکەیان بە دروستکردنی عێراقێکی باشتر، بەجێبگەیێنن .

من هەست بەو ئازارە دەکەم کە چەلەبی کێشاویەتی لە ڕۆژانی دوایی خۆیدا ، بەتایبەتی کە بەچاوی خۆی نقومبوونی پارێزگاکانی دەبینی بە ئاوی باران و ئاوی پیسی ماڵان و بڵاوبوونەوەی کۆلێرا و کۆنترۆڵکردنی 40%ی رووبەری عێراق لەلایەن تیرۆریستانەوە .

زۆر سەختە بۆ ویژدانی هەر کەسێک کە بەرپرس بێت لەبەردەم مێژوودا لە ڕووخانی ئەفسانەی دیموکراسی لە وڵاتی لانکی شارستانییەکاندا . هیواخوازبووم کە ئەو سیاسەتکارە کۆچکردووە خاوەن بڕوانامە بەرزە و شارەزا ئابوورییە ، بە دروستکردنی داوودەزگاوە خەریک بووایە نەک بە تۆڵەکردنەوە لە رابردوویەک کە ناگەڕێتەوە .

---



لەتیف فاتیح فەرەج

# کەرکووک و کۆچ

هەر تەنیا لەم ماوە کەمەدا زیاتر لە 150 خانەوادەی کوردی کەرکوک بە خێزانەوە و بە ئومێدی بەهەشتی ئەوروپا، ڕێگەی مەرگی دەریای ئیجەیان تاقیکردووەتەوە و لەو ڕێگایەشدا خێزانێکی کەرکوکی بە تەواوی لەنێوچوون و چیرۆکە ئازاربەخشەکەیان چووە سەر هەزاران چیرۆکی خەمناکی دیکەی کوردەواری. لەو خانەوادەیە تەنێ باوکەکە بۆ مەینەتی مایەوە، چیرۆکی مانەوەی ئەو باوکە چیرۆکی شەریفی کوێخا عومەری ساتیم بیردەخاتەوە کە ئەنفال جگە لە خۆی هەموو ئازیزەکانی برد. لە ئەنفالدا چیرۆکی ئازاربەخشی وا زۆرە، مەلا عەبدولڕەحمانی کانی کوردە لە برا و دایک و خوشک و هاوسەر و منداڵ هەر خۆی مایەوە.

من نەمبیست لەبارەی ئەو خێزانە کەرکوکییەوە هیچ بەرپرسێکی کەرکوکی یان هەرێمی کوردستان قسەیەک بکات. چیرۆکی فڕینی ئەم خێزانانە هێشتا نەبووەتە هۆی ئەوەی هەڵوەستەیەک بە بەرپرسانی ئەم وڵاتە بکات. تۆ لەلایەکەوە باس لەوە دەکەیت کە دەبێ عەرەبەکانی دیالە و تکریت بچنەوە شوێنی خۆیان و لەلایەکی دیکەشەوە بە بێدەنگی سەیری ئەو کۆچە بە کۆمەڵە دەکەیت کە لە کەرکوکەوە قەتارەی بەستووە بۆ ئەوپەڕی دنیا!

دەی دەسەڵات ئەگەر نەتوانێ بەهەشتێک بۆ هاونیشتمانییەکانی دروست بکات دیارە کە خەڵک بەدووی بەهەشتدا سەرهەڵدەگرن. گیای نەمری لە ئەفسانەی گلگامشدا لەشوێنێکە لەودیوی باو بۆران و ئاگر و ئافاتەکەوە، ئێستا کە ئیجەو ڕێگەی قاچاخ بووە بە دۆزەخی کوردان، هەق نییە بە دوای ئەوەدا بگەڕێین کە چی بکرێ، ڕاستە کەرکوک ئێستا تا ڕادەیەک داعشی لێ دوورکەوتووەتەوە، بەڵام ئەوەتا هەر جارناجارێ بەرپرسێکی ئەمەریکی بە هەواڵێکی ناخۆش کایەکە دەباتەوە سەرەتا، مرۆڤ کە گوێی لە فەرماندەیەکی سەربازیی ئەمەریکا دەبێت بەکاوەخۆ دەڵێ "نەمانی داعش سێ بۆ پێنج ساڵی تری دەوێ"، یان هەندێک قسەی لەو جۆرەی کە گوایە ڕۆژ بە ڕۆژ لەبری ئەوەی داعش کەم ببێتەوە زیاد دەکات و تۆپی دۆزەخ دروست دەکات و تادوایی، ئیدی ئەوە پرسیاری ناوێت کە بۆچی خەڵک دەڕوات، ئەوەش لەولاوە بوەستێ کە دوای 12 ساڵ لە ڕووخانی بتەکە، هێشتا عێراق لە خراپترین وڵاتەکانی دنیایە لەڕووی گەندەڵییەوە، لەڕووی نەبوونی دیموکراسییەوە، لەڕووی کوشتنی ڕۆژنامەنووسان و تادوایی. کەرکوکییەکان دەیانەوێ لەو عێراقە دەربچن کە تا ئێستاش بەشێک لە بڕیاربەدەستە مووچە باڵاکانی کوردن، ئەو کوردانەی تەنانەت نەیانتوانیوە لانیکەم فشاری ئەوە بخەنە سەر بەغدا کە قووتی خەڵک بنێرێ، ئێ لە بارودۆخی بەم جۆرەدا هەر چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کەرکوکییەکان بڕۆن و سەری خۆیان هەڵبگرن، ئەمە لە کاتێکدا لە 2005ەوە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک هەر ئەو دەموچاوانەی رابردوون و ئەوانیش تا ئێستا نە لەبارەی چارەنووسی کەرکوکەوە، نە لەبارەی کێشە و قەیرانە بەردەوامەکانەوە هیچی ئەوتۆیان دیار نییە، بەتایبەت رووی دەمم لە لیستی برایەتی کەرکوکە کە بەرپرسیارێتی زیاتریان دەکەوێتە ئەستۆ. ڕەنگە هەبن بڵێن ئەوان لە رابردوودا هەندێک هەنگاویان ناوە و شتیان کردووە، بۆ نوێنەرانی خەڵک شتێک نییە ناوی ئێستا و رابردوو بێت.

من ناڵێم بەرگرتن لە کۆچ، بەڵام ئەگەر ئەم کۆچی بە کۆمەڵە چارەسەر نەکرێت و وەڵامی خواست و پێویستییەکانی خەڵک نەدرێتەوە، ئەوە خۆمان بە دەستی خۆمان بە شێوازێکی تر درێژە بە عەرەباندنی کەرکوک و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش دەدەین، ئاخر ئەگەر کەسانێک ئەرک بکێشن و ئاماری یەک مانگی نەخۆشخانەکانی منداڵبوون وەربگرن، ئەوسا ئەحمەد شەماڵ گوتەنی دەڵێین " کەر لە کوێ کەوتووەو کوندە لەکوێ دڕاوە" .

---



هێمن عەبدوڵڵا

hemen@rudaw.net

# گۆڕان قەدەغە دەکرێت؟

هەفتەی ڕابردوو لە دیداری مێری لە هەولێر نێچیرڤان بارزانی دەرگایەکی بەڕووی گریمانەیەکی گرنگدا داخست. ئەویش گریمانەی قەدەغەکردنی چالاکیی بزووتنەوەی گۆڕان بوو لە هەرێمی کوردستان. سەرۆکوەزیران ئەوەی بیری ئامادەبووانی دیداری مێری هێنایەوە کە گۆڕان هەیە، لەکۆتاییشدا لەگەڵ پارتی دەبێ بگەڕێنەوە بۆ گفتوگۆ و دۆزینەوەی چارەسەر. بە گەشبینیشەوە گوتی چارەسەر هەیە. بەڵام ئەوەی میدیای پارتی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شۆپاندبێت و کاردانەوەی لایەنگرانی ئەو حیزبەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دیتبێت، هەست دەکات مەیلێکی بەهێز هەیە بۆئەوەی قەدەغەکردنی گۆڕان لە کارتێکی گوشاری میدیاییەوە بگۆڕێت بۆ کردەوە. لەڕاستیشدا ئەو پارتییانەی وا بیردەکەنەوە، وەکو ئەو داربڕەن کە بە مشار خەریکی بڕینەوەی لقی دارەکەی ژێر خۆیانن.

بزووتنەوەی گۆڕان حیزبێکی مۆڵەتپێدراوە لە هەرێمی کوردستان. لە دوایین هەڵبژاردنیشدا بە دەنگی خەڵک بووە یەکێک لە مەزنترین حیزبەکانی کوردستان. نیو ملیۆن دەنگدەر بە ڕەزای خۆیان و بەبێ گوشار و چاوسوورکردنەوە گۆڕانیان کردووەتە نوێنەری دنیابینییان بۆ حوکمڕانی. من جاری دیکەش ڕەخنەم لە ئەدای گۆڕان و بەرنامەی ئەو حیزبە گرتووە. ئەوەشم گوتووە کە یەکێک لە هۆکارەکانی کۆچکردنی ئەمدواییەی گەنجان بۆ هەندەران ئەوەبوو لە گۆڕانیش نائومێد بوون، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ئەگەر ئەدای گۆڕان خراپ بووبێت، پێویستە دەنگدەران سزای بدەن نەک لایەنگر و سەرکردەکانی حیزبێکی دیکە.

بڵاوکردنەوەی تۆماری دەنگیی کاک نەوشیروان لەلایەن میدیای پارتییەوە کارێکی هەڵە بوو. چونکە، یەکەم: سووکە شارەزاییەک لە تەکنیکی مۆنتاژکردنی دەنگ فێرمان دەکات کە دەکرێ قسەکانی هەر کەسێک وەک گۆڕینی ڕستەیەکی نووسین بگۆڕدرێن و پێش و پاش بکرێن. دووەمیش: بڵاوکردنەوەی ئەو تۆمارە دەنگییانە هیچ سوودێکی بە سەقامگیرترکردنی کوردستان نەگەیاند. بەپێچەوانەوە، وەک پەندە ئینگلیزییەکە دەڵێت: "سەگە خەوتووەکانی بێدارکردەوە". مانای ئەو پەندە ئەوەیە کە دەکرێ هەندێکجار ئەوەی دەیڵێین وابکات ئەوانەی خۆشیانناوێین بیرۆکەی زیانپێگەیاندنمانیان بۆ پەیدابێت. گەرەنتی چییە سبەی ناحەزانی کوردستان بۆ ئاڵۆزترکردنی نێوانی حیزبەکان و بۆ ناسەقامگیرکردنی کوردستان پەنا بۆ تەقە لە کۆنسوڵخانەکان و ڕفاندنی ئەندازیارانی کۆمپانیا بیانییەکان نابەن؟ ئەوکات گوێت لێبێ و ببینە چۆن گۆڕانخواز و پارتییەکان شیر و تیر لەیەکدی دەسوون! کێش پێدەکەنێ؟ ئەوەی دەیەویست بە خەڵکی کوردستان پێبکەنێت.

دەکرێ لایەنگران و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەستیان لە پشێوییەکانی ئەمدواییەی ناوچەی سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجەدا هەبووبێت، بەڵام ئەمە دەبێ کەیس بە کەیس و دۆز بە دۆز لە دادگا یەکلایی بکرێنەوە و نابێ تۆڵەی سیاسی لە حیزبەکەیان بکرێتەوە. چونکە ئەگەر بڕیار بێت لەسەر ناسەقامگیرکردنی کوردستان حیزبەکان سزابدرێن، دەبێ یەکێتی و پارتیش سزا بدرێن کە ساڵەها شەڕی براکوژییان کرد و کوردستانیان ناسەقامگیر و وێران کرد. بۆیە لە دەستپێکدا گوتم ئەو پارتییانەی بڕوایان بە قەدەغەکردنی گۆڕان هەیە وەکو داربڕەکەن، چونکە ئەگەر بڕیار بێت گۆڕان قەدەغە بکرێت، دەبێ چاوەڕوانی کاردانەوەی نیو ملیۆن دەنگدەری ئەو بزووتنەوەیەش بین. ئەگەر پێنج لەسەدی ئەو نیو ملیۆن کەسە بیانەوێ، دەتوانن کوردستان ناسەقامگیر بکەن. بەهەمانشێوە دەنگدەرانی پارتی و یەکێتیش دەتوانن هەمان کار بکەن. کەواتە هەموویان لەسەر هەمان لقی دار دانیشتوون و لەجیاتی هاندانی سەرکردەکانیان بۆ لێکدی گرژبوونی زیاتر، دەبێ هانیان بدەن پێکەوە دانیشنەوە. چونکە وەک نێچیرڤان بارزانی گوتی ئەو حیزبانە هەن و لەکۆتاییدا هەر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ گفتوگۆ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## سامان حەز دەكات كچێكی باڵابەرز كەشوهەوا پێشكەش بكات

« 11

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی رووداو

**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی

**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەكی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەكات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پاركی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناكی

Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net

